ئەم راپۆرتە یان ئەم بەدواداچوونە لەسەر چەمکی فیدرالیزم و دانانی ئەم چەمکە بە دەروازەیەکی ستراتیژی بۆ کۆتایهێنان بە سەنترالیزم بۆ شێوازی حوکمڕانی لەعێراقدا و لە ریشە هەڵکێشانی ئەو چەمکە کە هەتا ئێستاش لە ناخی بەشێکی زۆری سیاسیەکانی عێراقدا ماوەتەوە، بەجۆرێك ئەوانەی دوێنێ قوربانی دەستی سەنترالیزم بوون ئەمرۆ خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەنەوە، بەو ئامانجە نییە کە ئێمە دەمانەوێت پشتگیری هەرێمی فیدرالی بەسرا دەکەین یان لەدژی رادەوەستین، نەخێر ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان پشتگیری لەو مافە دەستورییە دەکەین کە عێراقی وەك دەوڵەتێکی فیدرالی پێناسە کردووە و دەبێت ئەو پێناسە دەستورییە لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی چیدیکە هیچ کەسێکی دیکە با سەرۆك وەزیرانی عێراقیش باسی مەرکەزیەت نەکات، یان شەرم بکات لەوەی مەسەلەی گەڕانەوە بۆ حوکمی مەرکەزی و سەنترالیزم بخاتە بەردەمی عێراقییەکان، ئەوجا مەسەلەی ئەوەی گەلی عەرەبی برا لە ناوەڕاست یان باشوور، شیعە بن یان سوننە چۆن ئەم مافەی خۆیان پیادەدەکەن و چۆن هەرێمەکانی خۆیان دروست دەکەن، ئەوە مەسەلەیەکە تایبەت بە خۆیان و ئێمەش رێز لەو ئیمزایانە دەگرین کە بۆ ئەو مەبەستە کۆدەکرێنەوە و هەروەها رێز لەو دەنگانەش دەگرین کە لەپرۆسەی ریفراندۆم بۆ پێکهێنانی هەرێمەکان دەدرێن، ئەوجا تەنها پارێزگایەك وەك بەسرا یان چەند پارێزگایەك وەك بەسرا و میسان و زیقار، یان وەك داواکەی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لەعێراقدا کە بانگێشە بۆ هەرێمی باشووری بەغدا دەکات و ٩ پارێزگا لە خۆی دەگرێت، ئەوە تایبەتمەندی خۆیانە و خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن، بەڵام ئەوەی خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقە ئەوەیە هەموو پێکەوە بەگژ ئەو چەمکی سەنترالیزمە ببینەوە، کە هەتا ساڵی ٢٠٠٣ پارێزگاکانی باشوور و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە کەرکوکیشەوە بە پارێزگا رەشەکان وەسف دەکرد و ئەو پارێزگایانەشی بۆ حوکمڕانی رژێمی بەعسی سەنترالی و دیکتاتۆر وەفادار بوون بە پارێزگا سپیەکان وەسفدەکرد .



لێـــرەوە ئەگەر زیاتـــر ئامانجی ئـــەم بەدواداچوونە بخەینەروو دەڵێین:

١- کۆکردنەوەی ئیمزاکانی دانیشـــتوانی بەسرا بۆ پێکهێنانی هەرێمێکـــی فیدرالـــی، کۆکردنەوەی ئیمزایـــە دژی حوکمی مەرکەزیەت، بۆ ئێســـتاش بانگێشـــەیە دژی ئەو ئاراستەیەی حکومەتی عێراق کە داوای گەڕانەوە بۆ مەرکەزیەت دەکات.

٢- وەڵامدانەوەیە بۆ ئەو دەنگە ناشـــازانەی کە فیدرالیەت بە هۆکارێك بۆ جیابوونەوە و دابەشکردنی عێراق لەقەڵەم دەدەن.

٣- داواکاری خەڵکی بەسرا بۆ فیدرالیزم ئەو وەهمە دەڕوێنێتەوە کە لای هەندێك عەرەبی عێراق دروست بووە، بەوەی فیدرالیەت داواکاریەکی کـــوردە، لە کاتێکدا فیدرالیەت یەکێکە لەو ڕێگە چارانەی کە کێشـــەی وڵاتێکی فرە نەتـــەوەو فرە ئاینی وەك عێراق چارەسەر دەکات .

٤- ئەم داواکاریەی بەسرا بۆ پێکهێنانی هەرێمێکی فیدرالی، ئاراستەی وتوێژەکان سەبارەت بە حوکمڕانی ئایندە لە باشوور بە تەواوی دەگۆڕێت بۆ وتوێژ کردن لەسەر چۆنییەتی ڕێکخستنی پارێزگاکانی باشوور لە چوارچێوەی هەرێمەکاندا، بە تایبەتی کە لەم بوارەدا چەندین بۆچوون و شێوازی جۆراو جۆر خراونەتە روو بۆ پێکهێنانی ئەو هەرێمانە لەوانە :

أ- د.موەفەق ئەلروبەیعی ســـەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشـــی نیشتمانی عێراق پێشـــنیاری ٥ هەرێمی کردووە واتە هەرێمی کوردســـتان و چوار هەرێمی دیکە لە باشـــوور و ناوەڕاســـتی عێراق.

ب- د.غەســـان عەتیە پێشـــنیاری ٩ هەرێمی کـــردووە، واتە هەرێمی کوردستان لەگەل پێکهێنانی هەشت هەرێمی دیکە لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق .

ت- بیرۆکەی ٣ هەرێمی فیدرالی، واتە هەرێمی کوردســـتان لەگەل هەرێمێکی عەرەبی ســـوننە لە ناوەڕاست و هەرێمێکی عەرەبی شـــیعە لە باشوور و پاراســـتنی تایبەتمەندی بەغدا وەك پایتەختـــی حکومەتـــی فیدرالی عێـــراق و هەروەها لە بەرچاوگرتنی تێکەڵی شـــاری بەغدا کە گەورەترین شـــاری شیعە و سوننە و کوردیشە.



**فیدرالیزم بۆ عێراق و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی چەمکێکی تازەیە، لەوانەیە هەندێک نموونە هەبن لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا وەک نموونە بۆ سیستەمی فیدرالی ئاماژەیان پێبکرێت وەک ئیماراتی عەرەبی و پاکستان، بەڵام لە هیچ کام لەو وڵاتانە فیدرالیزم بۆ رێکخستنی ژیانی دیموکراسی کۆمەڵگە و چارەسەری کێشە ئەتنیەکان نەبووە**

**ناساندنی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بە داگیرکاری، ئەمە زەمینەیەکی لەباری بۆ کۆنە بەعسیەکان و سەدامیەکان و سەلەفیەکان هێنایە پێشەوە کە ببنە هاوپەیمانی تیرۆریستان**




## فیدرالیزم وەک هەنگاوێک بۆ راستکردنەوەی هەڵەی سیستەمە سیاسییەکان

سیستەمە سیاسییەکان بە شێوەیەکی تەدریجی هەنگاویان بەرەو پێشەوە هەڵگرتووە و پێداویستییەکانی ژیانی خەڵك هۆکاری گۆڕانکاری بوون لەو کەموکورتیانەی کە لە سیستەمە سیاسییەکەدا دەرکەوتوون، هەر بۆنموونە لەدوای کۆتایی هاتنی چەرخی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا و دەسپێکی چەرخی هەستانەوە ( رێنیسانس) بیروبۆچوونەکان بەشێوەیەکی گشتی لە پێناوی کۆتایهاتن بووە بەو شێوازی حوکمرانییەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاست پیادەکراوە، بەڵام راستەخۆ ئەو گۆڕانکارییە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ئەمڕۆ دەیبینین، بەڵام هەنگاوی گرنگ لە چەرخی رێنیساس جیاکردنەوەی ئایین و دەسەڵات و کۆتایهێنان بووە بە دەسەڵاتی کەنیسە .

بێگومان بۆ ئەمڕۆی عێراقیش راستە بیرو بۆچوونەکان سەبارەت بە ئایندەی حوکمرانی لە عێراقدا جیاوازن، بەڵام ئەوەی جێگای خۆشحاڵیە ئەوەیە کە زۆربەی بیرو بۆچوونەکان بە ( کورد و شیعە و سوننەوە ) لەو خاڵەدا یەکدەگرنەوە کە سیستەمی حوکمرانی مەرکەزیەت کۆتایی پێبێت و سیستەمێکی نوێ پێکبهێنرێت کە تیایدا بە شێوەیەکی عادیلانە دەسەڵات و سامانی وڵات بەسەر پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا دابەشبکرێت .

خاڵی هاوبەش لە نێوان عێراق و ئەورووپای چەرخی رێنیساس ئەوەیە، لە ئەوروپا زۆربەی زۆری هاوڵاتیانی سەرجەم وڵاتە جیاوازەکان لەسەر ئەوە کۆك بوون . کە پێویستە کۆتایی بە دەسەڵاتی سەرکوتکاری کەنیسە بهێنرێت و ئایین وەك هۆکارێك بۆ حوکمرانی لەدەسەڵات جیابکرێتەوە.بێگومان کە باس لە مەترسییەکانی دەسەڵاتی کەنیسەی سەدەکانی ناوەڕاست دەکەین،مەبەستمان لە بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتەیە وەك دەسەڵاتێکی مەرکەزی سەرکوتکار، کەواتە ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە بیروبۆچوونە جیاوازەکان بۆ گۆڕینی ئەو دەسەڵاتە و هێنانە ئارای دەسەڵاتێکی دیکە شرۆڤە بکەین و لایەنە سلبی و ئیجابیەکانی دەستنیشان بکەین، لەبەرئەوەی هەتا ئێستاش ئەو بیروبۆچوونانەی سەردەمی رێنیساس جێگەی مشتومڕن و تەفسیری زیاتری بۆ دەکرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە هەموو ئەو مشتومڕانەی لە مبارەوە دەکرێن بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتە لە دەستی حکومەت و دابەشکردنەوەیەتی بەسەر یەکە بچووکەکانی ناو سیستەمی حکومڕانیدا .

هەنگاوی یەکەمی گۆڕانکاری لە دوای سەدەکانی ناوەڕاست بەمەدەنی کردنی دەسەڵات بووە، واتە لێسەندنەوەی دەسەڵات بووە لە پیاوانی ئایینی، بەڵام ئەم دەسەڵاتە مەدەنیەش پێوستە دەسەڵاتێك بێت، لەسەر بنەمای گرێبەستی کۆمەڵایەتی و دەنگدان دابمەزرێت .، بەڵام دیسان کەموکورتی نێو ئەم سیستەمە سیاسیە و پێداویستی رۆژانەی ژیانی خەڵك فەرزی کرد بەوەی پێویستە دەسەڵات دابەشبکرێت بۆ دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بێگومان ئەم دابەشکردنی دەسەڵاتە بووە یەکێك لە کۆڵەگەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ، بەڵام دیسان ئەمەش نەیتوانی هەموو کەموکورتیەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ و رێکخستنی ژیانی دیموکراتی پڕبکاتەوە، بۆیە بیر لەوە کرایەوە جارێکی دیکە دەسەڵاتەکان بەسەر یەکەی بچوکتردا دابەش بکرێتەوە و یەکە بچووکەکان بە شێوازی کانتۆن یان هەرێم، یان پارێزگا، یان شارەوانی، دەسەڵاتیان پێبدرێت و شێوازی دی سەنترالیزم (کە ئێمە پێی دەڵێن لامەرکەزی، کە لەبنەڕەتدا پەیوەندی لەگەڵ ناوەند هەردەمێنێت بەڵام ناوەند کاروباری ئەو ناوچەیە بەرێوەنابات) پیادە بکرێت، ئەم شێوازە مەرج نییە تەنها لە وڵاتێکدا پیادە بکرێت کە فرە نەتەوەو فرە ئایین بێت، بەڵکو پیادەکردنی ئەم سیستەمە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بۆ رێکخستنی ژیانی دیموکراتی و کەمکردنەوەی پاوانکردنی دەسەڵات بووە لە ناوەند، بەڵام بۆ وڵاتانی فرە نەتەوە و فرە ئایین ئەم شێوازە هۆکارێکە بۆ چارەسەری کێشە ئەتنی و نەتەوەییەکان و هەنگاوێکە بۆ راستکردنەوەی ئەو سیستەمە هەڵەیەی کە بەبێ گوێدانە خواستی پێکهاتە جیاوازەکان کۆمەڵێك نەتەوەو ئایینی جیاوازی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا کۆکردۆتەوە.چارەسەرکردنی ئەم کێشانەشی بەجۆرێك رێکخستووە کە ئەو نەتەوە جیاوازانە لەبری ئەوەی لە دژی یەکتری شەڕ بکەن و خوێن برێژن، لە نێوخۆیاندا یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە پێکبهێن و لە نێو خۆیاندا هەرلایەك حوکمرانی خۆی بکات و بەرژەوەندی هاوبەشیش لە چوارچێوەی یەك وڵاتدا کۆیان بکاتەوە .

لێرەوە کە باسی سیستەمی فیدرالی بۆ عێراقی نوێ دەکرێت، لەبەر دووخاڵی گرنگ ئەم چەمکە تازەیە ڕووبەڕووی ئیشکالیات دەبێتەوە:

١- فیدرالیزم بۆ عێراق و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی چەمکێکی تازەیە، لەوانەیە هەندێك نموونە هەبن لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا وەك نموونە بۆ سیستەمی فیدرالی ئاماژەیان پێبکرێت وەك ئیماراتی عەرەبی و پاکستان، بەڵام لە هیچ کام لەو وڵاتانە فیدرالیزم بۆ رێکخستنی ژیانی دیموکراسی کۆمەڵگە

و چارەسەری کێشە ئەتنیەکان نەبووە، لە عێراقی دوای رژێمی سەدام حوسێن مەسەلەی فیدرالیزم بۆ هەردوو مەبەست هاتە ناو وتوێژەکان و بۆهەمان مەبەستیش لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا چەسپێنران، بۆیە لای عەرەبی عێراق بە سوننە و شیعەوە گۆڕانێکی لە ناکاوبوو .. ئەم گۆڕانە لە ناکاوش کاردانەوەی خراپی بەدوادا هات .

٢- ناساندنی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بە بریاری نەتەوە یەکگرتووەکان بە داگیرکاری، ئەمە زەمینەیەکی لەباری بۆ کۆنە بەعسیەکان و سەدامیەکان و سەلەفیەکان هێنایە پێشەوە کە ببنە هاوپەیمانی تیرۆریستان و ئەم چەمکە تازەیەی حکومڕانی وەك دیاری داگیرکاری و لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی یەکپارچەیی عێراق پیشانی رای گشتی عەرەبی عێراق بدەن، لە ناو عەرەبی عێراقیشدا ئەم زەمینەیە لەبار بوو بۆ ئەوەی ئەم چەمکە بەو شێوەیە وەربگرن، ئەمەش دیسان باجێکی دیکە مێژووی دیکتاتۆری و ئەو حزبە سیاسیانەی لەو مێژووەوە لە دایك بوون و عێراقییەکان هەتا ئێستاش ئەو باجە دەدەن .

لەوانەیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان زۆر لەسەر ئەم خاڵە رانەوەستابین، لەبەرئەوەی لە ساڵی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان بریاری فیدرالیەتی پەسەندکردووە و پاشانیش لەسەرجەم کۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکانی ئۆپۆزسیونی عێراق لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات، مەسەلەی فیدرالیزم باسکراوە و تەنانەت لە کۆنگرەی لەندەن لە ساڵی ٢٠٠٢ بریاریش لەسەر ئەوە دراوە کە سیستەمی داهاتووی عێراق سیستەمێکی فیدرالی ئارەزوومەندانە بێت، هەربۆیە دەبینین تەفەهومکردنی فیدرالیزم لە هەرێمی کوردستان ئاسانترە،لەبەر ئەم هۆکارانە :

١-گۆڕانکاریەکانی کوردستان تەدریجی و هەنگاو بە هەنگاو بووە، هەر بۆنموونە لە ساڵی ٢٠٠٣ کە رژێمی سەدام حوسێن رووخێنرا، ماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵ بوو مەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان ناوەند و هەرێمی کوردستاندا باسی لێوە دەکرا، دەکرێت یەکەم وتوێژی شۆرشی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ پیادەکردنی سیستەمی دی سەنترالیزم ( لامەرکەزیەت ) لە کوردستان بە سەرەتایەکی فیعلی مومارەسەی گەلی کوردستان بۆ داواکردنی دابەشکردنی دەسەڵات لە عێراقدا دابنێین، راستە پێشتریش ئەم داوایە داوای گەلی کوردستانی عێراق بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٤ دوە بەفەرمی حکومەتە یەك لەدوایەکانی عێراق ئامادەبوون لەسەر ئەم بنەمایە وتوێژ بکەن، هەر ئەم بنەمایە لە رێککەوتنی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ گۆڕا بۆ ئۆتۆنۆمی، پاش سەرنەگرتنی رێککەوتنی ئادار و دەسپێکردنەوەی شەر هەر لە ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ لیژنەیەکی بۆ گەڵاڵە کردنی پرۆژەی فیدرالی دامەزراند و یەکێك لە ئەندامە بەرێزەکانی ئەو لیژنەیە کە ئێستا لە ژیاندا ماوە و ئێمە ئۆمێدی تەمەن درێژی بۆ دەخوازین بەرێز د.شەفیق قەزازە .

کەواتە ئەم مێژووە پێمان دەڵێت ئەزموونی گەلی کوردستان بۆ تەفەهومی فیدرالی یان ئۆتۆنۆمی یان لامەرکەزیەت، کە هەرسێکیان بە مانای دابەشکردنی دەسەڵات و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەند دێن ( بەڵام بە شێوازی جیا) پیش نزیکەی




نیو سەدە لە کوردستان خەباتی بۆ کراوە و هەوڵدراوە بە فیعلی مومارەسە بکرێت، هەربۆیە داواکاری فیدرالی بۆ رای گشتی کوردستان داوایەکی لە ناکاو و کتوپر نەبووە، هەتا کاردانەوەی خراپی لێبکەوێتەوە.

٢-پارتە سیاسیەکانی کوردستان بە گشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان کە بەتایبەتمەندی سەرۆکایەتی جەنابی مەلا مستەفا بارزانی دەناسرێتەوە، پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش جەنابی بارزانی نەمر پەیامی پێکەوەژیانی ئارەزومەندانەی بە نەتەوەی عەرەب راگەیاندووە و لە ساڵی ١٩٤٣ بارزانی نەمر ئەم پەیامەی بۆ عەبدولرەحمان عەزام پاشای ئەمینداری کۆمکاری عەرەبی ناردووە، کە پێویستە کێشەی کورد بە ئاشتیانەو لە چوارچێوەی پێکەوەژیانی ئارەزومەندانەی کورد و عەرەب چارەسەربکرێت، هەروەها لە رەشنوسی رێککەوتنی نێوان شۆرشی دووەمی بارزان و حکومەتی پادشایەتی عێراق ( دەقی ئەم رێککەوتنە لە کتێبی بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کە لەلایەن بەرێز مسعود بارزانی نوسراوە تۆمارکراوە ) رێککەوتنە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و بەرێوەبردنی کوردستان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە .هەربۆیە پاش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکایەتیکردنی لەلایەن جەنابی بارزانی نەمرەوە، ئەم چەمکە رۆژ لە دوای رۆژ لە ناو خەڵکی کوردستاندا رەگی داکوتا و هەر پارتێکی سیاسی کوردستانیش کە لە دوای ئەو مێژووەوە لە کوردستان دروست بووە، نەك هەر خەباتی لە پێناوی ئەو چەمکە بووە کە بارزانی مستەفا بۆ یەکەم جار لە کوردستان هێنایە ئاراوە و کردیە بنەمای رێککەوتن و وتوێژ لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوایەکانی عێراقدا، بەڵکو ئەو پارتە سیاسیانە هەندێك جار زیاد لەوەشیان دواکردووە و ئاستی وتوێژ و موناقەشەی ناو خەڵکی کوردستانیان گۆڕیوە بۆ سەروو دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و پیادەکردنی سیستەمی فیدرالی لە

**دەکرێت یەکەم وتوێژی شۆرشی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ پیادەکردنی سیستەمی دی سەنترالیزم ( لامەرکەزیەت ) لە کوردستان بە سەرەتایەکی فیعلی مومارەسەی گەلی کوردستان بۆ داواکردنی دابەشکردنی دەسەڵات لە عێراقدا دابنێین، راستە پێشتریش ئەم داوایە داوای گەلی کوردستانی عێراق بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٤ دوە بەفەرمی حکومەتە یەک لەدوایەکانی عێراق ئامادەبوون لەسەر ئەم بنەمایە وتوێژ بکەن**

**ئەم مێژووە پێمان دەڵێت ئەزموونی گەلی کوردستان بۆ تەفەهومی فیدرالی یان ئۆتۆنۆمی یان لامەرکەزیەت، کە هەرسێکیان بە مانای دابەشکردنی دەسەڵات و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەند دێن ( بەڵام بە شێوازی جیا**

**له ساڵی ١٩٤٣ جەنابی بارزانی نەمر ئەم پەیامەی بۆ عەبدولڕەحمان عەزام پاشای ئەمینداری کۆمکاری عەرەبی ناردووە، کە پێویستە کێشەی کورد بە ئاشتیانەو لە چوارچێوەی پێکەوەژیانی ئارەزومەندانەی کورد و عەرەب چارەسەربکرێت**

**پەسەندکردنی بڕیاری فیدرالی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، چەندین لایەنی سیاسی عێراق لەپێش هەموویانەوە حزبی شیوعی عێراق و دواتریش کۆنگرەی نیشتمانی عێراق ( ئەحمەد چەلەبی ) ودوای ئەویش بزوتنەوەی ویفاق ( د.ئەیاد عەلاوی ) لەگەڵ فیدرالیەت بوون بۆ هەرێمی کوردستان و لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵات بوون لە عێراقی ئایندەدا، بەڵام هەر بەتەحفوزەوە ( بێجگە لە حیزبی شیوعی عێراق ) مامەڵەیان لەگەڵ بڕیارەکەی پەرلەمانی کوردستان کردووە**

عێراقدا .

ئەگەر لەم واقیعەی کوردستانەوە سەیری خەباتی پارتە سیاسیە ئۆپۆزسیونەکانی عەرەبی عێراق بە گشتی و پارتە ئۆپۆزسیونەکانی عەرەبی شیعە بکەین، دەبینین هەتا ساڵی ٢٠٠٣ وتەنانەت هەتا دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێنیش تەنها یەك خولەکیش خەباتیان بۆ فیدرالیزم و دابەشکردنی دەسەڵات لە عێراقدا نەکردووە،بێگومان بۆ ئەوەی خوێنەر ئەم وشانە بەپێشلکردنی خەباتی پارتە ئۆپۆزسیونەکانی عەرەبی عێراقمان لە قەڵەم نەدا ئەوە بە چەند خاڵێك ئەو وشانە رووندەکەینەوە :

أ-ئێمە دەزانین لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو و دوای پەسەندکردنی بڕیاری فیدرالی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، چەندین لایەنی سیاسی عێراق لەپێش هەموویانەوە حزبی شیوعی عێراق و دواتریش کۆنگرەی نیشتمانی عێراق ( ئەحمەد چەلەبی ) ودوای ئەویش بزوتنەوەی ویفاق ( د.ئەیاد عەلاوی ) لەگەڵ فیدرالیەت بوون بۆ هەرێمی کوردستان و لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵات بوون لە عێراقی ئایندەدا، بەڵام هەر بەتەحفوزەوە ( بێجگە لە حیزبی شیوعی عێراق ) مامەڵەیان لەگەڵ بڕیارەکەی پەرلەمانی کوردستان کردووە و بە ناچاری لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیون چ لە کۆنگرەی سەلاحەددین چ لەکۆنگرەکانی دەرەوەی وڵاتیش پێی رازیبوون.. هەروەها رازیبونی ئەم لایەنانەش بە فیدرالیزم لەگەڵ ئەوەی رازیبونەکەشیان لە چوارچێوەی کۆنگرەکان دەرنەچووە، بەڵام وەك ئاکامی چەندین هەڵبژاردن لە عێراقدا دەریخست، ئەم لایەنانە لە ناو عەرەبی عێراقدا کەمینەن و ناتوانن بە دەنگی بەرز داکۆکی لە بیروبۆچوونی خۆیان بکەن، هەروەك چۆن ئێستا دەبینن دوای نزیکەی ٦ ساڵ بەسەر رووخانی رژێمی سەدام حوسێن بەشێکیان بەرگری لە مەرکەزیەت دەکەن و داوای گەڕانەوە بۆ مەرکەزیەت دەکەن .

ب- سەبارەت بە ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق (کە ئێستا بۆتە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق) کە گەورەترین و کاریگەرترین پارتی سیاسی عێراقیە و ئێستا بانگێشە بۆ هەرێمی فیدرالی باشووری بەغدا دەکات، د.مونزر فەزل لە وتارێکیدا کەلە ٢٠٠٦ /٩/٢٥ بە ناونیشانی (مع الأستاذ الدكتور كاظم حبيب في حواره حول فيدرالية الوسط والجنوب -حوار هادئ في قضية ساخنة) وەڵامی د.کازم حەبیبی داوەتەوە و لە پەرەگرافێکدا سەبارەت بە تەفەهومی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق نووسیویەتی: (**أود أن اذكركم بانني وكما أوضحت أعلاه قد سبقت السيد الحكيم في طرح فكرتي لفيدرالية الوسط والجنوب وذلك في عمان عام ١٩٩٥، وفي عام ٢٠٠٢ في مشروعي للدستور، وتكلمت عنها مرات متعددة قبل سقوط النظام، بينما كان السيد الحكيم من معارضي فكرة الفيدرالية اصلا، غير ان تحوله نحو الفيدرالية ودعمه اللامحدود لها جاء بعدما رأي المزايا الكثيرة التي تحققها الفيدرالية في كوردستان ونجاحها هناك وامكانية تطبيقها في الوسط والجنوب**) سەرنج بدەن د.فەزل راشکاوانە نوسیویەتی کە تا ساڵی ٢٠٠٢ ش بەڕێز عەبدولعەزیز حەکیم یەکێك بووە لەوانەی کە فیدالیزمی بەتەواوەتی رەتکردۆتەوە، بەڵام پاش ئەوەی سەرکەوتنی ئەزموونی فیدرالی لە هەرێمی کوردستان بینیوە ئەوجا هاتۆتە قەناعەت کە دەشێت ئەم سیتەمە بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراق سەرکەوتوو بێت، لێرەدا دەکرێت ئەمە بە تەفەهومی مەرجەعیەتی شیعەلە عێراقیشدا بزانین لەبەرئەوەی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی دەربڕی بۆچوونەکانی مەرجەعیەتە،.

کەواتە ئەم واقیعە پێمان دەڵێت لە عێراقدا خەبات بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی لەمەرکەزیەتەوە بۆ فیدرالیەت نەکراوە، راستە یاسای پێکهێنانی هەرێمەکان لە پەرلەمانی عێراق پەسەندکرا بەو مەرجەی بۆ ماوەی ١٨ مانگ رابگیرێت و کاری پێنەکرێت، ئەمەش بە بیانووی ئەوەی هەتا ئامادەباشیەك دروست دەبێت بۆ تەفەهومی فیدرالیزم، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە دوای تێپەربوونی نزیکەی ٢٦ مانگ بەسەر پەسەندکردنی یاسای پێکهێنانی هەرێمەکان و تێپەڕبوونی نزیکەی ٨ مانگ بەسەر ئەو ماوەی ١٨ مانگەی کە بۆ ئامادەسازی دانرابوو، چی کراوە ؟ئایا بێجگە لە هەرێمی کوردستان کە توانیویەتی چەند کۆڕو کۆنگرەیەك بۆ ئەم مەبەستە رێکبخات، ئایا لە باشوور و ناوەڕاست کار بۆ ئەم مەسەلەیە کراوە، بە پێچەوانەوە کار بۆ ئەوە کراوە کە ئەسڵەن فیدرالیزم هەر نەمێنێت و بگەڕێینەوە بۆ مەرکەزیەت و پاوانکردنی دەسەڵات لە دەستی تەنها حزبێك وتەنها کەسێکدا، هەموو ئاگادارین کە چۆن تەنها هەفتەیەك پێش ئێستا د.مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بە ئاشکرا بانگێشەی بۆ گەڕانەوە بۆ مەرکەزیەت دەکرد

## پێکهێنانی هەرێمی بەسرا
## وەرچەرخانێک بە ئاراستەی بیرکردنەوە لە فیدرالیزم

دیسان بە پێویستی دەزانین ئەو خاڵە روونبکەینەوە، بەدواداچوونمان لەسەر پێکهێنانی هەرێمی بەسرا بەو مانایە نییە، کە ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان پشتگیری لە هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ بەسرا دەکەین و دژی پرۆژەی پێکهێنانی هەرێمی باشووری بەغداین یان پرۆژەی پێکهێنانی هەریمی باشوورین کە پێکدێت لە بەسرا و میسان و زیقار، ئەم هەرێمانە هەرچۆنێك پێکبهێنرێن تەنها لەیەك رووەوە لە هەرێمی کوردستان دەچن، کە ئەویش پێکهێنانی هەرێمەکەیە لەسەر شێوازی پێکهاتەی ئیداری حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، هەروەها هەرێمەکانی باشوور بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی و مەزهەبی نییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەرێمی باشووری بەغداش دروست بێت کە ٩ پارێزگای باشوور لە خۆی دەگرێت، عەرەبی شیعە واز لە حوکمڕانی سەرانسەری عێراق ناهێنێت، هەرێمەکەش دروست نەبێت، عەرەبی شیعە هەرەشەی مەزهەبی پێشانی لەسەر نەماوە و ئێستا عەرەبی شیعە حوکمڕانی عێراق دەکات، هەربۆیە پێکهێنانی هەرێمەکانی باشوور بە هەرێمی بەسراشەوە ئەگەر سەربگرێت، تەنها بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئیدارییە و، تەنانەت لەوانەیە شیعەو سوننەش زۆر ئاستەنگ دروست نەکات، بەڵام مەسەلەی فیدرالیەتی هەرێمی کوردستان نەك هەر لە دەستوری عێراقدا وەك میکانزمێك بۆ چارەسەری عادلانەی کێشەی گەلی کوردستان لە عێراقدا چەسپیوە، پێشتریش لە کۆبونەوەکانی ئۆپۆزسیونی عێراقدا لایەنە سەرەکییەکان بەوە رازیبوون کە هەرێمی کوردستان بە تەنها هەرێمێك بێت، هەروەها

لەسەرجەم ئەو پرۆژانەشــی بۆ پێکهێنانی هەرێمەکان لە عێراقدا خراوتەتە روو، بەوانەشــی لەلایەن خودی عێراقییەکانەوە پێشنیار کراون،هەرێمی کوردستان لەســەر بنەمای جوگرافی و مێژووی هەرێمێکــی تایبەت بووە، جا پێشــنارەکە ئەگــەر بۆ ٣ هەرێم بووبێت، هەرێمی کوردســتان لەگــەڵ دوو هەرێمی دیکە بووە، ئەگەر پرۆژەکە بۆ ٥ هەرێم بووبێت هەرێمی کوردســتان لەگەڵ ٤ هەرێمی دیکە بووە، تەنانەت ئەگەر فیدرالیەت لەسەرئاســتی پارێزگاکانی عێراقیش بێت، ئەوا هەرێمی کوردســتان بە هەر ٤ پارێزگا سەرەکیەکەی ( کەرکوك .ســلێمانی،هەولێر .دهۆك + ئەو ناوچە دابڕاوانەی لەهەر ســێ پارێــزگای نەینەوا و دیالە و ســەلاحەددین دەگەرێنەوە سەرهەرێمی کوردستان ) هەرێمێکی سەربەخۆ دەبێت، با لەباشــوور و ناوەڕاستیش هەرێمەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش بێت،ئەمە خاڵیکی زۆر گرنگە کە پێویستە خوێنەرانی گوڵان پێی هۆشــیاربن، کە پێکهێنانی هەرێمەکانی باشوور و ناوەڕاســت هەر چۆنێك بن کاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستان نابێت و لە ئەنجوومەنی هەرێمەکانی عێراقیشدا ئەگەر پێکبهێرێــت نوێنەرایەتی هەرێمی کوردســتان بە قەوارەی خۆی دەبێت و لە زۆر مەســەلەی گرنگیشــدا مافی ڤیتۆی دەبێت، هەروەك چۆن ئێستاش لە زۆر مەسەلەدا ئەو مافەی هەیە، کەواتە پشتگیری ئێمە بۆ پێکهێنانی هەرێمەکان لە عێراقدا لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:


پەرلەمانتار وائیل عەبدوللەتیف

١-لە دەستوری عێراقدا، عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدرالی و فرەیی و پەرلەمانی پێناســە کراوە، راستە هەرێمێك لە کوردستان هەیە بە ناوی هەرێمی کوردســتان و مەرجی مانەوەی ئەم هەرێمەش لەگەڵ عێراقدا جێبەجێکردنی ئەو دەستوریە، بەڵام دەستپێکردن بــە پێکهێنانی هەرێمی فیدرالی دیکە با وەك بەســرا لەســەر ئاســتی ئەو پارێزگاش بێت، واتە بەهێزبوونی بەرەی فیدرالی و کۆتایهێنان بە ئەقلیەتی مەرکەزیەت .

٢-وتوێــژە سیاســییەکانی عێراق دەکەونە ئاســتێکی دیکە، کــە ئەمــەش هەنگاو بەرەو ئاراســتەیەکی دیکەی سیاســی و هاوپەیمانی سیاســی تازە دێتە ئــاراوە، هەربۆنموونە کاتێك پەرلەمانتار وائیل عەبدوللەتیف دوای ئەوە دەکات کۆمســیۆنی بــاڵای هەڵبژاردنــەکان تەئکید لەو ئیمزایانــە بکاتەوە کە بۆ پێکهێنانی هەرێمی بەســرا کۆکراونەتەوە، پشتگیری خۆی بۆ ئەزموونی فیدرالی هەرێمی کوردستان دەردەبڕێت و داوا دەکات سیستەمی مەرکەزی کۆتایی پێبهێنرێت، ئاماژە بە خراپیەکانی سیســتەمی مەرکەزی دەکات، بەوەی بەسرا لەگەڵ ئەوەی ¾ نەوتی یەدەگی عێراقی تێدایە و دەروازەی سەرەکی بەستنەوەی عێراقە بە دەریاوە، هەتا ئێستا پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی پاکیان نییە، هەتا ئێســتا لە خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان بێبەشن، ئەم هاوارکردنە بۆ رزگاربوون لەسیســتەمی مەرکەزی لەو کاتەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بانگێشــە بۆ گەڕانەوەی مەرکەزیەت دەکات، وەرچەرخانێکــی گەورەیــە لە هاوکێشــەی سیاســی عێراقدا.

٣- بانگێشــە بــۆ فیدرالیــەت و پێکهێنانی هەرێمــەکان لە کۆمەڵگەیەکــی داخراوی وەك کۆمەڵگــەی داخراوی عەرەبی عێراق بە شــیعە و ســوننەوە، هەنگاوێکی گرنگە بۆ هۆشیار بوونەوەی عەرەبی شیعە وسوننە، ئیدی کۆتایی بەو دڕدۆنگیە دێت کە پێشتر سەیری فیدرالیەتی هەرێمی کوردستانیان دەکرد، لەبەرئەوەی هەتا ئێســتاش شەقامی سیاســی عەرەبی شیعە وسوننە بەو ئاراستەیە گۆشکراون کە فیدرالیەت یان هەوڵدان بۆ چەسپاندنی سیســتەمی فیدرالی لە عێراقدا هەوڵیکی کوردیە بۆ لەبەر یەکهەڵوەشاندنی عێراق، بەڵام کاتێك دەبینن بەتەنها ئەم دواکارییە داواکاری کورد نییە و بۆتە بەشێك لە داواکاری بەسرا و میســان وزیقار و نەجەف و کەربەلا، ئەو کۆمەڵگە داخراوەی ئێستا هەیە دەبێتە کۆمەڵگەیەکی کراوە و راستیەکان و ماناکانی چەمکی فیدرالی و سیستەمی فیدرالی تێدەگەن .

٤- لەســەر ئاســتی پارت ولایەنە سیاسیەکانی عێراق چیدیکە چەواشەکاری یان تۆمەتبارکردنی هەرێمی کوردستان بە لادانی لە دەســتور فراوانکردنی دەســەڵاتەکانی، گرنگی نامێنێت و شەقامی سیاسی عێراق گوێی لێ ناگرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو دەســەڵاتەی هەرێمی کوردســتان بە پێی دەستور هەیەتی، هەرێمەکانی دیکەش دەیانبێت، بێگومان ئەم حاڵەتی چەواشەکارییە ئێســتا لە هەموو کاتێك زیاتر لەسەر ئاستی حکومەتی عێراق هەوڵەی بۆ دەدرێت، هــەر چەند رۆژێك لەمەو پێش بوو نوری مالیکــی ســەرۆك وەزیرانی عێراق، هەرێمی کوردســتانی بە کردنەوەی کۆنسولخانەکان لە هەولێر تۆمەتباردەکرد، لە کاتێکدا هەموو ئەو دەوڵەتانەی کونسولخانەیان لەهەولێر کردۆتەوە، باڵیۆز خانەیان لەبەغدا هەیە، تەنانەت پێشتریش کە بەغدا نا ئارام بووە، لە عەممانەوە کاروباری باڵیوزخانەکانیان لە عێراقدا پیادەکردووە، ئێســتا لەبەرئەوەی لە شارەکانی باشــوور ئەو شێوازە نەبووە ( لەگەڵ ئەوەی بێجگە لە هەولێر لە کەرکوك و موسڵ و تەنانەت بەسراش هەندێك کونسولخانە کراونەتەوە) بەڵام کە وەك هەرێمی کوردســتان بوون بە هەرێمێکی سەربەخۆ بێگومان هەر بۆنموونە لە بەســرا چەندین کۆنسولخانەی دیکەی وەك (ئێران و سعودیە و کوەیت، ئەمریکا و بەریتانیاش) دەکرێتەوە، ئەو کاتە تێدەگات کە حکومەتی مەرکەزی بە غدا بۆ چ مەبەستێك رای گشتی چەواشە دەکات.

بێگومان ئەوانەی لەم راپۆرتە بەشداریان کردوین بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم مەسەلە گرنگە راوەستاون کەئەمە بۆچوونەکانیانە:

●●●
**د.فەزل راشکاوانە نوسیویەتی کە تا ساڵی ٢٠٠٢ ش بەرێز عەبدولعەزیز حەکیم یەکێک بووە لەوانەی کە فیدالیزمە بەتەواوەتی رەتکردۆتەوە، بەڵام پاش ئەوەی سەرکەوتنی ئەزموونی فیدرالی لە هەرێمی کوردستان بینیوە ئەوجا هاتۆتە قەناعەتە کە دەشێت ئەم سیتەمە بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراق سەرکەوتوو بێت، لێرەدا دەکرێت ئەمە بە تەفەهومی مەرجعیەتی شیعەلە عێراقیشدا بزانین لەبەرئەوەی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی دەربڕی بۆچوونەکانی مەرجعیەتە**
●●●

●●●
**کار بۆ ئەوە کراوە کە ئەسڵەن فیدرالیزم هەر نەمێنێت و بگەڕێینەوە بۆ مەرکەزیەت و پاوانکردنی دەسەڵات لە دەستی تەنها حزبێک وتەنها کەسێکدا، هەموو ئاگادارین کە چۆن تەنها هەفتەیەک پێش ئێستا د.مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بە ئاشکرا بانگێشەی بۆ گەڕانەوە بۆ مەرکەزیەت دەکرد**
●●●

پاوڵ دیوار ئەندامی پەرلەمانی کەنەدایە و نوینەری ئۆتاوایە لە ناو پەرلەماندا و یەکێکە لەپسپۆرانی بواری فیدراڵی و لە نزیکەوە ئاگاداری پرۆسەی فیدراڵیکردنی عێراقە و ئەندامی کۆنفراسی فیدراڵیزمی عێراق بووە کە لە هەولێر گرێدراوە .

پاوڵ دیوار لەم دیمانە تایبەتەی گوڵاندا باسی ئەوە دەکات کاتێك لە هەولێر بەشداری کۆنفراسی فیدراڵی کردووە خەڵکانێك کە نوینەرایەتی عەرەبی عێراقییان کردووە لە ناو کۆنفراسەکەدا دژی چەسپاندنی فیدراڵیزم بوون لە عێراقدا، ئەو ئەم حاڵەتە بە جێگەی سەرسوڕمان دەزانێت، بەمجۆرەش بیربۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە پرۆسەی فیدراڵی لە عێراقدا بۆ گوڵان خستە روو:

**پاوڵ دیوار پەرلەمانتاری کەنەدی بۆگوڵان:**

# کاتێک لە کۆنفراسی فیدراڵیزم لە هەولێر گوێبیستی ئەوە دەبووم هەموو عێرقییەکان پشتگیری لە جێبەجێکردنی فیدراڵیزم ناکەن سەرم سورما

**دەبێت بەو کەسانە رابگەیەنین کە دژی فیدراڵیزمن ئایا بەدیلەکە چییە، لەبەر ئەوەی گەڕانەوەی هەموو دەسەڵاتەکان بۆ حکومەتی مەرکەزی دەبێتە هۆی پتر لێکترازان و دابڕای وڵاتەکە و دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی**

*** لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا کە لەسەر میراتی دیکتاتۆری هەنگاو بۆ فیدراڵی هەڵدەگرین، ئایا چۆن دەتوانین ئەو قۆناخە ببرین؟**

- زۆر گرنگە لە دوای دیکتاتۆریەت و حوکمی زۆرینە تێکرای هاوڵاتییان بەشداربن لە پرۆسەی نوێکردنەوەی سیاسی و راووبۆچوونییان لەبەرچاوبگیرێت لە دروستکردنی ئەو بوونیادە حکومیەدا کە کاری پێدەکرێت، زۆرجار لە دوای رووخانی دیکتاتۆرییەتەوە بە رەوتێکی خێرا حکومەتێك پێکدەهینرێت بۆ ئەوەی جێی بگرێتەوە بێ ئەوەی ئەوە تاوتوێ بکرێت کە چ جۆرە بوونیادێکی حکومی جێگیردەکرێت. لەو کۆمەڵگەیانەی خاوەنی ئیتن و جوگرافییای جیاوازن ئەم پرۆسەیە سەردەکێشێت بۆ گرتنەبەری سیستەمێکی فیدراڵی، بەڵام دەبێت ئەو فیدراڵیەتە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی ئەو کۆمەڵگەیەدا بگونجێنرێت.

***بەڵام لە عێراقدا دوای پێنج ساڵ لە رووخانی رژێمی سەددام هێشتا ترس و نیگەرانی هەیە لە ئاست فیدراڵیزمدا، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- کاتێك لە هەولێربووم و بەشداریم لە کۆنفرانسێکدا کرد دەربارەی فیدراڵیزم دووچاری سەرسوڕمان هاتم کاتێك ئەوەم بۆ دەرکەوت کە هەموو لایەك پشتیوانی لە جێگیرکردنی سیستەمی فیدراڵی نەدەکرد، کاتێك پرسیاری ئەوەت لێدەکردن کە ئایا نایانەوێت دەنگە جیاوازەکان و هەرێمە جیاوازەکان نوێنەرایەتیان هەبێت لە حکومەتی ناوەندیدا، بە بەڵێ وەڵامیان دەدایەوە، بەڵام ئەمە تەنیا لە سیستەمی فیدراڵیزمدا دێتەدی، لەبەر ئەوە من پێم وایە دەبێت بەو کەسانە رابگەیەنین کە دژی فیدراڵیزمن ئایا بەدیلەکە چییە، لەبەر ئەوەی گەڕانەوەی هەموو دەسەڵاتەکان بۆ حکومەتی مەرکەزی دەبێتە هۆی پتر لێکترازان و دابڕای وڵاتەکە و دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی. راستە هاوکاری و لێکتێگەیشتن نییە دەربارەی فیدراڵیزم بەڵام من پێم وایە هۆکارێکی دیکە نەبوونی ئیرادەی سیاسییە، من پێم وایە دوای روخانی سەددام هەل و مەرجەکە لەباربوو بۆ داڕشتنی چوارچێوەیەکی دەستووری بۆ ئەوەی تێکرای عێراقییەکان لە هەموو هەرێم و ئاست و چینەکاندا بەشداری بکەن لە پێکهێنانی سیستەمێکی فیدراڵی، بە داخەوە ئەمە رووی نەدا و ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەو گیروگرفتانەی حاڵی حازر عێراق بە دەستیانەوە دەناڵێنێت.

***ئێستا لە عێراقدا تەنیا یەك هەرێمی فیدراڵی هەیە کە هەرێمی کوردستانە، بەڵام بە داخەوە حکومەتی عێراق بە پێچەوانەوە رەفتاردەکات، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی عەرەبی عێراق لە فیدراڵیزم تێناگات؟**

- لە راستیدا بۆ تێنەگەیشتنیان لە سوودەکانی فیدراڵیزم دەگەڕێتەوە، لە وڵاتی کەنەدا کاتێك هەندێ ناوچە لەژێر حکومڕانێتی کۆلۆنیالی بەریتانیادا بوون، هەوڵیاندا

حكومەتێك لە هەرێمەكەی خۆیاندا پێكبهێنن، بەڵام لە هەمان كاتدا یەكگرتووبن و هەمویان بەشداری لە حكومەتێكدا كە حكومەتی فیدراڵی بوو، لە سەرەتادا هەموولایەك هاوڕانەبوون لەگەڵ ئەم هەنگاوەدا ئەمە هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی لە عێراقدا هەیە لە رووی ئەوەوە كە هەموولایەك پشتیوانی لە سیستەمی فیدراڵی ناكەن، ئەگەرچی دوو مێژووی جیاوازیشیان هەیە، دەكرێت لە عێراقدا ئاماژە بە سەركەوتنی هەرێمی كوردستان بكەین كە لە روانگەی منەوە و بە هۆی ئەزموونمەوە كاتێك لە هەولێربووم ئەم هەرێمە نەك هەر حكومەتێكی هەڵسوڕاوی هەیە، بەڵكو چەندین دامودەزگاشی بنیاتناوە، وەك دامەزراوە پەروەردەیەكان كە سەلماندویەتی دەتوانێت لە چوارچێوەی عێراقدا كاروبارەكانی خۆی بەڕێوەببات، بەڵام گرفت و تەنگژەكە لەو كەسانەدایە كە پشتیوانی لە سیستەمی فیدراڵی ناكەن، دەكرێت ئەم پرسیارە لەو كەسانەبكەین كە بۆچی هەرێمی كوردستانی سەركەوتنی بەدەستهێناوە و ئاسایشی دابین كردووە و لە رووی ئابووریەوە سوودی بە دانیشتوانەكەی گەیاندووە، وەڵامەكە ئەوەیە چەند دەسەڵاتێكی دیاری كراو دراوە بە هەرێمی كوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا، كە من پێم وایە دەبێت هەمان دەسەڵات بە هەرێم و ناوچەكانی دیكەش بدرێت و كوردستان ببێتە مودێلێك لەم رووەوە و من دڵنیام كە هەرێمی كوردستانیش ئامادەیە یارمەتی هەرێمەكانی دیكە بدات و سوودیان پێبگەیەنێت بە هۆی ئەزموونەكەیەوە، واتە هەرێمگەلێكی دیكە دروست بێت لە چوراچێوەی عێراقدا چونكە ئەو هەرێمانە پتر لە دانیشتوانەكەیانەوە نزیكن و دەتوانن باشتر لێیات تێبگەن و ئەمەش لە بەرژەوەندی ئایندە و هێنانەدی ئاشتی و ئاسایشدایە لە وڵاتەكەدا، چونكە ئاشتیەكی درێژخایەن لە عێراقدا نایەتەدی ئەگەر تێكڕای هەرێمەكان دەسەڵاتگەلێكی دیاری كراویان نەبێت و هاووڵاتییەكانیان هەست نەكەن كە راوبۆچوونەكانیان لەبەرچاو دەگیرێت و دەنگیان دەبیسترێت.

*** حاڵی حازر پارتە سیاسیەكانی باشوری عێراق هەوڵی پیكهێنانی هەرێمێكی سەربەخۆ دەدەن لە بەسرە، بەڵام پارتە سیاسیە گەورەكانی دژی ئەم هەوڵەن. هۆكاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**


پاوڵ دیوار

- هۆكاری داخوازای ئەو پارێزگایانە بۆ هەرێمی سەربەخۆ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە پێشتر هیچ دەسەڵاتێكی دیاری كراویان پێنەدراوە و هیچ سوودێك لە مانەوە نابینن لە سنووری حكومەتی مەركەزیدا، بۆ نموونە لە كەنەدا هاوبەشیكردن هەیە لە داهاتی سەرچاوەكاندا، هەروەها هەرێمەكان سیستەمی پەروەردە و تەندروستی خۆیان هەیە و لە رووی بازرگانیەوە هاوبەشیكردنی هەیە لەگەڵ حكومەتی مەركەزیدا و ئەمانەش لە دەستووردا رەنگیان داوەتەوە. لە حاڵەتی بەسرەدا خەڵكی پێیان وایە هیچ سوودێك لە مانەوە لە چواچێوەی حكومەتی مەركەزی نابینن، بۆیە داوای هەرێمی سەربەخۆ دەكەن. بەڵام لە كەنەداشدا گرفت و ناكۆكی هەبوو، هەندێكیان ئاشتیانە چارەسەركران و هەندێكیشیان بوونە هۆی سەرهەڵدانی یاخیگەری، بەڵام لە كۆتاییدا هەموولایەك سازشیان بۆ یەكتری كرد. هەرێمی كیبۆبك جیابوونەوەیان هەڵنەبژارد لەبەر ئەوەی زمان و كەلتوریان پارێزراوە لە چوارچێوەی كەنەدادا، هەروەها كۆنترۆڵی سەرچاوەكانی خۆیان كرد و بەرپرسیارێتی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ حكومەتی مەركەزیدا، بەڵام لە عێراقدا ئەم حاڵەتە بە پێچەوانەوەیە بۆیە خەڵكی دوای جیابوونەوە دەكەن. ئەگەر حكومەتی عێراق ئەم حاڵەتە چارەسەرنەكات ئەوا دەنگەكانی جیابوونەوە بەرزتردەبنەوە، دەبێت دەسەڵاتگەلێكی دیاری كراو بە هەرێمەكان بدرێت بۆ ئەوەی هەستبكەن بەشێكن لە وڵاتەكە، بە پێچەوانەوە هیچ سوودێك لە مانەوە لە چوارچێوەی وڵاتەكەدا بەدی ناكەین، ئەمە لە ئەزموونی كەنەداوە سەلمێنراوە كە ئێمە لە كۆتاییدا گەیشتینە سازش و رێككەوتنێك لەسەر ئەو مەسەلەیە.

*** لە دەستووری عێراق و كەنەدا دا باس لە پاراستنی مافی كەمینەكان كراوە، بەڵام كێشەكە ئەوەیە حكومەتی كەنەدا پابەندە بە دەستوورەوە و جێبەجێی دەكات لە كاتێكدا حكومەتی عێراقی هەوڵی پێشێلكردنی دەستوور دەدات، بۆ نموونە ماددەی ١٤٠ كە باسی چارەسەركردنی كێشەی كەركوك دەكات لە لایەن حكومەتی عێراقیەوە جێبەجێ ناكرێت؟**

- ئەوە گرفتێكی گەورەیە كاتێك لە دەستووردا شتێك هاتووە و حكومەتی عێراقی بڕیارێكی دیكە دەدات، بەڵام

●●●
**داخوازای ئەو پارێزگایانە بۆ هەرێمی سەربەخۆ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە پێشتر هیچ دەسەڵاتێكی دیاری كراویان پێنەدراوە و هیچ سوودێك لە مانەوە نابینن لە سنووری حكومەتی مەركەزیدا، بۆ نموونە لە كەنەدا هاوبەشیكردن هەیە لە داهاتی سەرچاوەكاندا**
●●●

●●●
**هەرێمی كیبۆبك جیابوونەوەیان هەڵنەبژارد لەبەر ئەوەی زمان و كەلتوریان پارێزراوە لە چوارچێوەی كەنەدادا، هەروەها كۆنترۆڵی سەرچاوەكانی خۆیان كرد و بەرپرسیارێتی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ حكومەتی مەركەزیدا، بەڵام لە عێراقدا ئەم حاڵەتە بە پێچەوانەوەیە بۆیە خەڵكی دوای جیابوونەوە دەكەن**
●●●

لە کەنەدا ئەم کێشەیە لە لایەن دادگای باڵای دەستووریەوە یەکلادەکرێتەوە کە زەمانەتی جێبەجێکردنی دەستوور دەکات و ئەگەر حکومەت دەستور پێشێل بکات ئەوا ئەم دادگایە ڕێگری لێدەکات، بۆ نموونە لە دەستووری کەنەدادا هاتووە کە نوسراوەکانی حکومەت بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسیە، بەڵام ئەگەر حکومەتی ئەوەی جێبەجێ نەکرد ئەوا ئەم دادگایە ناچاری دەکات دەستوور جێبەجێ بکات ئەمەش کاتێکی دووردرێژی دەوێت بۆ ئەوەی بگەینە ئەم حاڵەتە. کاتێك باسی ئەوە دەکرێت کە حکومەتی عێراق پابەند نابێت بە دەستوورەوە ئەوا ئەو کاتە چ بەهایەك بۆ ئەم دەستوورە دەمێنێتەوە، من پێم وایە لەم حاڵەتەدا دەبێت دادگای باڵای دەستووری دەستێوەردان بکات کە زەمانەتی پابەندبوون بە دەستوورەوە دەکات و لەوە دڵنیادەبێت کە حکومەت و داڕێژەرانی یاسا بڕگەگانی دەستوور پێشێل ناکەن. دەستوور پێشنیار نییە و دەبێت جێبەجێبکرێت. زۆرجار دیکتاتۆرەکانیش دەستووری جوان دەنووسن، بەڵام چ بەهایەکی هەیە ئەگەر جێبەجێ نەکرێت و پێوەی پابەندنەبن.

*** ئایا دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی عێراق بە جیهانی مودێرن ئاشنابێت؟**

- دەکرێت کارێك زۆر بکرێت لەم ڕووەوە، دەکرێت سوود لە ئەزموون و مۆدێلی وڵاتانی دیکە وەربگیرێت لەم ڕووەوە، بوونی سەنتەرێك بۆ فیدراڵی لە عێراقدا کارێکی باشە کە لە لایەن عێراقییەکانەوە هەڵدەسوڕێنرێت، بەڵام پێشوازی لە بیرۆکە و بیروبۆچوونی وڵاتانی دیکەش دەکەن، یەکێك لە ڕواڵەتە جوانەکانی فیدراڵیزم ئەوەیە کە تەنیا یەك شێوە و شێوازی نییە، بۆ نموونە ناکرێت بڵێین هەر دەبێت سیستەمی فیدراڵیزمی عێراق وەك سیستەمی فیدراڵی کەنەدا، یان ئوستراڵیا یان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێت، بەڵام ڕێگە دەدات بە هاوڵاتییان لە هەرێمەکاندا بۆ ئەوەی خۆیان کاروبارە خۆیان بەڕێوەببەن، لە هەمان کاتدا بەشداری لە حکومەتی مەرکەزیشدا بکەن. پرسیارەکەی ئێوە گرنگە لەبەر ئەوەی لە دوای ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری ڕەنگە کەسانێك بانگەشەی ئەوە بکەن کە تەنیا مودێلێکی دیاری کراوی حکومڕانی یەکێك لە وڵاتانی دراوسێ هەیە لە بەردەم عێراقییەکاندا بۆ ئەوەی پیادە بکەین، دەبێت بەو کەسانە بڵێین نەخێر چەندین مودێلی دیکە هەن، خەڵکی دەرفەتی ئەوەیان نیە لێکۆڵینەوە لە سیستەمە سیاسییەکان بکەن، بەڵام ئەوان دەیانەوێت لەوە دڵنیابن کە ئەو کەسانەی هەڵیان دەبژێرن خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی ئەوان دەکەن و ئەجێندا سیاسییەکانی دەوڵەتە دەرەکیەکان جێبەجێ ناکەن، کاتێك ئەوان مودیلێکی وەك کوردستان دەبینن کە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە ئەوا ئەمە دەبێتە تەحەددایەك بۆیان نەك تەنها بۆ سەرکردە سیاسیەکان بەڵکو بۆ هاوڵاتییانیش، لەبەر ئەوەی لە دیموکراتیدا دەبێت هاوڵاتیان ئەوە دیاری بکەن کە حکومڕانێتی چۆن بەڕێوەدەچێت، بە پێچەوانەی دیکتاتۆرییەتەوە کە هەڵوێست و بڕیارەکانی خۆی دەسەپێنێت، وەك ئاماژەم پێکرد کاتێك لایەنە ئیجابیەکانی هەرێمی کوردستان دەبینن ئەوا پتر هان دەدرێن بۆ ئەوەی چارەنوسی سیاسی خۆیان بگرنەدەست و خۆیان بڕیاربدەن لەو ڕووەوە و ئەو کاتە پرسیاردەکەن کە بۆچی ناتوانین ئەوە دووبارە بکەینەوە کە کوردستان ئەنجامی داوە، بەڵام ئەگەر خەڵك ئەم هۆشیاریەیان نەبوو ئەوا ئەم دەرفەتە لەدەست دەدەن، لەبەر ئەوە گرنگە خەڵکانێکی دیکە بهێنین بۆ ئەوەی باس لە ئەزموونی خۆیان بکەن و باس لە چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە بکەن. بۆ نموونە ڕەنگە پێویست بەوە بکات خەڵکانێك بێنە کەنەداوە و قسە لەگەڵ هاوڵاتیانی کەنەدا بکەن و من خۆشحاڵ دەبم هاوکاری هەر کەسێك بکەم کە ڕوودەکاتە کەنەدا بۆ ئەم مەبەستە.

*** ئەگەر فیدراڵی لە عێراقدا سەرکەوتونەبوو، یاخود ئەگەر حکومەتی عێراقی ئاستەنگی بۆ دروستکرد ئایا ئایندەی ئەم وڵاتە چۆن دەبینیت؟**

- ئەو کاتە زەحمەتە بتوانین سەرکەوتن بەدەست بهێنین لە عێراقدا و ناتوانرێت ئاشتی و ئاسایشێکی درێژخایەن لە عێراقدا بهێنرێتەدی و موبالەغە ناکەم ئەگەر بڵێم بێ گرتنەبەری سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا عێراق بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە ئەگەر سەرکردە و پارتە سیاسییەکان هەڵنەستن بە بەرەوپێشبردنی فیدراڵیزم. ئەگەر عێراق بەردەوامبێت لەسەر چەسپاندنی مەرکەزیەت ئەوا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت و ئەمەش نەك تەنیا کاریگەری خراپی بۆ سەر عێراق دەبێت، بەڵکو کاریگەری خراپی بۆ سەر تێکڕای ناوچەکە دەبێت، زۆرێك لە کێشە سەرەکیەکانی زۆرێك لە وڵاتانی دیکە بۆ نموونە ئەفغانستان بریتییە لە بوونی دەوڵەتێکی سادە و یەکگرتوو کە تەنیا حکومەتێکیان هەیە. من پێم وایە ئەگەر دەرفەت بە عێراقییەکان بدرێت ئەوا سیستەمی فیدراڵی پیادە دەکەن و تا ئێستا ئەم دەرفەتەیان پێنەدراوە لە لایەن سەرکردە سیاسییەکانەوە و تا ئەم کارەش نەکرێت ئەوا زەحمەتە بتوانین گەشبین بین. بەڵام دڵنیام لەوەی ئیرادەیەك لای خەڵکی هەیە بۆ پەیڕەوی کردن لەم سیستەمە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سەرکردە سیاسییەکان ئیرادەی هاوڵاتییان لەبەرچاوبگرن.

**یەکێك لە ڕواڵەتە جوانەکانی فیدراڵیزم ئەوەیە کە تەنیا یەک شێوە و شێوازی نییە، بۆ نموونە ناکرێت بڵێین هەر دەبێت سیستەمی فیدراڵیزمی عێراق وەک سیستەمی فیدراڵی کەنەدا، یان ئوستراڵیا یان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێت، بەڵام ڕێگە دەدات بە هاوڵاتییان لە هەرێمەکاندا بۆ ئەوەی خۆیان کاروبارە خۆیان بەڕێوەببەن**

**ئەگەر دەرفەت بە عێراقییەکان بدرێت ئەوا سیستەمی فیدراڵی پیادە دەکەن و تا ئێستا ئەم دەرفەتەیان پێنەدراوە لە لایەن سەرکردە سیاسییەکانەوە و تا ئەم کارەش نەکرێت ئەوا زەحمەتە بتوانین گەشبین بین**

ئاسـۆ کەریم بێجگە لەوەی بەڕێوەبەری سـەنتەری دیراساتی موکریانە، یەکێکە لەو پسـپۆرانەی ماستەری لە یاسا هەیە و یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسـە دیارانەی کوردستانیش کە بەردەوام لەسـەر پرسەکانی کوردستان شرۆڤەی تایبەتی خۆی هەیە و یەکێکیشـە لەو قەڵەمە دیارانەی کە لە زۆربەی بڵاوکراوەکانی کوردستان نووسین بڵاودەکاتەوە و نووسینەکانیشی هەڵوەستەیان لەسـەر دەکرێت. ئاسـۆ کەریم ئەزموونی کاری ڕاگەیاندنی شـاخ وشـاری هەیە، هەوڵیداوە ئەم ئەزموونەش لەگەڵ کاری ئەکادیمی تێکەڵ بکات، هەربۆیە کە وەك ڕۆژنامەنووسـێك وتارێك یان بەدوادا چوونێك دەنووسـێت، هەست دەکەیت هەوڵیداوە لایەنە ئەکادیمیەکە فەرامۆش نەکات، لایەنێکی دیکە کە ئاسـۆ لە کاتی نووسـیندا زۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە وردبینی و دڵەراوکێیەتی لەسـەر چۆنیەتی دانانی وشە لە جێگەی خۆی، خۆ ئەگەر خوانەخواستە وتارێك لە گۆڤارێك یان ڕۆژنامەیەك بڵاو بکاتەوە و کورد گوتەنی لەو گۆڤارە خۆی بە سـاحێب مـاڵ بزانێت ئەوە دەبێت چەندین جار بابەتەکەی خۆی ببینێتەوە سەرلەنوێ جێگۆرکی بە وشەکان یان چەند پەرەگرافێکی نووسینەکەی بکات، بۆ ئێمە وەك گوڵان ئەو سیفەتەی سەر ڕەحەتی بوو لەبەر ئەوەی ئەرکی هەڵەچنی لە کۆڵکردبوینەوە، هەندێك سەبارەت بەو سیفەتەی ئاسۆ کە یەکێکە لە سیفەتە جوانەکانی نووسـەر بۆ جەختکردنەوەی لەسـەر وشەکان، دەڵێن لەبەر ئەوەیە ئاسۆ ئەندازیاری تەلارسازی بووە و ئەندازیارانی تەلارسازیش حەزیان لە وردکاری و جوانکارییە و ئەمەشـی بۆ نووسـینەکانی گواستۆتەوە، ئێمەش دەڵێین لەگەڵ ئەوەی ئێستا ئاسۆ وەك ڕۆژنامەنووس و شرۆڤەگەرێکی سیاسیی ناسراوە هەر بەو کارەشەوە خەریکەو هەر بەو سیفەتەش دیمانەمان لەگەڵ کردووە بۆ قسەکردنیش سەبارەت بە فیدرالیزم و ئاسۆی جێبەجێکردنی لە عێراقدا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

### ئاسۆ کەریم بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی موکریان بۆ گوڵان:

# عەرەبی عێراق، خەڵکێکی کەمی لێ دەرچێ پێیانوایە بەفیدراڵیکردنی عێراق لە دەرەوەڕا بەسەریاندا سەپێنراوە

**عەرەبی عێراق، خەڵکێکی کەمی لێ دەرچێ پێیانوایە بەفیدراڵیکردنی عێراق لە دەرەوەڕا بەسەریاندا سەپێنراوە**

**عەرەب وەکو نەتەوە پێیانوایە مادام ئەوان زۆرینەن و لە ڕووی ژمارەوە (٧٠٪)ی دانیشتوانی عێراق دەبن، کەواتە دەبێ ئەوان ناسنامەو سروشتی عێراق دیاری بکەن و حوکمڕانی بکەن**

*** مەسـەلەی فیدرالی عێراق یەکێکە لە و هەنگاوە گرنگانەی کە عێراق بەرەو سەقامگیری و ئاسایش دەبات، ئایا بۆچی دوای تێپەڕبوونی ٥ سـاڵ بەسەر ڕووخانی ڕژێمی عێراقدا، کەچی هەتا ئێستا بە تەحەفوزەوە باسی ئەم مەسەلەیە دەکرێت؟**

- دیـارە بەفیدراڵیکردنی عێـراق لە پێش ڕووخانی ڕژێمیشـدا داوایەکی کوردیی بووە. لە کۆنگرەی سەلاحەددین، لە ساڵی ٢٠٠٢ کە کۆنگرەی نیشـتمانیی عێراق وەکـو چەترێك بۆ کۆکردنەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسـیۆن دامەزرا، تەنیـا ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە کۆنگرە ڕێز لە ویسـتی ئازادانەی کورد دەگرێ. هەر ئەو دەمیش زۆر لایەنی ئیسـلامیی ئۆپۆزیسـیۆن لەگەڵ بەفیدراڵیکردنی عێراق نەبوون. لەدوای ڕووخانی ڕژێمیش لەسـایەی "داگیرکاری ئەمەریکایی"دا، دیسان لەسـەر داوای کورد لە قانوونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناخی گواستنەوە ئەو مەتڵەبە دانرا. دواتر لە دەستوور لە ماددەی (١)دا چەسپێندرا. بەکورتی چەندین لایەنی سوونە و شیعە دژی فیدرالیزەکردنن یان پێیانوایە جارێ کاتی نەهاتووە، یان گوایا عێراق بەرەو دابەشبوون دەبات. ئەوە بێ لەوەی کە بۆ ماوەی ٨٠ سـاڵ عێراق، دەوڵەتێکی سانترالیستی توند بووەو بە کلتووری دیموکراتی و دەسـەڵات دابەشکردن نامۆ بووە. لە هەمانکاتدا لە سـەرەتای نەوەدەکاندا یەکێتیی سـۆڤیەت و یۆگۆسلاڤیا، وەکو دوو وڵاتـی فیدراڵی لەبەر کۆمەڵی هۆ لەبەر یەکهەڵوەشـانەوەو بوونە چەندین دەوڵەتی سـەربەخۆ و بۆ عەرەبان نموونەی هاندەرو دڵخۆشکەری فیدراڵی نەبوون.

*** ئێسـتا لە عێراقدا تەنیا یەك هەرێمی فیدرالی هەیە کە ئەویش هەرێمی کوردستانە، ئەم هەرێمە وەك نموونەیەك بۆ عێراق،دەبینین ئەزموونێکی سەرکەوتووە، بۆیە دەبوو لەلایەن حکومەتی مەرکەزی عێراقەوە پشتگیری لێ بکرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە هەوڵدەدرێت ئەم ئەزموونەش تێکبدرێت، ئایا بۆچـی عەرەبی عێراق لە فیدرالیزم تێناگات ؟**

- هەروەکو لە سـەرەوە گوتم عەرەبـی عێراق، خەڵکێکی کەمی لێ دەرچێ پێیانوایە بەفیدراڵیکردنی عێراق لە دەرەوەڕا بەسەریاندا سەپێنراوە. هەموومان دەزانین ٪٦٣ی دەنگدەرانی عێراق بەشدارییان لە ڕاپرسـی دەسـتوور لە٢٠٠٥/١٠/١٥دا کردو ٪٧٨ی ئەوانەی دەنگیان داو هاتنە سەر سـندوقی دەنگدان، دەنگیان بۆ دەستوور دا. لە ناوچە سوننەنشینەکاندا، خەڵکێکی یەکجار کەم دەنگی بۆ ئەو دەستوورە دا. تەنانەت "قانوونی ڕێکارە تەنفیزییەکانی تایبەت بە پێکهێنانی هەرێمەکان" کە ئەنجوومەنی نوێنەران لە تشـرینی یەکەمی ٢٠٠٦دا بڕیاری لێدا، تەنیا پەرلەمەنتارانی کوردسـتان و پەرلەمەنتارانی لیسـتی ئیئتلافی یەکگرتووی عێراق (شیعە) و چەند پەرلەمەنتارێکی کەمی تر دەنگیان بۆ داو جێبەجێکردنی قانوونەکـەش، بـۆ مـاوەی ١٨ مانگ بەپێی هەمـان قانوون، دواخرا واتە لە نیسـانی -٢٠٠٨ەوە ئـەم قانوونە کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە. بێ لەوە، فیدراڵیزم واتە دەسـەڵات دابەشـکردن لەنێوان "دەستە ئیتیحادییەکان" و "دەستەو ئۆرگانە ئەقلیمییەکان"دا کە لە عێراقدا لەسـەر دوو ئاستدا بەئاسانی قبوڵ ناکرێ. ئاستی یەکـەم، عەرەب وەکو نەتەوە پێیانوایە مـادام ئەوان زۆرینەن و لە ڕووی ژمارەوە (٪٧٠)ی دانیشـتوانی عێراق دەبن، کەواتە دەبێ

بەسراو میسان نەوتێکی زۆریان تێدایەو باقی ناوچەکانی تری عێراق بە نەوتی ئەوان دەژین، کەچی بەسراو میسان دواکەوتوو ماونەتەوە. بەکورتی ئەوانە بڕوایان وایە کە سانتراڵیزم کۆسپێکە لەبەردەم گەشەسەندن و پێشکەوتنی ناوچەکانیان

دەعوە زیتر چاویان لەوەیە شیعە حوکمڕانیی تەواوی عێراق بکات نەك فیدراڵیی باشوور دابمەزرێنێ

ئەوان ناسنامەو سروشتی عێراق دیاری بکەن و حوکمڕانی بکەن، لەسەرینی ئەمەوە ئاسان نییە دەسەڵات لەگەڵ نەتەوەیەکی تر دابەش بکەن. ئاستی دووەم، تەنانەت ئەو کەلکەلەیە بە لایەنەکانی شیعەشەوە دیارە کە پێیانوایە مادام ئەوان لە ٪٥٠ی دانیشتوان زیترن، کەواتە پێویستە حوکمڕانی تەواوی عێراق بکەن. بێ لەوە دەرو دراوسێکانی عێراق بەتایبەتی تورکیا، ئێران، سوریا بەفیدراڵیکردنی عێراق بەخەتەر بۆ سەر "یەکێتیی خاك و سیادەی خۆیان" دەزانن. لەسەرینی ئەم هۆیانەوە هی تریشەوە، حکوومەتی عێراق کە عارەب تیایدا زۆرینەیە، ئەگەر ناچار نەبێ، ئەو واقیعەی پێ قبوڵ ناکرێ. ئەمەش بە هەر سێ کابینەی (عەللاوی، جەعفەری و مالکی)یەوە دیار بووە.


ئاسۆ کەریم

*** ئێستا لە باشووری عێراق پارتە سیاسییەکانی بەسرا دیانەوێت بەسرا بکەن بە هەرێمێکی سەربەخۆ بەڵام پارتە سیاسییە گەورەکانی شیعە بەتایبەتی حزبی دەعوە و مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی دیانەوێت باشوور تەنیا یەك هەرێم بێت بەناوی هەرێمی باشووری بەغدا و ٩ پارێزگا لە خۆی بگرێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی رێگە نادەن بەسرا ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ؟**

- ئەوانەی لە بەسرا کار بۆ دامەزراندنی هەرێمی فیدراڵیی باشوور کە لە (بەسراو میسان و زیقار) پێکبێ دەکەن، لە بنەڕەتدا هەندێکیان ئاراستەی ئیسلامییان نییە لەوانە (وائیل عەبدولەتیف). وائیل و هاوبابەتەکانی پێیانوایە، بەسراو میسان نەوتێکی زۆریان تێدایەو باقی ناوچەکانی تری عێراق بە نەوتی ئەوان دەژین، کەچی بەسراو میسان دواکەوتوو ماونەتەوە. بەکورتی ئەوانە بڕوایان وایە کە سانتراڵیزم کۆسپێکە لەبەردەم گەشەسەندن و پێشکەوتنی ناوچەکانیان، لەکاتێکدا ناوچەکەی ئەوان توانای ماددی و بەشەریی زۆریان تێدایە کە لە ناوچەکانی تردا نییە. واتە "دافع" بۆ پێکهێنانی فیدراڵیی باشوور، "دافع"یکی ئابووری- ئیدارییە، نەك وەکو ئەوەی کوردستان کە فیدراڵیزم وەکو "ترتیبات"ێك وایە بۆ دەسەڵات دابەشکردن و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا کە لە دوای دامەزرانی دەوڵەتی عێراقەوە لە ئارادایە. هەرچی مەجلیسی ئەعلایە، چاوی لەوەیە، هەرێمی باشوور، تەواوی پارێزگا شیعەنشینەکان بگرێتەوە، کە ئەودەمە تەواو مۆرکێکی مەزهەبیی شیعی بەسەر هەرێمی ناوبراودا دەنرێ. لە ڕووی دەستووری و قانوونیشەوە، هیچ بەربەستێك نییە لە بەردەم دروستکردنی هەرێمی ناوبراودا، جا چ بەو شێوەیە بێ کە وائیل و هاوبابەتەکانی داوای دەکەن، چ ئەوەی کە مەجلیسی ئەعلا دەیخوازێ. هەرچی حزبی دەعوەیە، هەندێ من ئاگام لێ بێ، دەعوە زیتر چاویان لەوەیە شیعە حوکمڕانیی تەواوی عێراق بکات نەك فیدراڵیی باشوور دابمەزرێنێ. بەهەرحاڵ، پێموایە، لە دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگایەکان کە بێشك نەخشەی سیاسی و حزبی دەگۆڕێ، پرسی بەفیدراڵیکردن روونتر دەبێتەوەو تەکلیفی لایەنەکان جوانتر دەردەکەوێ.

*** ئایا لەبەر ئەوەیە هەرێمی بەسرا دەبێتە سەرەتایەك بۆ فیدراڵی لەسەر ئاستی پارێزگا، گریمان وایە ئایا مەترسی فیدراڵی لەسەر ئاستی پارێزگا چییە ؟ جیاوازی چییە لەگەڵ فیدراڵی هەرێمەکان کە لە چەند پارێزگایەك پێکهاتبێت ؟**

- ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەستووری عێراق، حوکمڕانیکردن لە عێراقدا بۆ ٤ ئاست دابەشکراوە: ئاستی حکوومەتی ئیتیحادی، ئاستی حکوومەتی ئەقلیمی، ئاستی ئەو پارێزگایانەی لەناو هەرێمکدا خۆیان رێکنەخستووە، ئاستی ئیدارەی ناوەخۆ (شارەوانییەکان) و لە دەستووریشدا بەناو ناوی هەرێمی کوردستان وەکو هەرێمێکی فیدراڵی هاتووە هەر بەپێی دەستوور دەسەڵاتەکان وا دابەشکراون: هەندێ دەسەڵات ئەوا تەنیا لە قەبەڵ حکوومەتی ئیتیحادی و هەیئاتی تری ئیتیحادی کراون، هەندێ دەسەڵات-یش ئەوا تەنیا هی هەرێمەکانە، هەندێ دەسەڵات-یش هەیە هاوبەشە لەنێوان هەردوو لادا. بێ لەوە خۆ هەروەکو لە دەستوور و (قانوونی رێکارە تەنفیزییەکانی تایبەت بە پێکهێنانی هەرێمەکان)دا هاتووە، ئەوە هەر پارێزگایەك، بێ لە بەغدا، یان زیاتر دەتوانن ببنە هەرێمێك و هەمان دەسەڵاتیان دەبێ کە بۆ هەرێمەکان لە دەستوور دیاریکراوە، جا ئەو هەرێمە لە یەك پارێزگا پێك بێ یان زیاتر ئەوە بەگوێرەی دەستوور فرق ناکات. بێ لەوە لە عێراقدا، قانوونێکی تر هەیە کە پێی دەگوترێ (قانوونی ئەو پارێزگایانەی کە لە هەرێمێکدا خۆیان رێکنەخستووە). دیسان بەپێی ئەو قانوونە، کە لە دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگایەکاندا بەکردەوە کاری پێ دەکرێ، ئەنجوومەنەکان دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە. بەڵام لە هەندێ وڵاتدا، جۆرێ لە فیدراڵیزم جێبەجێکراوە کە asymmetrical federalism ی پێ دەگوترێ، واتە هەرێمێك، یان ناوچەیەکی دەوڵەت بەگوێرەی دەستوور دەسەڵاتگەلێکی زۆرتری لە هەرێمەکانی تر لە قەبەڵ بکرێ. بەبڕوای خۆم دەبوایە لە عێراقدا ئەو فیکرەیە جێبەجێ بکرایە کە هەرێمی کوردستان، لەبەر کۆمەڵێ تایبەتمەندی لەوانە تایبەتمەندیی نەتەوەیی وەکو هەر هەرێمێکی تر کە لە ئایندەدا دروست دەبێ، تەماشا نەکرایەو ئەودەمە ئەو ترسەش لە پێکهاتنی هەرێمی تر لەناو عێراقدا دروست نەدەبوو.

*** ئێستا لە عێراقدا پێکهاتە سەرەکییەکان ناتوانن پێکەوە بژین، بەڵام حکوومەتی عێراق لەبری ئەوەی هەوڵبدات میکانیزمێك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی پێکەوە بیانگونجێنێت، یان شێوازێکی لامەرکەزی (دی سەنترالیزم ) پیادە بکات کەچی هەوڵدەدات مەرکەزیەت بەهێز بکات پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی حکوومەتی عێراق ئەم رێگەیەی هەڵبژاردووە ؟**

- جارێ ئەم حوکمە زووە. راستە وەکو دەبینرێ پێکهاتەکانی ناو عێراق بەئاسانی ناتوانن تەوافوق لەگەڵ یەکدی بکەن و تا

رادەیەك متمانەش لەنێوان لایەنەکان و نوخبەی سیاسی شەریکە حوکمدا لاواز بووە. بەگشتی لە عێراقدا کلتووری سازش و سات و سەوداو وتووێژ لە ئاستێکی نزم دایە. وەکو یاری تۆپانێ (بردنەوە یان دۆڕان) تەماشای پرۆسەی سیاسی دەکرێ. لە عێراقدا، بەتایبەتی لە سەردەمی کۆماری را، مەرکەزییەتێکی توندی نادیموکراتی بەڕێوەچووە کە بە رووکەش وڵاتەکەی یەکگرتوو کردبوو جارێ هێشتا دیموکراسی بەتەواوەتی وەکو شێوازی حوکمڕانیکردن تاقی نەکراوەتەوە تا بڵێین ئەوە دیموکراسی و دەسەڵات دابەشکردن لە عێراقدا وڵاتەکەی بەرەو هەڵوەشانەوە بردووە. ئەوە شتێکی سروشتییە لە قۆناخی یەکەمی دوای رووخانی سەدام، پاش سالانێکی دوورودرێژی سەرکوتکاری و خەفەکردنی ناسنامەی پێکهاتە جیا-جیاکانی عێراق، سەرنجێکی لەم بابەتە بێتەگۆڕێ، واتە تا لە عێراقدا پرەنسیپی هاووڵاتیبوون، حوکمڕانی بەگوێرەی دەستوور و تەوافووق و شەراکەت جێگیر دەبێ، پێکهاتەکان داوایەکانی خۆیان زەق بکەنەوەو پێ لەسەر ناسنامەی تایبەتی خۆیان دابگرن، دیموکراسی و ئازادی خۆیان سروشتێکی لەمبابەتەیان هەیەو پێویست بە ترس ناکات. بۆیەو هەقە حکوومەتی ئیتیحادیی عێراق لەڕاست ئەو داخوازییانەدا تووشی هەڵەشەیی نەیەت و بەبیانووی پاراستنی (یەکێتیی خاك و سیادەوە) بەرەو سانترالیزم با نەدادەتەوە. بەڵام ئەو بادانەوەیە ئاسان نییە. چونکە بێ لە کورد، هێزی تریش لەناو عێراقدا هەن کە پێیانوایە، ئەوە سانترالیزمی بێزراو (المرکزیه المقیته) بووە کارەساتی بەسەر گەلانی عێراقدا هێناوەو هیچ چار نییە کە دەبێ ئەم مەرکەزییەتە تێکبشکێندرێ.

*** ئەگەر پەلە لە پێکهێنانی هەرێمە فیدرالییەکان بکرێت و هەر پێکهاتەیەکی عێراق خۆی حکومرانی خۆی بکات ئایا تاچەند ئەم هەنگاوە دەبێتە یارمەتیدەر بۆئەوەی : -١پێکهاتنەوەی سیاسیی -٢ دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری سەرکەوتوو بێت ؟**

- جارێ تەنیا لە پارێزگای بەسرا، هەوڵێکی لەمبابەتە هەیە. بەپێی مادده ٤ی قانوونی رێکارە تەنفیزییەکانی تایبەت بە پێکهێنانی هەرێمەکان، ٢٪ی دەنگدەرانی پارێزگای ناوبراو، داوایەکیان پێشکەش بە (ئۆفیسی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە بەسرا) کردو کۆمیسیۆن-یش ئەو داوایەی بەڕەوا زانی. بۆ ئەوەی کاتی ریفراندۆم لەسەر ئەو داوایە دیاربکرێ، دەبێ ١٠٪ی دەنگدەران لەو پارێزگایە پشتگیریی ئەو داوا سەرەتاییە بکەن. پێموایە، ئەوانەی ئەو کارەیان کرد و پەنایان بۆ رای خەڵك برد، بۆ پێشەبڕکە گرتنەوە بوو، لە دەرەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگایەکان کە نەبادا ئەو هێزانەی دژ بە فیدراڵیکردنی بەسران، زۆرینەی ئەنجوومەنی پارێزگایەکە پێکبهێنن. وەکو دەڵێن، ئێستا ئەو هەوڵە رەوتی ئیجرایی خۆی وەرگرتووەو با بزانین بە کوێ دەگاو ئەوە قورسایی لایەنگرانی بە فیدراڵیکردن ئەو پرسە دەبڕێنێتەوە. وەکو لە سەرەوە گوتم ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگایەکان زۆر شت دیاری دەکات و ناکرێ بەپێش رووداوەکان بکەوین. بەڵام ئەگەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەکو مۆدێل وەربگیرێ بە لایەنی کەمەوە توانیویە ئەو دوو خاڵەی لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، وەدیبهێنێ. بەڵام بە ئەگەری زۆر، لەو پارێزگایانەی کە تا رادەیەك لە رووی مەزهەبییەوە، (متجانس) ن، هەرێمی فیدراڵی دروست ببێ سەرکەوتووتر و کەم ئاریشەتر دەبێ لە چاو ئەو پارێزگایانەی کە تێکەڵن لە رووی مەزهەبی و ئایینی و نەتەوەییەوە.

*** گرنگترین کێشەی عێراق ئەوەیە کە بەدرێژایی حکومڕانی سەدام حوسێن عێراق وڵاتێکی داخراو و دابڕاو بووە لە جیهان، زۆربەی پارتە ئۆپۆزسیونەکانی عێراقیش پارتی ئیسلامی شیعە بوون و زیاتریش هەر لە ئێران بوون، هەربۆیە ئەوانیش تەنیا بایەخیان بە مۆدێلی ئێرانی داوە هەربۆیە تەنیا کوردە کە توانیویەتی ئەو بازنەیە بشکێنێت وخوازیاری ئەوەشە هاوپەیمانی رۆژئاوا بێت، ئایا چۆن بتوانین وا لە عێراقییەکان بکەین کە لە چەمکە تازەکانی جیهانی سەردەم بگەن بەتایبەتی لەوە تێبگەن کە فیدرالیزم هۆکارێکە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق نەك دابەشکردنی؟**

- ئەوە تا رادەیەك راستە. لە مێژووی نزیکدا لایەنەکانی شیعە تەنیا مۆدێلی ئێرانی-یان بۆ حوکمڕانی دیتووەو هەر ئەو ببینن. لێ لایەنەکانی شیعە هەرچەند زۆرینەن و مەیلیشیان بەلای حوکمڕانیی زۆرینە (مۆدێلی وێستمینیستەر)ی رۆژئاوایی دابێ، بەڵام هەردوو پێکهاتەکەی تر (کوردو عەرەبی سوننە) هەم لە رووی قورسایی دانیشتوان و هەم رووبەری جیوگرافی و هەندێ رەهەندی ترەوە، بەلانسەکە راست دەکەنەوەو شیعەکان وا لێ دەکەن، بەدوای مۆدێلی تردا بگەڕێن. بۆیە لە عێراقدا کە وڵاتێکی فرە نەتەوە، فرە ئایین و مەزهەبە، چاترین رێگەچارە دیموکراسیی تەوافووقییە نەك دیموکراسیی زۆرینە، کە لەسەر (٤) بنەڕەتدا دامەزرابێ: ١- حکوومەتێکی بنکە فرەوانی ئیتیحادی کە هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی گرتبێتەخۆ -٢ تەرتیباتێکی دیاریکراوی دەسەڵات دابەشکردن لە بابەتی فیدراڵیزم لە سەرانسەری عێراقدا -٣ نوێنەرایەتیی رێژەیی سەرجەم پێکهاتەکان لە پەرلەمان و دامەزراوە دەستووری و هەیئاتە سەربەخۆیەکان و بوونی جۆرێ لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە بەهرەمەندبوون لە سەروەت و سامانی وڵات و خزمەتگوزارییەکاندا، چونکە تا ئێستا فەرق و جیاوازی لەنێوان پارێزگایەکاندا لە رووی تەرخانکردنی "تخصیصات"ی داراییەوە، هەر بۆنموونە بەپێی ئاخاوتنی محەمەد بەشیر، جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، تا ئێستا ٤٠٪ی تخیصاتی داراییان بەدەست گەیشتووە. -٤ ڤیتۆی بەرانبەر. ئەگەر، ئەو پرەنسیپانە، قبوڵکران، ئەوە ئینتیما بۆ عێراق بەهێز دەبێ و عێراق لە دابەشبوون دوور دەکەوێتەوە.

*** ئەگەر فیدرالیزم لە عێراقدا سەرنەگرێت یان حکومەت ئاستەنگی بۆ دروستبکات، ئایا ئایندەی عێراق چۆن دەبێت ؟**

- بێ لەم تەرتیباتەی سەرەوە، هەر رێگەو سیناریۆیەکی تر کارەساتی بەدواوە دەبێ و رەنگە هەڕەشە لە ئاشتی و هێمنی ناوچەکەش بکات کە ئەودەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەپێی بەرپرسیارەتی، ناچار دەبێ دەخالەتی تێدا بکات. هەر لەم سۆنگەیەشەوە، من پێموایە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ زەرورەتێکە بۆ جێگیربوون و هاتنەئارای عێراقێکی دەستووریی دیموکراتیی ئیتیحادی هەروەکو لە دیباجەو مادده ٢٧ی (رێککەوتننامەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١)دا هاتووە.

**لە عێراقدا کلتووری سازش و سات و سەوداو وتووێژ لە ئاستێکی نزم دایە. وەکو یاری تۆپانێ (بردنەوە یان دۆڕان) تەماشای پرۆسەی سیاسی دەکرێ**

**لە عێراقدا کە وڵاتێکی فرە نەتەوە، فرە ئایین و مەزهەبە، چاترین رێگەچارە دیموکراسیی تەوافووقییە نەك دیموکراسیی زۆرینە**

د.باسم شەریف ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی فەزیلەی ئیسلامی عێراقە و ئەندامی پەرلەمانی عێراقیشە. حزبی فەزیلە لە هەڵبژاردنەکانی پێشـــووی عێراقدا بەشـــێك بووە لە هاوبەندی یەکگرتووی عێراق ( ئیئتیلافی شیعە ) بەڵام دواتر ئەوانیش وەك چەندین لایەنی دیکە لە ئیئتیلافی شـــیعە هاتوونە دەرەوە و وەك لایەنێکی ســـەربەخۆ کاردەکەن، ســـەبارەت بە هۆکاری کشانەوەشیان لە لیستی ئیئتیلافی شیعەش د.باسم لەم دیدارە تایبەتەی لەگەڵ گوڵان ئاماژە بەوە دەکات کە لەگەڵ پێکهاتە ســـەرەکییەکانی ناو ئیئتیلاف بە تایبەتی ئەنجومەنی باڵای ئیســـلامی نەگەیشتونەتە شـــێوازێکی هاوبەش بۆ پێکهێنانی هەرێمەکان لە باشوری عێراق .

حزبی فەزیلە راشکاوانە پشتگیری لە فیدرالییەتی پارێزگاکان دەکات، بەڵام ئەم داوایەی حزبی فەزیلە تەنیا بۆ پارێزگاکانی باشور و ناوەراستی عێراقە، ئەوان رێز لە تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان دەگرن و پێیان وایە باردۆخی هەرێمی کوردستان لە باشـــوور و ناوەڕاســـت جیاوازە و مەسەلەی نێوان شیعە و سونە مەسەلەی نێوان کورد و عەرەب نییە کە دوو نەتەوەی جیاوازن، ئەوان پێیان وایە شـــیعە و ســـونە هەردوولایان عەرەبن بۆیە ئەگەر لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش هەرێمەکان پێکبهێنرێن کارێکی ئاساییە، سەبارەت بە هەرێمی بەسراش د.باسم بە ناوی حزبی فەزیلەوە پشتگیری لە پێکهێنانی ئەم هەرێمە دەکات و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربری

### د.باسم شەریف پەرلەمانتاری لیستی فەزیلە لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# ئەگەر خەڵکی بەسرا پشتیوانیان لەوەکرد ببنە هەرێمێکی سەربەخۆ و ئێمە بەرهەڵستیمان کرد ئەوا ئێمە یاسا پێشێل دەکەین

*** بـــاس لە پێکهێنانـــی هەرێمی بەســـرە دەکرێت هەوڵ بۆ کۆکردنـــەوەی ئیمـــزا دەدرێت بۆ ئەوەی دواتـــر داواکاریەکە بخرێتەبـــەردەم پەرلەمانی عێراق، ئایا دەکرێت باســـی ئەم هەوڵانەمان بۆ بکەیت؟**

- دەبێت ئەم مەســـەلەیە بە پێی یاسا و دەستوری عێراق بێت لەبەر ئەوەی عێراق وڵاتێکە لەســـەر بنەمای دەستور و یاسا بنیات دەنرێتەوە، ئێوە دەزانن لە دەســـتووری عێراقیدا هاتووە کـــە ئەم وڵاتە وڵاتێکی ئیتیحادی یا فیدراڵیە و لە ســـاڵی ٢٠٠٦دا ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەکی پەسەندکرد کە دەتوانرێت بە هۆیەوە هەرێمەکان پێکبهێنرێت، ئەم یاسایەش لە مانگی نیســـانی ســـاڵی ٢٠٠٨ەوە کاری پێدەکرێت، لە ژێر رۆشـــنایی ئەم یاســـایەدا هەر پارێزگایەك یان زیاتر لە پارێزگایەك دەتوانن داواکاری پێکهێنانی هەرێمێك پێشکەش بکەن و راپرســـی دەکرێت لە ناو دانیشتوانی ئەو پارێزگایەدا و ئەگەر زۆرینـــە داوای پێکهێنانی هەرێمی کرد ئەوا نابێت بەرهەڵەســـتی بکرێت ئەگەر هاتوو دژی یاســـا نەبوو. ئێمە لە حزبی فەزیلە پێشـــتر هەڵوێستی خۆمان دەربڕی کە ئێمە لەگەڵ پێکهێنانی هەرێمەکانداین لە ســـەر بنەمای ئیداری نەك تائیفی بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی دابەشکردنی عێراق، بەڵام ئێســـتا ئێمە لەبەردەم یاسادایین و ئەم یاسایەش دەڵێت ئەگەر لە سەدا ١٠ی دانیشتوانی پارێزگاکە داواکاریان بەزرکردەوە، مەسەلەکە دەخرێتە بەردەم کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و دواتر دەخرێتە راپرســـیەوە، واتە خەڵکی بەسرە خۆیان بڕیار لەم مەسەلەیە دەدەن نەك لایەنێکی دیکە.

*** بەڵام کاتێك باسی هەرێمی باشووری دەکرێت جیاوازی لە بیروبۆچوندا هەیە، بۆ نموونە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە گەڵ ئەوەدایە کە نۆ پارێزگاکەی باشور هەرێمێك پێکبهێنن، رای ئێوە چیە؟**

- ئێمە پێشتر لەگەڵ ئەوەدابووین کە دەبێت بنەمای فیدراڵیەت لە دەستووری عێراقدا بچەسپێنرێت، بەڵام جێبەجێکردنەکەی قۆنـــاخ بە قۆناخ بێـــت، لەبەر ئەوەی ئەمە سیســـتەمێکی سیاسی نوێیە و پێویستی بە کات هەیە بۆ ئەوەی جێگیربێت، واتە لە سەرەتادا ئێمە لەگەڵ ئەوەدابووین کە لامەرکەزییەتی ئیـــداری جێبەجێبکرێت و دەســـەڵاتێکی زۆر بە پارێزگاکان بدرێـــت تاوەکو هەلومەرجەکە گونجـــاو دەبێت بۆ پێکهێنانی هەرێمـــەکان. ئێمە لەگەڵ پێکهێنانـــی هەرێمێك نەبووین لە نۆ پارێزگاکەی باشـــووردا و رامـــان گەیاند کە ئەگەر هەر دەبێت هەرێمێك پێکبهێنرێت لە باشوور ئەوا با تەنیا پارێزگای بەســـرە لە خۆبگرێت لەبەر ئەوەی ئێمە ترســـمان هەبوو کە ئەگەر نۆ پارێزگا لە خۆبگرێت ئەوا دەبێتە هۆی خوڵقاندنی کێشـــە و ململانێ و توندوتیژی سیاســـی لە ناو پارتەکاندا، چونکە ئەمە پێویســـتی بە کاتی زیاترە، بۆ نموونە هەرێمی

**ئێمە لەگەڵ پێکهێنانی هەرێمێک نەبووین لە نۆ پارێزگاکەی باشووردا با تەنیا پارێزگای بەسرە لە خۆبگرێت لەبەر ئەوەی ئێمە ترسمان هەبوو کە ئەگەر نۆ پارێزگا لە خۆبگرێت ئەوا دەبێتە هۆی خوڵقاندنی کێشە و ململانێ و توندوتیژی سیاسی لە ناو پارتەکاندا**

کوردستانیش بە گفتوگۆ و کاتێکی دوورودرێژدا تێپەڕی تا گەیشتۆتە ئەم ئاستەی ئێستای.

*** شاری بەسرە تاکە شاری عێراقە کەوتۆتەسەر دەریا و سەرچاوەیەکی گەورەی نەوت هەیە لەو شارەدا، ئایا پێکهێنانی هەرێمێك لەم شارەدا کاریگەری نابێت لەسەر پارێزگاکانی دیکەی باشوور؟**

- راستە بەسرە تاقە دەروازەی عێراقە بۆ سەر دەریا و خەزێنەی عێراق پشت بە نەوتی بەسرە دەبەستێت، کێشەکە ئەوەیە یاسایەك هەیە و ناتوانین رێگە لە خەڵکی بەسرە بگرین لەوەی ئەم یاسایە جێبەجێنەکات، ئەم یاسایە کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا پەسەندکرا و لە ساڵی ٢٠٠٨دا کاری پێکرا رێگە بە خەڵکی پارێزگاکان دەدات هەرێم پێکبهێنن ئەگەر خەڵکی ئەم پارێزگایە ئەم دواکاریەیان رەتکردەوە ئەوا ئەمە دەبێتە مەخرەجێکی یاسایی، بەڵام ئەگەر پشتیوانیان لێکرد و ئێمە بەرهەڵستیمان کرد ئەوا ئێمە یاسا پێشێڵ دەکەین. من پێم وایە دەبێت ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسا و ئالیەتی چۆنیەتی مامەڵکردنی هەرێمەکان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا دابنێت بۆ پەرەپێدان و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان، لە دەستووردا باس لە دروستکردنی دەستەیەك دەکات بۆ چۆنییەتی دابەشکردنی داهاتەکان لە نێوان هەرێم و حکومەتی مەرکەزدا، بەڵام پێویستی بە دارشتنی یاسایەك هەیە بۆ رێکخستنی، هەروەها لە پێشەکی دەستووردا هاتووە کە جێبەجێکردنی ئەم دەستوورە زەمانەتی یەکێتی و یەکگرتووی عێراق دەکات واتە ئەگەر هەموولایەك پابەندبن بە دەستوورەوە ئەوا هیچ ترس و نیگەرانییەکمان نابێت لەوەی هەر پارێزگایەك ببێتە هەرێمێك.

*** بیروبۆچوونی ناکۆك هەیە لە سەر مەسەلەی فیدراڵی، بۆ نموونە سوننەکان رەتی دەکەنەوە و شیعەکانیش هەندێکیان لەگەڵ ئەوەدان یەك پارێزگا بکرێتە هەرێمێك و هەندێکی دیکەیان لەگەڵ ئەوەدان چەند پارێزگایەك بکرێتە هەرێمێك چۆن دەتوانین بگەینە سیغەیەکی هاوبەش لەم رووەوە؟**

-لە راستیدا سەرنەکەوتنی پێکهێنانی هەرێمی ناوەڕاست و باشوور بۆ جیاوازییە سیاسییەکانی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر هەرێمێك لە یەك پارێزگا پێکبهێنین ئەوا ئەم جیاوازیانە سەرهەڵنادەن. ئێمە پێشتریش داوای جێبەجێکردنی لامەرکەزیەتی ئیداریمان کرد، لەبەر ئەوەی کوردستان هەرێمی خۆی هەیە، بەڵام با لە بەشە عەرەبییەکەیدا لامەرکەزیەتی ئیداری جێبەجێ بکەین. هەروەها پێش کشانەوەمان لە ئیئتیلاف داوامانکرد کە با میساقی شەرەف بنووسین بەوەی پێکەوە هەوڵی پێکهێنانی هەرێمەکان بدەین و رێگانەدەین هەر لایەنێك بە تەنیا بۆ خۆی هەرێمێك پێکبهێنێت ئەوان رەتیان کردەوە، واتە ئێمە لە نێوان ئیستیحقاقێکی سیاسی و ئیستحقاقێکی یاساییداین و بە تێڕوانینی من باشترین چارەسەر ئەوەیە هەر پارێزگایەك هەرێمێك بۆ خۆی پێکبهێنێت.



د.باسم شەریف

*** ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەران رازی بوو لە سەر پێکهێنانی هەرێمی بەسرە، ئایا چۆن دەکرێت هەرێمی بەسرە سوود لە هەرێمی کوردستان وەربگرێت و بە پێچەوانەشەوە؟**

- من دەمەوێت ئەوە راستبکەمەوە کە ئەنجوومەنی نوێنەران هیچ رۆڵێکی نییە لە پێکهێنانی ئەم هەرێمەدا، داواکاریەکە لەلایەن لە سەدا ١٠ی دانیشتوانەوە بەرزدەکرێتەوە و دواتر دەخرێتە راپرسییەوە، ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانی پارێزگاکە پەسەندییان کرد ئەوا پێکدەهێنرێت، واتە رۆڵی پەرلەمان لە پەسەندکردنی یاساکە کۆتایی هات. ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیوەندی نێوان ئەم دوو هەرێمە، ئەوا هەرێمی کوردستان خاوەنی ئەزموونێکی دوورودرێژە و دەکرێت هەرێمی بەسرە ئەگەر پێکهێنرا سوودی لێوەربگرێت، لەبەر ئەوەی ئەم دوو هەرێمە پێویستیان بە یەکتری دەبێت و هەردوولایان عێراق کۆیان دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی هەموومان بەشدارین لە بنیاتنانەوەی عێراق و پەرەپێدانی ئەم وڵاتەدا.

*** ئایا مەترسی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ نییە لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا؟**

- ئەم مەترسییە هەیە لەبەر ئەوەی ململانێی بەدەستهێنانی دەسەڵات و سەروەت و سامان هەیە، هەروەها نیگەرانی لە دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان و دەوڵەتەکانی دیکە هەیە کە فیتنە دروست بکەن لە عێراقدا، ئەمەش دەوەستێتەسەر توانای لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەوەی هاوکاری یەکتر بکەن و دەکرێت لەم رووەوە سوود لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەربگرن لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستانیش بە قۆناخێکی خوێناویدا تێپەڕی تا ئەوەی گەیشتنە سیغەیەکی هاوبەش بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بەڕێوبردنی کاروبارەکانی خۆیان. پێشتریش نیگەرانی ئێمە هەر ئەوەبووە کە پێکهێنانی هەرێمی ناوەڕاست و باشوور هۆکارێك دەبێت بۆ ململانێ و دەستێوەردانی دەزگا هەواڵگرییەکانی دەرەوە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ.

**سەرنەکەوتنی پێکهێنانی هەرێمی ناوەڕاست و باشوور بۆ جیاوازییە سیاسییەکانی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر هەرێمێک لە یەک پارێزگا پێکبهێنین ئەوا ئەم جیاوازیانە سەرهەڵنادەن**

**نیگەرانی ئێمە هەر ئەوەبووە کە پێکهێنانی هەرێمی ناوەڕاست و باشوور هۆکارێک دەبێت بۆ ململانێ و دەستێوەردانی دەزگا هەواڵگرییەکانی دەرەوە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ**

پرۆفیسۆر ناسر ئەلئیدریسی، یەکێکە لە هاولاتییانی شاری بەسرا و ئێستا هاوولاتییەکی ئەمریکییە و ئوستادە لە زانکۆی ڤیرجینا ئایلند و لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقیشدا یەکێك بووە لەو ئەکادیمییە عێراقیانەی کە بانگهێشتی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا کراوە بۆ ئەوەی مارێنزەکانی ئەمەریکا فێری زمانی عەرەبی بکات و لە ناو تەلاری پێنتاگۆن خولی فێرکردنی زمانی عەرەبی بۆ ئەو مارێنزانەی ئەمەریکا کردۆتەوە کە بەشداریان لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا کردووە و لە ساڵی ٢٠٠١یشەوە ئەندامی لیژنەی لێکۆلینەوە بووە لەسەر ئەو ئاکامە خراپانەی بەسەر زۆنگاوەکانی باشووردا هاتوون و لە مانگی ئایاری ٢٠٠٣ واتە تەنیا پاش مانگێك بەسەر رووخانی رژێمی عێراق بۆتە راوێژکار لەسەر چۆنییەتی چاکردنەوەی بارودۆخی ناوچەی زۆنگاوەکان کەپێشتر رژێمی سەدام حوسێن ئەو زۆنگاوانەی وشککردبوو، پرۆفیسۆر ناسر لەبەر ئەوەی خۆی خەڵکی باشووری عێراقە و لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە لە نزیکەوە ئاگاداری عێراق بەگشتی و باشوور بەتایبەتی بووە، هەربۆیە کە قسە دەکات هەست دەکەیت کەسێکی شارەزا و ئاگادارە سەبارەت بە پێکهێنانی هەرێمی بەسرا و پرۆسەی فیدرالی لە عێراقدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

**پرۆفیسۆر ناسر ئیدریسی بۆ گوڵان:**

# حکومەتی د.مالکی هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان دەدات بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێت بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی

ترس و نیگەرانی عێراقییەکان لە مەسەسەلەی فیدرالیدا دەگەڕێتەوە بۆ کەمی زانیاری و مەعریفەی عێراقییەکان دەربارەی فیدراڵیزم

*** فیدراڵیزم دەبێتەهۆی هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری، بەڵام لە عێراقدا دوای پێنج ساڵ لە رووخانی رژێمی سەددام هێشتا ترس و نیگەرانی هەیە لە سەر باسکردنی فیدراڵیزم، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ترس و نیگەرانی عێراقییەکان لە مەسەسەلەی فیدرالیدا دەگەڕێتەوە بۆ کەمی زانیاری و مەعریفەی عێراقییەکان دەربارەی فیدراڵیزم، هەر لەبەر ئەمەش ئەگەر راپرسی لە سەر گرتنەبەری سیستەمی فیدراڵیزم بکرێت ئەوا دەبێت پێشتر هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوە بخرێتەگەڕ و هاوڵاتییان بە مانا و ناوەڕۆکی فیدراڵیزم ئاشنابکرێن، خەڵکی نیگەرانن لەبەر ئەوەی نازانن گرتنبەری سیستەمی فیدراڵیزم مانای چییە. لەلایەکی دیکە گواستنەوەی سیستەمی حکومڕانی دەوڵەتیش لە دەوڵەتێکی مەرکەزی سادەوە بۆ دەوڵەتێکی فیدرالی پێویستی بە کاتێکی دورودرێژە و هەر دەبێت ماوەیەکی دوورودرێژ بخایەنێت لەبەر ئەوەی دەبێت هەموولایەك بەشداری تێدابکەن و رێکبکەون لەسەری. واتە دەبێت زۆربەی لایەنەکان رێکبکەون لەسەری، هەروەها پێویستە ئالیەتێك بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان بدۆزرێتەوە لەبەر ئەوەی سیستەمی فیدراڵی ئەم چەشنە ئالیەتە لەخۆدەگرێت.

***ئایا یەکەم هەنگاو چییە کە دەبێت حکومەت و خەڵك هەڵیبگرن بۆ ئەوەی ئاشنابن بە سیستەمی فیدراڵیزم؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد دەبێت تیکڕای خەڵکی پشتیوانی لێبکەن نەك تەنیا زۆرینە، واتە دەبێت رێز لە مافی کەمینەکانیش بگیرێت. لە لایەکی دیکەوە دەبێت راپرسی ئەنجام بدرێت بۆ یەکلاکردنەوەی ئەوەی ئایا خەڵکی گرتنبەری ئەم سیستەمە پەسەند دەکەن یان نا، دواتر دەبێت لە پەرلەمانی عێراقیدا گفتوگۆ لەسەر ئەو هەنگاوە پێویستانە بکرێت کە دەبێت بۆ جێگیرکردنی سیستەمێکی فیدراڵی وەك شێوەیەکی حکومڕانی بگیرێنەبەر.

*** بەڵام ئێستا لە عێراقدا هەرێمێکی فیدراڵی سەرکەوتوو هەیە کە هەرێمی کوردستانە و پێویستە حکومەتی عێراق هاوکاری بکات، بەڵام بە داخەوە حکومەتی عێراق بە پێچەوانەوە رەفتاردەکات، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی عەرەبی عێراق دژی فیدراڵیزمن؟**

- من تەواو هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا کە هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی مەزن و سەرکەوتووە، ئەزموونی ئەم هەرێمە بۆ پێنج ساڵ پێش ئێستا ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ساڵی ١٩٩٢ دەگەڕێتەوە کە ناوچەی ئارامی بۆ دابینکرا و توانیتی پەرە بە شێوازێکی حکومەت بدات کە هەلی یەکسان بۆ هاوڵاتییەکانی برەخسێنێت. کێشەکە ئەوەیە لە ناوچەکانی دیکەی عێراقدا ئاڵوگۆڕەکە کت و پڕ و پڕ لە توندوتیژی بوو، ئەمەش هەلومەرجێکی رەخساند کە لەبار نەبوو بۆ ئەوەی خەڵکی سیستەمی فیدراڵی پەسەند بکەن. من لە یەك شتدا لەگەڵ ئێوە هاوڕانیم ئەویش ئەوەیە کە فیدراڵی سەردەکێشێت بۆ سەقامگیری، من دەڵێم دەبێت سەرەتا سەقامگیری بچەسپێنین کە سەقامگیریش بە مانای دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری ئابووری و جێبەجێکردنی پرۆسەی پەروەردە دێت، دواتر دەبێت هەوڵی گرتنبەری سیستەمی فیدراڵی بدەین، واتە نابێت سیستەمێکی دیاری کراو بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت و دواتر هەوڵی هێنانەدی سەقامگیری بدەیت، کوردستان پارێزراو و سەقامگیربوو، دواتر دەرفەت بە هاوڵاتییان درا بۆ ئەوەی جۆری سیستەمە حکومڕانییەکەی خۆیان هەڵبژێرن.

نابێت سیستەمێکی دیاری کراو بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت و دواتر هەوڵی هێنانەدی سەقامگیری بدەیت

***مەترسی ئیستامان ئەوەیە حکومەتی عێراقی هەوڵی بەهێزکردنی دەسەلاتی مەرکەزی دەدات، ئایا بۆ هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە نین لامەرکەزیەت پیادەبکات بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی عێراق پێکەوە بژین؟**

- بە داخەوە ئەو حکومەتەی ئێستا د.مالکی سەرۆکایەتی دەکات و جڵەوی کاروبارەکانی بەدەستەوەیە لە عێراقدا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان دەدات بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێت بۆ پاراستنی دەسەلاتی خۆی، ئەمەش شێوازێکی دیموکراتی نییە بۆ بەرێوبردنی کاروبارەکان. من پێموایە دەبێت بەرێوبردنی ژیان و پەرەپێدانی ئابووری بە نامەرکەزی بکرێت، بەڵام حکومەتی عێراقی ئەم هەنگاوە نانێت لەبەر ئەوەی ترسی ئەوەی هەیە دەسەلات لە دەست بدات.

*** سەبارەت بە سرا کە ئێستا باس لەوە دەکرێت ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ دەبینین، پارتە سیاسییە گەورەکانی وەك حزبی دەعوە و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی دژی ئەم هەوڵەن. هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من پێموایە دەبێت پارێزگایەکی وەك بەسرە یان هەولێر ئاستێك لە ئۆتۆنۆمی و نیمچە سەربەخۆییەکی هەبێت، واتە لە رووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بێت، بەشێك لە کێشەکە ئەوەیە ئەو پارتە سیاسیانەی دەسەلاتیان بە دەستە پارتگەلێکی ئاینی و داخراون بەسەر لایەنێکی دیاری کراودا، بۆ نموونە کەسێکی سوننە ناتوانێت ببێتە ئەندامی حزبی دەعوە، ئەم حزبانەش هەر کاتێك گەیشتنە دەسەلات ئەوا بە ئاسانی دەستی لێهەڵناگرن. هۆکارەکەش بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە کە ئەوان ترس و نیگەرانییان هەیە لەوەی ئەگەر ئەو پارێزگایانە لە رووی ئابوورییەوە سەربەخۆبن، یاخود نیمچە سەربەخۆییەك بەدەست بهێنن ئەوا دەسەلاتیان کەم دەبێتەوە.

*** ئایاپەلەکردن لە پێکهێنانی هەرێمە فیدراڵییەکان، بۆ ئەوەی هەر ناوچەیەکی کاروباری خۆی بەرێوە ببات، نابێتە هۆی سەرکەوتنی ستراتیژیەتی ئەمەریکا بۆ کشانەوە لە عێراقدا؟**

- نەخێر، دەبێت پێکهێنانی ئەو هەرێمانە بە بەرنامە و بە شێوەیەکی لەسەرخۆبێت و تێکرای خەڵکی بەشداری تێدابکەن، لەبەر ئەوەی پەلەکردن پشێوی لێدەکەوێتەوە و ئەمەش خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی عێراق و خەڵکی عێراق و تەنانەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش ناکات.



ناسر ئیدریسی

*** لە سەردەمی سەددامدا عێراق وڵاتێکی داخراو و داپڕاو بوو، هەروەها زۆربەی پارتە بەرهەڵستکارەکان پارتگەلێکی شیعەبوون و لە ئێراندابوون، هەر ئەمەش وای کردووە چاویان لە گرتنبەری ئەو سیستەمی حکومڕانێتیە بێت کە لە ئێراندا هەیە، تەنیا کوردەکان پەیڕەوی لە شێوازی رۆژئاوایی دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی عێراق بە جیهانی مودێرن ئاشنابێت؟**

- من پێموایە بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی فیدراڵ و کراوە دەبێت ئایین و دەسەلات لە یەك جیابکەینەوە، کێشەکە ئەوەیە ئەو پارتانەی ئاماژەیان بۆ دەکەن پارتگەلێکی شیعەن و تەنانەت پارتگەلێکی ئیسلامیش نین، واتە تەنیا شیعەکان دەتوانن ببنە ئەندامی تێیاندا، بەو پێیە ئەوان پارتگەلێکی دیموکراتی نین، بە هەمان شێوە ئەگەر پارتە کوردییەکانیش تەنیا رێگە بە کوردەکان بدەن بۆ ئەوەی ببنە ئەندام ئەوا ناتوانین پێیان بڵێین حزبگەلێکی دیموکراتین.

*** ئەی ئەگەر فیدراڵی لە عێراقدا سەرکەوتنەبوو، یاخود ئەگەر حکومەتی عێراقی ئاستەنگی بۆ دروستکرد ئایا ئایندەی ئەم وڵاتە چۆن دەبینیت؟**

- ئەگەر رەوشەکە بەو شێوەیە بێت کە باسی دەکەیت ئەوا ئایندەیەکی سەرکەتوو و گەش چاوەڕێی عێراق ناکات، بەڵام ئەگەر ئەم پرۆسەیە لەسەرخۆ بڕوات و ئەگەر هەڵمەتی پەروەردە و هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییان بخرێتەگەڕ دەربارەی فیدراڵیزم ئەوا من گەشبین دەبم لە مەودای دووردا عێراق سەرکەوتوو دەبێت.

بۆیە من ئومێدم بە عێراق و بە عێراقییەکان هەیە و داوایان لێدەکەم یەکگرتوو بن، لەبەر ئەوەی ئەگەر یەکگرتووبوون ئەوا دەتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

●●●
ئێستا د.مالکی هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان دەدات بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێت بۆ پاراستنی دەسەلاتی خۆی
●●●

●●●
پێموایە دەبێت پارێزگایەکی وەک بەسرە یان هەولێر ئاستێک لە ئۆتۆنۆمی و نیمچە سەربەخۆییەکی هەبێت، واتە لە رووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بێت، بەشێک لە کێشەکە ئەوەیە ئەو پارتە سیاسیانەی دەسەلاتیان بە دەستە پارتگەلێکی ئاینی و داخراون
●●●

●●●
پێموایە بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی فیدراڵ و کراوە دەبێت ئایین و دەسەلات لە یەک جیابکەینەوە، کێشەکە ئەوەیە ئەو پارتانەی ئاماژەیان بۆ دەکەن پارتگەلێکی شیعەن و تەنانەت پارتگەلێکی ئیسلامیش نین
●●●





# هۆشیاری سیاسیمان بۆ بەشداری فراوان لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا پاڵپشتێکە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان

ژمارە (٧١١) ٢٠٠٨/١٢/١

هاوپەیمانی کوردستانی لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە بڕیارە لە ٢٠٠٨/١/٣١ ئەنجامبدرێت، لەسەر ئاستی هەر ٣ پارێزگای نەینەواو دیالەو سەلاحەدین بە شداری دەکات و ئەم ٣ ناوچەیەش دوای کەرکوك (کە ئەویش هەڵبژاردنەکەی دواخراوە و هەڵبژاردنی تیا ئەنجام نادرێت) بەگرنگترین هەڵبژاردنی چارەنووسساز لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دادەنرێن، لەبەر ئەوەی ئامانجی هاوپەیمانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی ئەو ناوچانە، ئەوەنییە کە چ لایەنێك زۆربەی دەنگەکان بەدەست دەهێنێت و زۆرترین ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگا بە دەست دەهێنێت، هەروەها لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە لە پارێزگای نەینەوا بەناوی لیستی برایەتی نەینەوا و لە سەرئاستی پارێزگای سەلاحەدین بە ناوی لیستی برایەتی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و لەسەر ئاستی پارێزگای دیالەش بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەشدار دەبێت، لەبەرامبەر کۆمەڵێك لیستی دیکە دادەبەزێت کە ئامانجی دوور و نزیکیان پەیوەندی بە دیموکراتی و پێکەوە ژیان و برایەتی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگایانەوە نییە و ئەوان بۆیە بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن بۆ ئەوەی درێژە بەو زوڵم وزۆرە بدەن کە سەدان ساڵە لەو ناوچانە لە دژی کورد پیادە دەکرێت، ئەوان دەیانەوێت بەرێگەی سندوقەکانی دەنگدان و بە تاکتیکی هەڵبژاردن وەك ئەوەی لە موسڵ بەرامبەر کۆتاکانی مەسیحی و کوردی شەبەك و کوردی ئێزدی ئەنجامیان داوە پێکهاتەی فرەیی ئەو ناوچانە بگۆڕن و جارێکی دیکەی ئەو واقیعەی سیاسەتی بەعەرەبکردن و دەرکردن و ڕاگواستنی ڕژێمی بەعس دروستیکردووە بیچەسپێننەوە، بۆیە زۆر گرنگە هاوڵاتییانی ئەو ناوچانە و هاوپەیمانی دیموکراسی و بونیادنانەوەی عێراقی نوێ زۆر بە هۆشیارییەوە لەگەڵ ئەم واقیعە کاربکەن و هەوڵبدەن نەك تەنیا کورد بەڵکو تێکرای بەرەی دیموکراسی و ئەوانەی بڕوایان بە بونیادنانەوەی عێراقی نوێ، عێراقی دیموکراتی و فیدراڵی هەیە دەنگ بدەن بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەو پارێزگایانەدا.

## دەبێت هۆشیارانە کاربکەین و بەرنامەی هاوپەیمانی کوردستان بۆ خەڵك ڕوون بکەینەوە

ئەرکی سەرەکی و گرنگمان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا لەم تەوەرە سەرەکییانەدا خۆی دەبینێتەوە:

١. دەبێت هەمووومان بەو ئاستە هۆشیاربین کە ئەم هەڵبژاردنانە هەڵبژاردنی چارەنووسسازن بۆ تێکرای گەلی کوردستان بە کورد و تورکمان و کلدوئاشووری و تەنانەت عەرەبە ڕەسەنەکانی ئەو ناوچانەش. هەربۆیە لەم هەڵبژاردنانەدا بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان وا پێویست دەکات کە بەرژەوەندی کەسی و ناوچەیی بخەینە لاوە و ئامانجی هەمووومان لە خاڵی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان یەکبگرێتەوە.

٢. بایەخدان بە چارەنووسی ئەو ناوچانە و هەوڵدان بۆ پاراستنی مافی هاوڵاتیبوون و ڕێگرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەبێ ئامانجێکی دیکەمان بێت و دەبێت هەمووومان ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت، ئەم ئامانجە بە بەشداری فراوان و کا ڕیگەری دەنگدەرانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەپارێزرێت و ئەگەر نوێنەرانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجوومەنی ئەو پارێزگایانەدا ژمارەیان کەم بێت ئەوا هەموو ئەو بڕیارانەی بەدژی هاوڵاتییانی ئەو ناوچانەی لە هەرێمی کوردستان دەدرێت، کەس نابێت ڕێگریان لێبکات و دەبێت هەموو بەو ئاستە هۆشیار بین کە ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەپێی یاسای تازەی پارێزگاکان دەسەڵاتێکی زۆر زۆریان دەبێت و بڕیارەکانیشیان لە زۆر مەسەلەدا کاریگەر و چارەنووسساز دەبێت.

٣. دەبێت ئەو بەرنامەیەی هاوپەیمانی کوردستان بۆ ئەم هەڵبژاردنە دایڕشتووە. زۆر بە هۆشیارانە بۆ ئەو دەنگدەرانەی ڕوونبکەینەوە کە ئومێدیان لێدەکرێت دەنگ بە هاوپەیمانی کوردستان بدەین هەروەها دەبێت ئەوانەی بێلایەنن هانبدرێن دەنگ بە هاوپەیمانی کوردستان بدەن.

٤. بەرنامەی هاوپەیمانی کوردستان بەرنامەیەکی داخراو نییە، بەڵکو بەرنامەیەکی کراوەیە، لەسەر ئاستی گەلی کوردستان زامنی مافی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان دەکات و بەپێی دەستووری کوردستان مافی خۆبەڕێوەبردن هەتا ئاستی دابینکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی وەك تورکمان و کلدو ئاشوری دابین دەکات، ئەمە بێجگە لەوەی لە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستانیشدا بەشدار دەبن، دەبێت هۆشیارانە ئەوەیان بۆ ڕوونبکەینەوە کە تورکمان و ئاشوری و کلدان بەرژەوەندیان لەوەدایە لەگەڵ گەلی کورد پارچەیەك بن لە گەلی کوردستان و دەستووری کوردستان ئەوان وەك نەتەوە سەیر دەکات بەڵام دەستووری عێراق ئەوان وەکو کەمینە و هاووڵاتی پلە دوو سەیر دەکات و کۆتاکانی ئەم جارەی هەڵبژاردنیش بەجۆرێك کلد وئاشوری لە موسڵ بێزارکردووە کە وەك هەندێك لەئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوە پێیان ڕاگەیاندین، لیستی عەشتار بەنیازە لە هەڵبژاردنەکان بکشێنەوە و بەشداری نەکەن.

٥. پێویستە زۆر بەڕوونی ئەو ڕاستییانە بۆ برا تورکمان و کلد و ئاشوورییەکان ڕوونبکەینەوە، ئێوە ئەگەر لەگەڵ هەرێمی کوردستان بن، قورسایی و قەوارەتان زیاتر دەبێت وەك لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدا بن، دەبێت ئەوەیان بۆ ڕوونبکرێتەوە کە ئێستا کلد و ئاشوورەکانی کوردستان یان تورکمانەکانی کوردستان هەریەکەیان چەندین کورسی پەرلەمانیان بۆ تەرخانکراوە، دەبێت ئەوە بزانن ئەوان لە کۆی تەنیا ١٠٠ کورسی بۆ نمونە کلد و ئاشوری ٥ کورسی بێجگە لە کریستیانەکانی کەرکوك و نەینەوا و تورکمانیش ٤ کورسی بێجگە لە تورکمانی کەرکوك و نەینەوا و دیالە

●●●

**ئەوان دەیانەوێت بەرێگەی سندوقەکانی دەنگدان و بە تاکتیکی هەڵبژاردن وەک ئەوەی لە موسڵ بەرابەر کۆتاکانی مەسیحی و کوردی شەبەک و کوردی ئیزدی ئەنجامیان داوە پێکهاتەی فرەیی ئەو ناوچانە بگۆڕن و جارێکی دیکەی ئەو واقیعەی سیاسەتی بەعەرەبکردن و دەرکردن و ڕاگواستنی ڕژێمی بەعس دروستیکردووە بیچەسپێننەوە**

●●●

●●●

**پێویستە زۆر بەڕوونی ئەو ڕاستییانە بۆ برا تورکمان و کلد و ئاشوورییەکان ڕوونبکەینەوە، ئێوە ئەگەر لەگەڵ هەرێمی کوردستان بن، قورسایی و قەوارەتان زیاتر دەبێت وەک لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدا بن**

●●●

ئەگەر ئەو ناوچانەش بگەڕێنەوە سەرهەرێمی کوردستان هێندەی دیکەش زیاتر نوێنەرانیان لەپەرلەمانی کوردستان زیاد دەبێت و دەبێت ئەوەش بزانن کە هەر کورسییەکی پەرلەمانی کوردستان لەبەرامبەر ٣ کورسی پەرلەمانی عێراقە، لەبەر ئەوەی کاتێك دەڵێن ٥ کورسی لە کۆی ١٠٠ کورسی یان ئەگەر ئەو ناوچانەش بگەرینەوە سەر هەرێمی کوردستان ئەم ڕێژەیە زیاد بکات بۆ ١٠ کورسی، ڕاستەخۆ دەبنە ڕێژەی ١٠٪ی دانیشتوانی کوردستان، کە هەرگیز لە ئاستی پەرلەمانی عێراق نابنە لە ٢٪ی دانیشتوانی عێراقیش، بۆیە ئەگە لەسەر ئاستی عێراق ٦ کورسی پەرلەمانیشتان هەبێت ئەوا هەر دەبنەوە بە ڕێژەی ٢٪ کە هیچ قورسایەکتان لەسەر ئاستی عێراق نابێت، بەڵام ئەگەر لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان بن ئەوا هەم لەسەر ئاستی کوردستان وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ خۆتان کاروباری خۆتان بەڕێوەدەبەن، هەمیش بەشدار دەبن لە هەڵسوڕاندنی کاروباری هەرێم، لەسەر ئاستی پەرلەمانی عێراقیش لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەبێتە نوێنەرتان کە هیچ کاتێك لە ڕێژەی ٣٠٪-٢٥٪ ڕێژەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق کەمتر نابن، کە باردۆخی عێراقیش بە ئاراستەیەك بەرەو گۆڕانکاری دەروات کە پێدەچێت هیچ لیستێك لە ئایندەدا هێندەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ناو پەرلەمانی عێراق قورسایی نەبێت، ئەمەش هەقیقەتێکە دەبێت زۆر هۆشیارانە لەبەر چاوی بگرین، ئەو لێکترازان و جیابونەوانەی لە نێو شیعەو سونە دروست بووە ئاسان نییە بۆ هیچ یەکێك لە پێکهاتە و هاوپەیمانییە تازەکان هێندەی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق دەنگ بەدەست بهێنێت، بێگومان ئەمەشمان لەبەر ئەوە نییە کە پێمان وابێت یان بەو جۆرە بەرنامەی هاوپەیمانی کوردستان شرۆڤە بکەین کە بڕوامان بە زۆرینەو کەمینەی هەڵبژاردن هەیە و نەخێر هاوپەیمانی کوردستان ئەگەر لەسەر ئاستی سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و زۆرینەی کورسییەکانیش پێکبهێنێت و تەکلیفیش بکرێت کابینەیەکی وەزاری پێکبهێنێت هەر کابینەیەکی بنکە فراوانی نیشمانی پێکدەهێنێت و هەر لەسەر بنەمای دیموکراتییەتی تەوافقی و پێکەوە گونجانی پێکهاتەکان و بڕیار دەدات.

٦. سەرکەوتنی لیستی هاوپەیمانی کوردستان یان دەنگدان بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەماناى ئەوە نییە هاوپەیمانی کوردستان دەیەوێت نەتەوەکانی دیکەی کوردستان بکات بە کورد، هەربۆ نمونە زۆر لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ و تەنانەت پارێزگاری موسڵیش کە برایەکی عەرەبە ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستانە، نوێنەری قەزای حەمدانیە خانمێکی کریستیانەو ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستانە، ئێستا بۆ ئەم هەڵبژاردنە وەك بەڕێز ئیبراهیم باجەلان سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە پێی ڕاگەیاندین نوێنەری قەزای جەلەولا لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان یەکێکە لە برا عەرەبەکانمان، بۆیە زۆر گرنگە لەوە هۆشیاربین و دۆستەکانیشمان هۆشیار بکەینەوە کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان دەکات بە عەرەبە رەسەنەکانیشەوە، هەروەها نوێنەرایەتی ئەو خەڵکە دیموکراسییە دەکات کە بڕوایان بەوەیە دەبێت عێراقی ئایندە عێراقێکی دیموکراتی بێت.

٧. دەبێت هەوڵبدەین دۆستەکانمان و دۆستەکانی عێراقی پشتگیریمان بکەن بۆ ڕێگری کردن لە سیاسەتی شۆڤینی و کۆتایهێنان بە سیاسەتی ڕەگەز پەرستی و شۆڤینی، دەبێت هەوڵبدەین کورسییەکانی ئەو کۆتایانە بەرێگەی دیموکراتیانە بیبەینەوە، کە ئێستا دەیانەوێت بە دانانی کۆتا و لەسەر بنەمای جیاوازی ئاینی و جیاوازی مەزهەبی کوردی شەبەك و کوردی یەزیدی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان جیا بکەنەوە، بردنەوەی ئەم کورسیانە بۆ بەرژەوەندی هاوپەیمانی کوردستان ئەو پیلانانە پوچەڵ دەکاتەوە کە ناحەزانی گەلەکەمان بۆ دابەشکردنی گەلی کوردستان پیادەی دەکەن.



**بۆ زیاتر بایەخدان بەم پرسە ئەم بەڕێزانە بەشداریان کردوین کە ئەمە بۆچوونەکانیانە.**

**دەبێت هەوڵبدەین کورسییەکانی ئەو کۆتایانە بەرێگەی دیموکراتیانە بیبەینەوە، کە ئێستا دەیانەوێت بە دانانی کۆتا و لەسەر بنەمای جیاوازی ئاینی و جیاوازی مەزهەبی کوردی شەبەک و کوردی یەزیدی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان جیا بکەنەوە**

### د.شیرزاد نەجار ئوستادی زانستی سیاسەت بۆ گوڵان:

# ئەم هەڵبژاردنانە پەیوەندی بە ئایندەی نەتەوەوە هەیە دەبێت ڕێژەی بەشداربوون زۆر بەرزبێت و لە ٨٠٪ کەمتر نەبێت

**د.شێرزاد نەجار ئوستادی زانستی سیاسەتە و دەرچووی زانکۆی ڤییەننا لە ئەڵمانیا و ئێستا بێجگە لەوەی راوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ کاروباری خوێندنی باڵا، وانەبێژی زانستی سیاسەتیشە لە زانکۆی سەلاحەدین و کۆیە و هەروەها لە زانکۆی ئەمەریکی لە بیروتیش .**

**د. شێرزاد نەجار بەرچاوی لە نێو میدیاکانی کوردستان وعێراق هەیە، هەروەها وەك چالاکێکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بەردوام لە زۆربەی کۆڕوکۆبنەوەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئامادەبوونی هەیە و بەشداریشە لە چالاکییەکانیانداو دەیان کۆڕ و سیمیناری لەم بوارەدا پێشکەش کردووەو لە بواری هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان و کۆمەڵگە لە رووی سیاسیەوە د. شێرزاد خاوەنی چەندین کتێبی تیوری سیاسیە و بەدەیان شرۆڤە و بەدواداچوونیشی لە میدیاکانی کوردستان بڵاوکردۆتەوە.**

**د.شیرزاد نەجار ماوەی چەند رۆژێکە لە زانکۆی ئەمەریکی لە بیروتەوە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، بەڵام لەبەر گرنگی بۆچوونەکانی و شرۆڤە سیاسیەکانی .، سەبارەت بە گرنگە بەشداربوونی هاووڵاتییان لە هەڵبژاردنەکان بە گشتی و لە ەڵبژاردنی ئەمجارەی پارێزگاکانی عێراق بەتایبەتی، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ سازکرد کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** بەشداری فراوان لە هەڵبژاردنەکاندا، بەشداریکردنی سیاسیشە، ئایا چۆن لە بەشداری فراوانی هاووڵاتییان دەڕوانیت لە سیاسەتدا؟**

- بەشداربوونی سیاسی یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی حکومڕانی و لە کارایی سیستەمی سیاسی، بەشداری سیاسی بەو مانایە دێت چۆن بتوانین هاووڵاتییان بهێنینە ناو پرۆسەی سیاسی، واتە بێ بەشداربوونی چالاکانەی هاووڵاتییان ڕەنگە پرۆسە سیاسیەکە ئاراستەیەکی هەڵە بگرێتەبەر، بۆ ئەوەی هاووڵاتییان مافەکانی خۆی بپارێزێت و ببێتە چاودێری سیستەمی سیاسی دەبێت بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکات. ئەمەش یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی دیموکراتی، لە ئەسڵدا دیموکراتیەت بۆ ئەوە هاتووە کە هاووڵاتییان رۆڵیان هەبێت لە سیاسیەتدا، بەو پێیە ئەگەر هاووڵاتییان بەشدارنەبوون لە پرۆسە سیاسیەکەدا ئەوا ناتوانین پێی بڵێین سیستەمێکی دیموکراسی. دەبێت ئەو بەشدرابوونە، بەشداربوونێکی هۆشیارانە و فراوان و ئیختیاری بێت، ئەمەش هاووڵاتییەکی چالاك دروست دەکات، لەبەر ئەوەی پێناسەی سیاسەت لای یۆنانییە کۆنەکان بریتی بوو لە چالاکییەکی ئینسانی بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی، چونکە کاتێك هاووڵاتی بەشداردەبێت لە سیاسەت چالاکییەکی ئینسانی دەکات لە هەمان کاتدا بەرژەوەندی گشتی دەپارێزێت. بەشداربوونی سیاسی لەو وڵاتانەدا گرنگترە کە تازە دەست بە پرۆسەی دیموکراتی دەکەن وەك لەو وڵاتانەی سیستەمی دیموکراسی چەسپاوە، لەبەر ئەوەی ڕەنگە بەشداری نەکردنی هاووڵاتییان نەبێتە هۆی مافخوارانیان لەو وڵاتەدا کە سیستەمە دیموکراسیەکە جێگیرە، بەڵام لە وڵاتی ئێمە ئەگەر هاوڵاتی بەشدارنەبوو، ئەگەر چاودێر نەبوو، ئەگەر چالاك نەبوو ئەوا مافەکانی دەکەوێتە مەترسیەوە. لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی دەستکاری مافەکانی دەکات، بەڵام ئەگەر بەشداربوو ئەوا دەسەڵاتی سیاسی سڵ دەکاتەوە.

*** ئەی سەبارەت بەکاریگەری ڕێژەی بەشداربوونی هاولاتیان، ئایا ئەم ڕێژەیە چ کاریگەرییەکی دەبێت ؟**

- بێگومان مەسەلەیەکی دیکە هەیە پەیوەستە بە ڕێژەی بەشداربوونەوە، لێرەدا ڕێسایەك هەیە، ئەویش ئەوەیە کە تاوەکو ڕێژەی بەشداربوونی هاووڵاتییان زیاتربێت ئەوا زیاتر کاریگەری دەبن لە سەر بڕیارەکان و زیاتر شەرعیەتی بە بیربۆچوونەکانی خۆیان دەدەن و ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی بڕیارەکانی دەسەڵاتی سیاسی بچەسپێت. بەڵام **ئەگەر بەشداری سیاسی نزم بوو ئەوا بۆشاییەك دروست دەبێت و لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە ئیستیغلال دەکرێت**، لەبەر ئەوە بۆ زەمانەتی مافی هاووڵاتییان دەبێت بەشداربوونی سیاسی لە هەر پرۆسەیەکی سیاسیدا، چ هەڵبژاردن بێت، یان راپرسی یان هەر نارەزاییەك لە ئاست بڕیارێك یان سیاسیەتێکدا، بەرزبێت. ڕەنگە بڵێن ڕێژەکە چەندە، لەوانەیە ئێوە بڵێن لە سەدا ٦٠ باشە، بەڵام من دەڵێم بۆ مەسەلە چارەنوسسازەکان و ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە ئایندەی نەتەوەیەکەوە هەیە ئەوا پێویستە ڕێژەکە لە سەدا ٨٠ بەرەو سەرەوە بێت بۆ ئەوەی ببێتە هەڵوێستێکی بەهێز و دەسەڵاتی سیاسی نەتوانێت دەستکاری بکات و هاووڵاتییان بتوانن خۆیان بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا بسەپێنن، ئەو کاتە ئیرادەی گشتی دروست دەبێت کە کار بۆ بەرژەوەندی گشتی دەکات نەك تەنیا کۆمەڵەیەکی دیاری کراو.

***هەڵبژاردن لەو ناوچە دابراوانەی هەرێمی کوردستان دەکرێت**



**که پێی دەوترێت ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە، ئایا مەترسی بەشداری نەکردن لەم شوێنانەدا چییە؟**

- مەترسیەکە لە دەستدانی مافەکانە، ئەو کاتە بەڵگەیەك دەدەیتە دەست بەرامبەرەکانت کە بتوانێت مشت و مڕت لەگەڵدا بکات و بە گوێرەی بەشداربوونەکەی مافت بداتێ، واتە تەنیا بە بەشداربوونێکی کارا دەتوانین مافەکان بچەسپێنیت، راستە ئەمە هەڵبژاردنە بەڵام دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی رای هاووڵاتییان لەو ناوچانەدا، بۆیە هاووڵاتییان لەو ناوچانەدا ئەرك و بەرپرسیارێتیان لە ئەستۆیە بۆ ئەوەی بەشداری جیددی بکەن تاوەکو مافەکانی خۆیان بەهێزبکەن و بیانچەسپێنن ئەگەر ئەم ئەرکە بەجێنەهێنن ئەوا کەمتەرخەمی دەکەن. لەلایەکی دیکەوە ئەرکی ئەو پارتە سیاسییانەیە کە بەشداری دەکەن، هەروەها ئەرکی دەزگاکانی راگەیاندنە کە بە شێوەیەکی عەقڵانی و مەنتیقی و واقیعی هەڵبستن بە خستنەگەڕی هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوە و روونکردنەوە بۆ هاووڵاتییان و لە مەترسی بەشدارنەبوون ئاگاداریان بکەنەوە، لەبەر ئەوەی لە عێراق و بە شێوەیەکی گشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هۆشیاری هەڵبژاردن لاوازە، مەبەستم لە هۆشیاری هەڵبژاردن ئەوەیە هاووڵاتی هۆشیاری ئەوەی هەبێت کە بەشدارە لە پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و لە هەڵبژاردنی حکومڕانەکاندا و ئەگەر ئەو رای نەبێت لە هەڵبژاردنی حکومڕانەکان ئەوا رەنگە بە شێوەیەکی دیکە بێنەسەر دەسەڵات کە مەترسی هەبێت بۆ سەریان. لەبەر ئەوەی بەشدارنەبوونی هاووڵاتییانی ئێمە لەو ناوچانەدا نەك هەردەبێتە هۆی دۆڕاندنی خاکەکەیان بەڵکو دەبێتە هۆی دۆڕاندنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان. لەبەر ئەوە جگە لە بەشداری گەورە و فراوان هیچ بەدیلێکی دیکەمان لەبەردەمدانییە و دەبێت خۆمان بسەلمێنن لەو هەڵبژاردانانەدا.

**لە ئەسڵدا دیموکراتیەت بۆ ئەوە هاتووە کە هاووڵاتییان رۆڵیان هەبێت لە سیاسیەتدا، بەو پێیە ئەگەر هاووڵاتییان بەشدارنەبوون لە پرۆسە سیاسیەکەدا ئەوا ناتوانین پێی بڵێین سیستەمێکی دیموکراسی. دەبێت ئەو بەشدرابوونە، بەشداربوونێکی هۆشیارانە و فراوان و ئیختیاری بێت**

***لەو ناوچانەدا هەندێ لایەن ئاسۆیەکی تەسکیان هەیە و هەندێ لایەنی دیکەی وەك لیستی هاوپەیمانی کوردستانی ئاسۆیەکی فراوانتریان هەیە لەبەر ئەوەی کورد و عەرەب و مەسیحی لە خۆدەگرن، چۆن بتوانین ئەوە روون بکەینەوە کە ئێمە هەڵگری پەیامی خێرین و خوازیاری ئەوەین سندوقەکانی دەنگدان برایەتی و پیکەوژیانی لێبکەوێتەوە بە پێچەوانەوەی بەرامبەرەکانمانەوە کە هەوڵی ئەوە دەدەن تاکڕەوی خۆسەپاندنی لێبکەوێتەوە، هەڵبەتە بە شێوەیەکی دیموکراسی؟**

- لە راستیدا ئەوە پێویستی بە روونکردنەوەی ئامانجەکان هەیە بە چەشنێك قەناعەتیان پێ بکەین کە هێنانەدی ئەم ئامانجانە دەبێتە هۆی خزمەتکردن بە بەرژەوەندی گشتی، واتە دەبێت ئەم ئامانجانە لە بەرنامەیەکی هەڵبژاردندا بەرجەستەبکەیت بە شێوەیەك کە رەنگدانەوەی خواست و ویستەکانی ئەوان بێت، واتە دەبێت بزانیت هاووڵاتییان چیان دەوێت چونکە ئەگەر تۆ لەسەر حەقیش بیت ئەوا ناتوانیت رای خۆت بەسەر هاووڵاتییاندا بسەپێنێت و هەر دەبێت قەناعەتیان پێبکەیت، دواتر ئەمە پێویستی بە هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوە هەیە لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە، هەروەها لە لایەن ئەو رۆژنامەنوسانەی کار لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەن، بۆ نموونە ئەنجامدانی رێپۆرتاژ لەگەڵ هاووڵاتییاندا گرنگە، لە لایەکی دیکەوە ئێمە راپرسیمان نییە کە دەبێت پێش هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی ئاراستەی گشتی لە ناو هاووڵاتییاندا دیاری بکات و دواتر کار لە سەر ئەنجامی ئەو راپرسیانەبکرێت. لە سیاسەتدا مەحاڵ بوونی نییە و تۆ دەتوانیت لەگەڵ لایەنەکانی دیکەشدا گفتوگۆ و وتوێژ بکەیت و ناکرێت لایەنەکانی دیکە بە دوژمن دابنێت و بڕیاری ئەوەی بدەیت کە مامەڵەی لەگەڵدا نەکەیت، چونکە زۆرجار ناچاردەبێت سازشی دولایەنەیە لەگەڵدا ئەو لایەنانەدا بکەیت کە خاوەنی پێگەیەکی جەماوەری گەورەن، ئایا ئەمە لە دوژمنایەتی دولایەنە باشترنییە.

**ئەگەر بەشداری سیاسی نزم بوو ئەوا بۆشاییەک دروست دەبێت و لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە ئیستیغلال دەکرێت**

*** چۆن ئەوە روون بکەینەوە کە بوونی فرەیی، جا چ فرەیی ئاینی بێت یان ئیتنی سەرچاوەی هێزە نەك بە پێچەوانەوە؟**

- لە راستیدا فرەیی شتێکی سروشتیە و تەنیا ئەو کۆمەڵگەیانە قبوڵی ناکەن کە پێیان دەوترێت کۆمەڵگە داخراوەکان، واتە ئەو کۆمەڵگەیانەی بەهای نوێ قبوڵ ناکەن و بە شتێکی نامۆی دەزانن و کەمتر کارلێك لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکەدا دەکەن، هەروەها ئەم کۆمەڵگەیانە کۆمەڵگەگەلێکی سستن و زیندویەتیان تێدانییە و ناتوانن لەگەڵ بەرەوپێشچونەکانی بواری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا خۆیان بگونجێنن. بە پێچەوانەوەی کۆمەڵگە فرەییەکانەوە کە بەهای نوێ یاخود بەهای جۆراجۆر هەیە لەو کۆمەڵگەیانەدا و ئەمەش بۆتە هۆی هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵگە و بەهێزکردنی حکومەت و دام و دەزگاکان و رازی بوونی هاووڵاتییان لە سیستەمە سیاسیەکە، بۆ نموونە لە ئەمەریکا و فەرەنسا و سویسرا و بەلجیکادا ئەمە بەدی دەکەین، واتە ئەم کۆمەڵگەیانە کۆمەڵگەگەلێکی زیندوون و چالاکن و جوڵەی تێدایە و نوێگەریان تێدایە، راستە سەقامگیرن بەڵام جم و جوڵیان تێدایە و چالاکن.

***ئەگەر بە هۆی کەمتەرخەمی هاووڵاتییانەوە ئەو کەسانەبوونە دەسەڵاتدار کە فرەیی رەت دەکەنەوە دەرئەنجامەکە چی دەبێت؟ ئایا چۆن دەتوانن روبەڕوی ئەو فیکرە ببینەوە کە باوەڕی بە پاکتاوی رەگەزی هەیە؟**

- لە راستیدا ئەگەر ئەو کەسانە ببنە دەسەڵاتدار ئەوا چارەنووسی کۆمەڵگەکە هەرەسهێنان و روخانە و کەسیش ناتوانێت پێشبینی دەرئەنجامەکانی بکات کە بە دیاری کراو چ ئاراستەیەك دەگرێتەبەر. ئەوەی پەیوەندی بە پاکتاوی رەگەزیەوە هەبێت ئەوا لە حاڵی حازردا تێکڕای جیهان بەرهەڵستی ئەم کارە دەکەن و هەر خودی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و هاندانی هاووڵاتییان بۆ ئەوەی بەشداریەکی چالاك لەم پرۆسەیەدا بکەن بۆ ئەوەیە کە بتوانن رێگە لە باڵادەستبوونی ئەو سیاسەت و دەسەڵاتانە بگرن کە باوەڕیان بە پاکتاوی رەگەزی هەیە.

***یەکێك لە مەترسیەکانی هەڵبژاردن ئەوەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسێکی وەك هیتلەر جڵەوی دەسەڵات بگرێتەدەست، لەبەر ئەوەی هیتلەریش بە هەڵبژاردنی هاتەسەر دەسەڵات، چۆن بتوانن رووبەڕووی ئەم مەترسیەوە ببینەوە؟**

- راستە ئەم مەترسیە بوونی هەیە، بەڵام کۆمەڵگەی ئەڵمانی لەو کاتەدا بەها دیکتاتۆرییەکان زاڵبوون بەسەریدا، لە دوای شکستهێنانی ئەڵمانیا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا هەوڵدرا کۆمارێکی دیموکراتی لە ئەڵمانیا دروست بکرێت، بەڵام دواتر گەڕایەوە بۆ بەها ئەسڵیەکانی خۆی کە بەهاگەلێکی دیکتاتۆری

بوون و هیتلەریش فێڵی لە ئەڵمانییەکان نەکرد، لەبەر ئەوەی بەرنامەکەی ئاشکرابوو، بەڵام خەڵکی ئەڵمانیا دەنگیان بۆدا، چارەسەرەکە ئەوەیە هاوولاتییان هۆشیاربکرێنەوە لە دەرئەنجامەکانی دەنگدان بە بەرنامە و کەسێکی ئاوها، لە راستیدا ئەم مەترسیە لە عێراقیشدا هەیە و بەدی دەکرێت، لەبەر ئەوەی پێشتر عێراقییەکان پەروەردەییەکی دیکتاتۆری کراون و کۆمەڵگەی دیموکراتی و کراوە بۆ ئەوان شتێکی نوێیە.

*** ئایا بە پێی دەستوری عێراقی هەڵبژاردنی پارێزگاکان چ بایەخێکی هەیە؟**

- لە راستیدا پارێزگاکان دەسەلاتێکی زۆریان هەیە لە رووی خەرجکردنی بودجە و مەسەلەکانی دامەزراندن و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و تەنانەت گۆڕانکاری ئیداری ئەگەر هاتوو بە زۆرینەی دەنگی ئەنجومەنی پارێزگاکەبوو، هەروەها دواتر دەتوانێت ببێتە هەرێمێکی فیدراڵیی، بەڵام جیاوازیەکەی لەگەڵ هەرێمە فیدراڵیەکاندا ئەوەیە ئەم هەرێمانە بەشداری لە حکومەتی مەرکەزیدا دەکەن و پارێزگاکان ئەم بەشداریە ناکەن و تەنیا لە رووی ئیداریەوە کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەببات، بەڵام لەبەر ئەوەی حاڵی حازر فیدارڵیەتەکە کەم و کوڕی تێدایە، ئەوا پارێزگاکان دەتوانن ئەم بۆشاییە ئیستغلال بکەن و واقیعی حاڵ بسەپێنن. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر پارێزگایەك بووە هەرێم ئایا بەش و هێز و رۆڵی ئەم هەرێمە چەندە دەبێت ئەوانە یەکلابکرێنەوە.

*** چۆن دەتوانین هاوسەنگی لەو پارێزگایانەدا پێکبهێنن کە فرەیی تێدایە؟**

- ئەوە پەیوەستە بە چۆنییەتی دەرکردنی بڕیارەکانەوە، بۆ نموونە ئایا بە زۆرینەی سادە بڕیارەکان دەردەچێت، یاخود بە زۆرینەی دو لەسەر سێ یان سێ لەسەر چوار، یان بە ئیجماع، بۆ نموونە لەو شوێنانەی کە دەزانین رێژەیەکی کەم دەهێنین دەبێت زەمانات هەبێت بۆ ئەوەی بڕیارەکان دژی ئێمە دەرنەچن. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت هەوڵ بدەین زۆرترین دەنگ و زۆرترین رێژەی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنانە بەدەست بهێنن تا ئەو راددەیەی مومکینە.

***ئایا چۆن لیستی هاوپەیمانی دەتوانێت لە پارێزگاکانی دیالە و موسڵ و تکریت رای هاوولاتییانی عەرەب بەلای خۆیدا رابکێشێت؟ ئایا ئەوان چیان دەوێت؟**

- ئاشکرایە ئەوان ژیانێکی ئاسودە و هێمنانەیان دەوێت و خوازیاری ئەوەن لە لایەن هێزەکانی دیکەوە دووچاری چەوساندنەوە نەبنەوە، دەکرێت ئێمە پێیان رابگەیەنین کە ئێوەش بەشداری لە لیستەکەی ئێمەدا بکەن و دەکرێت یەك بەرنامەمان هەبێت و ئامانجەکانمان لە یەك نزیك بێت و هەردوولاش رێکبکەوین کە دەسەڵات دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دیاری بکات، بەم شێوەیە دەتوانین متمانەیان بەدەستبهێنین و نیگەرانییەکانیان برەوێنینەوە.

***لە حاڵەتی نەبوونی سەرژمێریدا ئایا هەڵبژاردنەکان دەبنە بەدیلی ئامار و سەرژمێری وەك ئەوەی بەڕێز دی مستۆرا دەیکات لە ئیشکردنی لە سەر ماددەی ١٤٠؟**

- نەخێر، بەڵام بوونی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە هیچ باشترە و حاڵی حازر هەل و مەرجەکە رێگەنادات ئەگەرنا دەبێت سەرژمێریەکی راست و دروست و راستەقینەبکرێت، لە راستیدا دەبێت ئامانج لە هەڵبژاردنەکە دیاری بکرێت، ئایا دەنگدانەکە بۆ سەرژمێریە، یان بۆ راپرسییە یان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك یان ئەندامانی ئەنجوومەنێکی دیاری کراوە، ناکرێت هەڵبژاردنەکان بۆ دیاری کردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران ئەنجام بدرێت و دواتر دەرئەنجامەکانی بۆ مەبەستێکی دیکە، بۆ نموونە سەرژمێری، بەکاربهێنرێت ئەمە لە رووی یاسای و دەستووریەوە پوچەڵە و ئەوەی دی مستۆراش دەیکات کارێکی مەترسیدارە.

هەڵبژاردن تەنیا رێژەی ئەو لیستە ئاشکرادەکات لەو پارێزگایەدا، چونکە مەرج نییە هەموو کوردەکان دەنگیان بۆ ئەو لیستەدابێت، بەڵام دەبێت زۆرترین خەڵکی خۆمان دەنگ بۆ ئەم لیستە بدەن بۆ ئەوەی زۆترین رێژەی ئەندامی هەبێت لە ئەنجومەنەکانی ئەو پارێزگایانەدا بۆ ئەوەی مافەکانیان پارێزراوبێت و بتوانن بەرگریان لێبکەن، چونکە ئەگەر پێگەی ئەم لیستە لاوازبوو ئەوا مافەکانی ئەوانیش لاواز دەبێت، لە لایەکی دیکەوە دەبێت هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوە بخرێتەگەڕ بۆ ئەوەی هاوولاتییان لەو ناوچانەدا ئاگاداربکەنەوە کە دەبێت لە پێناو مەسەلە نەتەوەی و نیشتمانییەکاندا بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیان بخەنەلاوە، لەبەر ئەوەی مەسەلە نیشتمانییەکان پەیوەندی بە چارەنوسی میلەتێکەوە هەیە و بڕیارێك نییە لەسەر بەرژەوەندی بنیاتنرابێت. بۆ نموونە دەبێت ئەوەیان بۆ روون بکەینەوە کە ئەگەر کەمتەرخەم بوون ئەوا ناتوانن کاریگەربن لەسەر بڕیارەکانی پەیوەست بە خزمەتگوزاریەکانەوە لە ناوچەکانیاندا بۆ نموونە دروستکردنی پرد و رێگا و قوتابخانە و نەخۆشخانە و هتد، هەروەها لە مەسەلە چارەنوسسازەکانی دیکەدا وەك گەڕانەویان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

***ئێمە بیست ساڵە حکومڕانی خۆمان دەکەین و خەڵکی ئەو ناوچانە بۆ ماوەی شەش ساڵ دەبێت لە دیکتاتۆرییەت رزگاریان بووە، بەڵام دەبینن هێشتا ئاسەواری ئەو چەوسانەوەیان هەر لەسەر ماوە، ئایا چۆن ئەو ئاسەوانە بسڕینەوە، ئایا خۆیان ئامادەباش نیین، هێشتا سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرامبەریان نەگۆڕاوە؟**

- مەسەلەکە هەردوولایەنە، هەم حکومەت و هەم هاولاتییە، بۆ نموونە هاوولاتییان لەو ناوچانەدا بۆ ماوەیەکی دووردرێژ چەوسێنراونەتەوە و فشارێکی زۆریان لەسەرە و ناکرێت پێشبینی ئەوەبکەین بچنە قۆناغێکی دیکەی هۆشیاریەوە، لەلایەکی دیکەوە حکومەتیش گرفتی خۆی هەبووە، بەڵام دەبوایە بە لای کەمەوە هەڵمەتی راگەیاندن و هۆشیاری زیاتری بکردایە لەو ناوچانەدا.

*** وەك پرۆفیسۆرێکی زانستی سیاسەت چی بە خەڵکی دەڵێیت بۆ ئەوەی بە فراوانی بەشداری دەنگدان بکەن؟**

- پێیان دەڵێم **بەشداربونت زەمانەتە بۆ مافەکانت، بەشدارنەبونت مافەکانت لاواز دەکات، بەشداربونت زەمانەتە بۆ دیاری کردنی چارەنووست، بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری تەندروستی باشترت بۆ دابین بکرێت** بۆ ئەوەی قوتابخانە و زانکۆی باشتر بۆ مناڵەکانت دابین بکرێت بۆ ئەوەی باشتر سوود لە سەرچاوەکانی عێراق و هەرێم وەربگرن و پێیان دەڵێم دەرفەتی دامەزراندنت باشتردەبێت و پێگە و سەنگت لای دەسەڵاتی سیاسی زیاتر دەبێت و گوێ لە بیربۆچون و راکانت دەگیرێت و مافەکانت زیاتر دەبێت لای دەسەڵاتی سیاسی.

●●●

**بەشدارنەبوونی هاوولاتییانی ئێمە لەو ناوچانەدا نەک هەردەبێتە هۆی دۆڕاندنی خاکەکەیان بەڵکو دەبێتە هۆی دۆڕاندنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیان. لەبەر ئەوە جگە لە بەشداری گەورە و فراوان هیچ بەدیلێکی دیکەمان لەبەردەمدانییە و دەبێت خۆمان بسەلمێنین لەو هەڵبژاردانانەدا**

●●●

●●●

**فرەیی شتێکی سروشتیە و تەنیا ئەو کۆمەڵگەیانە قبوڵی ناکەن کە پێیان دەوترێت کۆمەڵگە داخراوەکان**

●●●

## پەرلەمانتار سیروان زەهاوی نوێنەری دیالە لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# ئەگەر بەجیدی و هۆشیاری کاربکەین و بەرنامەی خۆمان بۆ خەڵک روونبکەینەوە لە پارێزگای دیالە دەنگێکی زۆر بەدەست دەهێنین

**پەرلەمانتار سیروان عەدنان میرزا ناسراو بە سیروان زەهاوی نوێنەری پارێزگای دیالەیە لەپەرلەمانی عێراق و بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانی کوردستانیشە، زەهاوی خەڵکی شاری خانەقینە کە تائێستا ئەم شارە بەشێکە لە پارێزگای دیالە و یەکێکە لەو پەرلەمانتارە چالاکانەی کە هەموو کات رۆڵیکی چالاکانە دەگێرێت لەناو میدیاکانی عێراق و عەرەبی بۆ داکۆکیکردن لە مەسەلەکانی پەیوەست بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان و دەستووری عێراق و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠، سەبارەت بە گرنگی هەڵبژاردنەکانی پارێزگای دیالە بۆ هاوپەیمانی کوردستان و چۆنییەتی خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو هەڵبژاردنە، زەهاوی لە دیمانەیەکی تایبەتدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



**• یەکێك لەو پارێزگایانەی دیکەی عێراق کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەگرنگییەوە بەشداری هەڵبژاردنەکانی تێدا دەکات پارێزگای دیالەیە ئایا، بایەخی پارێزگای دیالە لەم هەڵبژاردنانە بۆ هاوپەیمانی کوردستان چییە ؟**

- بە شێوەیەکی گشتی هاوپەیمانی کوردستانی بەشداری لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا کردووە چ هەڵبژاردنی پەرلەمانی بێت یان ئەنجومەنی پارێزگاکان یان ئەنجومەنی قەزاو و ناحیەکان بێت، ئێمە دەزانین کە لە کۆتایی مانگی یەکی ساڵی نوێدا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکرێت و شەش مانگ دوای ئەوە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزا و ناحیەکان دەکرێت. لە راستیدا قورسایی ئێمە لە پارێزگای دیالەدا کەتۆتە خانەقین و جەلەولا و سەعدیە و قەرەتەپەوە و ئێمە رێژەیەکی گەورەمان نییە لە ناوچەکانی دیکەی ئەو پارێزگایە وەك بەعقوبە و خاڵس و هتد و دەبێت راشکاوبین کە ئێمە پێشتریش لە سەر ئاستی پارێزگای دیالە و لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا تەنیا دوو کورسیمان بەدەستهێنا و ئەو ئەندامەی دیکەی هاوپەیمانی کوردستانی کە لەسەر پارێزگای دیالەیە بە زیادەی نیشتمانی ئەو کورسییەی بەدەستهێنا.

ئەوەی پەیوەندی بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاوە هەبێت ئەوا ئێمە بە پێی رێژەی خۆمان لەو پارێزگایە قورساییمان دەبێت لەو ئەنجومەنەدا بەڵام لە ئەنجومەنی قەزا و ناحیەکاندا ئەوا لە خانەقین زۆرینەی بەدەست دەهێنن ئەگەر سەد دەر سەد بەدەست نەهێنین ئەوا زۆرینەی رەها بەدەست دەهێنین، هەروەها لە قەرەتەپە و جەلەولا و سەعدیەش زۆرینە بەدەست دەهێنین. ئەگەر هەوڵ و کۆششی زیاتر بکەین و بە وردبینی و ژیرانەوە کاربکەین و بەرنامە و ئەجێندا و تیروانینی خۆمان بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە روون بکەینەوە و بیانگەیەنینە ئەو قەناعەتەی کە لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا مافەکانیان باشتر دابێن دەکرێت و بەرژەوەندییەکانیان باشتر دەپارێزرێت ئەوا دەتوانن دەنگی عەشیرەتە عەرەبەکانی ئەو ناوچەیەش بەلای خۆماندا رابکێشین. لە هەڵبژاردنەکانی پێشتریشدا چەندین سەرۆك عەشیرەتی عەرەب دەنگیان بۆ ئێمەدا و ئێمە چەندین سەردانمان بۆ رێکخستن و چاویان بە چەندین بەپرسی ئێمە کەوت، من لەو باوەڕەدام کە ئەگەر بە گەڕ و تینێکی زیاترەوە ئیش بکەین ئەوا دەتوانین تەکانێك بەو رێژە و قەبارەی خۆمان بدەین لەو پارێزگایەدا.

هەروەها ئێمە دەتوانین ئەوەیان بۆ روونبکەینەوەو دڵنییایان بکەینەوە کە بە گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەرهەرێمی هەرێمی کوردستان. ئێمە باوەڕمان بە پێکەوەژیان و مافی هاوڵاتیبوونە و دەستووری هەرێمی کوردستان باس لە بوونی نەتەوەکانی دیکەی وەك عەرەبە و تورکمان و ئاشووری دەکات لە کوردستان و هاوڵاتیبون بە بنەمای مافەکان دەزانێت نەك کوردبوون. باشتر مافەکانی بە هاوڵاتیبون و مافەکانی مرۆڤ دەپارێزرێت. لە راستیدا دەبێت بەرنامەی هەڵبژاردن و هەڵمەتی سیاسی ئێمە لە پارێزگاکانی موسڵ و دیالە و تکریت جیاوازبێت لەو هەڵمەتی هەڵبژاردنانەی لە هەولێر و سلێمانی دیکەین، لەبەر ئەوەی نەتەوەی دیکە لەو پارێزگایانەدا لەگەڵ ئێمەدا دەژین، من ناڵێم عێراقچێتی بکەین بەڵام دەڵێم دەبێت بەرنامەی ئێمە لەو پارێزگایانەدا رەگێکی نیشتمانپەروەرێتی عێراقی تێدابێت و ئەوەیان بۆ روون بکەینەوە کە جێبەجێبونی ماددەی ١٤٠ لەو ناوچانەدا بەرژەوەندیەکانیش ئەوانیش زامن دەکات. لە وڵاتانی ئەوروپا حزب هەبووە قەبارەکەی تەنیا لە سەدا ١ی دانیشتوان بووە بەڵام بە هۆی ئەوەی بەرنامەیەکی سیاسی تۆکمە و باشی هەبووە توانیویەتی لە سەدا ٦٠ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت لەبەر ئەوە ئەندام بوون لە حزبدا جیاوازە لە بەدەستهێنانی دەنگ، ناتوانین بڵێین پارتی و یەکێتی ئەوەندە ئەندامیان هەیە بۆیە هاوپەیمانی ئەوەندە دەنگ بەدەست دەهێنن، نەخێر ئێمە دۆستمان هەیە کە دەتوانین دەنگەکانیان بەدەست بهێنین

هەرچەنــــدە ئەندامیش نین و ڕەنگە کوردیش نەبن. ئێمە چەندیدن کۆڕ و سیمینارمان بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی زەمینەی بەدەستهێنانی دەنگی زیاتر خۆشــبکەین و چاوەڕوانی پاڵپشتی سەرکردایەتی سیاسین و پشت بە خوا دەرئەنجامەکان باشتردەبن.

**• لەسەر ئاستی پارێزگای دیالە مەترسی ئەوە هەیە ئەمجارەیان دەنگی دووەم بەدەست نەهێنینەوە و پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا بدۆڕێنین، ئایا بەرای جەنابت ئەمجارە ڕێژەی بەدەستهێنانی دەنگەکان بۆ ئێمە چۆن دەبێت؟**

- بەڵێ ئەم مەترســییە هەیە و بەڵام نابێت ئەم مەترسییە وامان لێبکات بێ ئیرادە بین و ئیش نەکەین، ڕاستە ئەمجارە سوننە دەنگی یەکەم دەهێنێت و من دڵنیام کە پۆستی یەکەم بۆ ئەوان دەبێت ئەم مەســـەلەیە یەکلابۆتەوە، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە پۆستی دووەمە کە لە نێوان شــیعە و کوردەکاندایە. من پێم وایە ئەگەر ژیرانە و بە ووردبینیـــەوە لە ڕووی فیکری و لە ڕووی عەمەلییەوە کاری جیددی بکەین دەتوانین دەرئەنجامی باش بەدەست بهێنین، بەڵام گرنگترین شـــت ئەوەیە ئێمە زەمانەتی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێن و بەرنامەیـــە بکەین کە هەمانە لەبەر ئەوەی زۆرکەس گلەیی لەوە هەیە کە بەڵێنەکان جێبەجێنەکراون کە زۆرجار ئێمەش نەمانتوانیوە بەڵێنەکانی خۆمان بهێنینەدی، واتە خاڵی هێزی ئێمە ئەوە دەبێت زەمانەتـــی جێبەجێکردنی بەرنامە چاکســـازیەکی خۆمان بکەین و قەناعەتیـــان پێ بکەین کە بە گەڕانەویان بۆ ســـەر هەرێمی کوردستان مافی زیاتر بەدەست دەهێنن. لە لایەکی دیکەوە دەبێت ئیش لەسەر ئەو خەڵکانە بکەین کە لە کوتلە سیاسییەکانی دیکە توڕەن، ئیش لەســـەر ئەو خەڵکانە بکەین کە دەڵێن دەنگ نادەین، ناڕەزاییەکی زۆر هەیە لە دیالە لەبەر ئەوەی تەنیا لە سەدا یەك و نیوی بودجەی ئەو پارێزگایە سەرفکراوە دەبێت ئیش لە سەر خاڵە لاوازەکانی ئەوانی دیکە بکەین.

***ئایا دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن چی بکەن بۆ بەزرکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان؟**

- ســـەرەتا دەبێت ئەو هەڵ و کۆششـــانە بۆ هاوڵاتیانی خۆمان ڕوون بکەینـــەوە کە هاوپەیمانی کوردســـتانی پێی هەڵســـاوە بۆ بەدەســـتهێنانی ئامانجەکانمان، بۆ نموونە هەوڵ و کۆششەکانی لیژنەی گفتوگۆکاری ماددەی ١٤٠ لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا بۆ خەڵکـــی ڕوون بکەینـــەوە لەبەر ئەوەی زۆر شـــت هەیە کە خەڵکـــی ئاگاداری نین، هەروەها ئەوەیـــان بۆ ڕوون بکەینەوە کە چۆن بەرپرس و پەرلەمانتارەکانی هاوپەیمانی کوردستانی توانیان ئینقلاب و پیلانگێڕانەکەی ٢٢ی تەمووز بۆ لەناوبردنی ماددەی ١٤٠ پوچەڵ بکەینەوە، دواتر دەبێت باس لەو بەربەستانەی بکەین کـــە ڕێگربوونە لە بەردەم کاری هاوپەیمانی کوردســـتانیدا کە لە دەرەوەی دەســـەڵات و ئیرادەی ئێمەبووە، خاڵێکی تر ئەوەی دەبێت ئێمـــە دان بە هەڵە و کەم و کوڕیەکانی خۆماندا بنێین، ڕاســـتە کۆســـپ و ئاســـتەنگ هەبووە بەڵام ئێمـــەش کەمتەرخەمیمان هەبووە بەڵام گرنگە ئەوەیە بەردەوام نەبین لەسەریان و دووبارەیان نەکەینـــەوە، داننان بـــە هەڵەکاندا دەبێتە هۆی بەدەســـتهێنانی متمانەی دەنگدەر، بەڵام دەبێت ئێمـــە ئەوەیان بۆ ڕوون بکەینەوە کە بەرنامەمان بۆ چارەسەرکردنیان داناوە و هەنگاوی پێویستمان گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی دووبارە نەبنەوە. هەروەها ئێمە دەتوانین ئیش لەســـەر ئەو دەنگدەرانە بکەین کە توڕەن لە کوتلە سیاسییەکانی خۆیان، بەڵام سەرەتا دەبێت هۆکاری توڕەبوون و دوورکەوتنەوەیان دەستنیشـــان بکەین، بۆ نموونە ڕەنگە بە هۆی پێشکەشنەکردنی خزمەتگوزارییەوە بێت کە هاوپەیمانی کوردســـتانی دەتوانێت ئەم کێشەیە چارەسەربکات و پێیان بڵێت کە ئێوە دەتوانن لە کوردستاندا مافی زیاترتان هەبێت و بەرژەوەندیەکانتان باشـــتر دەپارێزرێت یان هەر کار و پرۆژەیەکی دیکەیان بۆ بکات بە مەرجێك دژیەك نەبێت لەگەڵ مەســـەلە سەرەکیەکانی کوردســـتاندا وەك جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.

***ئێمـــە لە ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردســـتانەوە لە ئەنجوومەنـــی پارێزگاکانی دیکـــە دەڕوانین، بەڵام ئەنجوومەنی پارێزگاکانی دیکە دەسەڵاتێکی زیاتر و فراوانتریان هەیە، ئەگەر ڕوونکردنەویەکتان هەبێت لەم بارەیەوە؟**

- بە پێی ماددە ١١ی ســـاڵی ٢٠٠٨ی تایبەت بە پارێزگاکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، نەك ئەوانەی ئێستا هەن بەڵکو ئەوانەی لە دوای هەڵبژاردنەوە دروســـت دەبن، دەسەڵاتێکی ڕەهایان هەیە، تەنانەت دەســـەڵاتی پێشکەشـــکردنی پرۆژە یاسایان هەیە، ئەمە دەســـەڵاتی پەرلمانە، واتە دەسەڵاتێکی تەشریعیان هەیە هەروەها بودجەی تایبەتی خۆیان هەیە، بەو پێیە دەسەڵاتەکانیان نزیکە لە دەســـەڵاتی هەرێمێکەوە، واتە دەسەڵاتێکیان زۆریان دەبێت و وەك هەرێمێکی فیدراڵیان لێدێت، بۆیـــە دەبێت بە هەمو هێزێکمانەوە بەشداربین زۆر زیاتر لە ڕابردوو. دەبێت هەموو پارتە سیاسییەکان بە هەمو قورسای خۆیانەوە کار لەسەر ئەو ناوچانەبکەن و سەرکردە سیاسی و ڕۆشـــنبیرییەکان بێنە ئەو ناوچانەوە ئاستی هۆشیاری خەڵك بەرزبکەنەوە، هەروەها دەبێت خەڵکی پســـپۆڕ و ئەکادیمی ئێمـــە ڕوو لەو ناوچانەبکەن و کۆڕ و ســـیمینار بکەن بە تایبەتی ئەوانەی لە ئەسڵدا خەڵکی ئەو ناوچانەن.

**ئەمجارە سوننە دەنگی یەکەم دەهێنێت و من دڵنیام کە پۆستی یەکەم بۆ ئەوان دەبێت ئەم مەسەلەیە یەکلابۆتەوە، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە پۆستی دووەمە کە لە نێوان شیعە و کوردەکاندایە**

**لە هەڵبژاردنەکانی پێشتریشدا چەندین سەرۆک عەشیرەتی عەرەب دەنگیان بۆ ئێمەدا و ئێمە چەندین سەردانمان بۆ ڕێکخستن و چاویان بە چەندین بەپرسی ئێمە کەوت**



## پەرلەمانتار موحسین سەعدون نوێنەری نەینەوا لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# دەبێت زۆر هۆشیار بین، لیستی حەدبا کە نوێنەرایەتی عەرەبی موسڵ دەکات دروشمەکانی دژی کوردە و کورد و مەسیحی لە موسڵ بە نامۆ دەزانێت

**پەرلەمانتار موحسین سەعدون ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و نوێنەری نەینەوایە لە پەرلەمانی عێراق و یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی لەنزیکەوە چاودێری هەڵبژاردنەکانی پارێزگای نەینەوا دەکات، ئەم ئەندامەی پەرلەمانی عێراق لەگەڵ ئەوەی گەشبینە بە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنەو پێی وایە لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەتوانێت بێجگە لەوەی لەمەرکەزی شاری موسڵ دەتوانێت دەنگێکی بەرچاو بەدەست بهێنێت، لە کۆی نۆ قەزاکەی سەر بە پارێزگای نەینەواش بەپێی مەزندەی ئەم ئەندام پەرلەمانە دەتوانێت لە ٥ قەزادا زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەو ئاماژەی بەوەکرد کە ئەم دەنگانە یان بەدەستهێنانی ئەو دەنگانە پێویستی بە هۆشیاری خۆمان هەیە و دەبێت هەوڵێکی زۆر بدەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو دروشمانە پوچەڵ بکەینەوە کە لەلایەن لیستێکی شۆڤێنی وەك لیستی حەدباوە دژی کورد بڵاو دەکرێنەوە و ئەمەش دەقی لێدوانە تایبەتەکەی بەرێز موحسن سەعدونە بۆ گوڵان.**



*** پارێزگای نەینەوا لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی عێراقدا بایەخێکی گرنگی بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان هەیە کە بەناوی لیستی برایەتی نەینەوا بەشدار دەبێت، ئێمە دەخوازین بەرێزتان وەك نوێنەری نەینەوا لە پەرلەمانی عێراق باسی گرنگی ئەم هەڵبژاردنەمان بۆ بکەن ؟**

- ئێمە ئومێد دەکەین لیستی برایەتی نەینەوا رۆڵێکی گەورە ببینێت لەو هەڵبژاردنانەدا، لەبەر ئەوەی گرنگیەکی زۆری هەیە چونکە کوردێکی زۆر هەیە لە ناو شاری موسڵ و لە قەزا و ناحیەکان، بەو پێیە دەبێت چالاکییەکی زۆر ئەنجام بدەین و هەڵبستین بە روونکردنەوەی مەسەلەکان بۆ دەنگدەران، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری دەنگدەر هەیە کە راگوێزراون و ژمارەیان دەگاتە زیاتر لە ١٧٠٠٠ خێزان کە مافی دەنگدانیان هەیە و من کەسێکم کە پەیوەندیدارم بە موتابەعەکردنی مەسەلەی هەڵبژاردن لە موسڵدا، ئەنجوومەنی موسڵ ٣٧ کورسی هەیە و لە حساباتی هەڵبژاردنی خۆماندا، لە ٩ قەزا ئێمە پێمان وایە لە پێنجیاندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنین لەبەر ئەوەی زۆرینەیان کوردن و دەبێت سوود لەم دەرئەنجامە وەربگرین. کاتێك دەڵێم پێنج قەزا ئەوا هەر سێ قەزای شەنگال و شێخان و مەخمور زۆرینەیان کورد و بە تەقدیری من ئێمە لە ناحیەکانی بەرتلە و تلکێف و بەعشیقە و چەند ناحیەکی دیکە وەك بەعاج کە کوردی یەزیدی تێدایە و هەروەها ناحیەی زوممار و رەشیدیە زۆرینە پێکدەهێنین کە کورد زۆرینە پێکدەهێنێت، ئەوا بە تیڕوانینی من ئەمە دەکاتە دوو قەزای دیکە کە لە بەرژەوەندی ئێمە دەنگ بدەن و بە لێکدانەوەی ئێمە دەنگەکانیان مسۆگەرە بۆ هاوپەیمانی کوردستانی.

من پێموایە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی پاڵێوراوان و دەنگدەران بکات بە تایبەتی لە موسڵدا لەبەر ئەوەی ئەمە تەحەددایەکە بۆ ئێمە و دەبێت سەنگ و پێگەی خۆمان بەدەست بهێنین، چونکە چەند لایەنێك هەن هەوڵی پەراوێزکردنی کورد و سەرکردە کوردەکان دەدەن و تەنانەت دەنگی ترسناکیش هەیە لە موسڵدا دژی کورد. بە گشتی ٣٧ قەوارە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی موسڵدا دەکەن و دەبێت لەم هەلومەرجە سەختەدا بە هەر شێوەیەك بێت رای دەنگدەران بەلای خۆماندا رابکێشین بەتایبەتی ئەوانەی لە ژێر فشاری هێزە ئیرهابییەکاندان.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە هەندێك لیست هەنە لە ناو پارێزگای نەینەوا کە بەشێوەیەکی ترسناك دژایەتی کورد دەکەن، ئایا بەرێزتان دەتوانن ئاماژە بەو لیستانە بکەن ؟**

- لە ناو موسڵدا چەندین لیست هەن کە بەشداری دەکەن و نوێنەرایەتی عەرەبی موسڵ دەکەن ئەمانە کێشە نین، بەڵام کێشەکە ئەوەیە لیستی حەدبا دروشمی دژی کورد بەرزدەکاتەوە و ئێمە پێشتر روونمان کردۆتەوە کە ناکرێت نکۆڵی لە بوونی کورد و مەسیحییەکان بکرێت لە موسڵدا، دەبێت کوردەکان ئاگاداری ئەم لیستە بن کە هەموو لایەنەکانی دیکە لە موسڵدا بە غەریب دەزانێت، دەبێت بۆ هۆز و بنەماڵەکانی موسڵ روون بکەینەوە کە ئێمە نزیکترین کەسین لێیان و کوردستان لێیان نزیکە و ناکرێت هیچ لایەك پەراوێزبکرێت و دەبێت کار لەگەڵ دەنگە میانڕەوەکاندا بکەین بۆ ئەوەی بواری ئەو لایەنانە تەسك بکەینەوە کە دەیانەوێت رۆڵی کورد پەراوێز بکەن. هەروەها لیستی ساڵح موتڵەگ جەخت لەسەر

عەشائیرە عەرەبەکانی ناو موسڵ و دەرەوی موسڵ دەکاتەوە و قورسایی خۆی هەیە،

*** موسڵ تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ هەموولایەك، بۆ هاوپەیمانی کوردستانیش بێگومان ئەم تایبەتمەندییە گرنگە، ئایا بۆچی موسڵ هێندە بۆ هاوپەیمانی کوردستان گرنگە؟**

- ئێمە کە دەڵێین موسڵ یان پارێزگای نەینەوا بۆ هاوپەیمانی کوردستان گرنگە و تایبەتمەندی خۆی هەیە بەو مانایە نییە کە ئێمە مەبەستمان ئەوەیە موسڵ بکەینە بەشێکە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام هەروەك لە دەستووری عێراقیدا هاتووە هەندێ ناوچەی موسڵ مەشمولە بە مادەی ١٤٠، ئێمە دەبێت ئەمە روونبکەینەوە بۆ خەڵکی کە ئێمە نامانەوێن بە زەبری هێز ئەو ناوچانە بگەڕێنینەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەڵکو لە دەستووردا ئالیەتەکە دیاری کراوە وەك ئاسایکردنەوە و سەرژمێری و راپرسی و کاتێك ئەو خەڵکەی زیاتر لە نیو سەدەیە تەعریب دەکرێت و دەربەدەردەکرێت ئێستا کە دیموکراتی هەیە دەیەوێت بە پێی دەستوور مومارەسەی مافی خۆی بکات، نابێت ئەمەش ببێتە بارگرانییەك لەبەر ئەوەی ئەوە مافێکی رەوای ئەو خەڵکەیە و دەستووری زامنی کردووە. ئێمە لەگەڵ رێزماندا بۆ عروبیەتی شاری موسڵ و کەسایەتییەکانی بەڵام کوردەکانیش سەنگ و قورسای خۆیان دەبێت لەم شارەدا و لە سایەی سیستەمی دیموکراسیدا ئەنجوومەنەکانی ئەو قەزا و ناحیانەی زۆرینەیان کوردن سەر بە هاوپەیمانی کوردستانی دەبن، بۆ نموونە لە شێخان و زوممار کوردەکان سەرکەوتوو دەبن لەبەر ئەوەی زۆرینەن. لەبەر ئەوە دەبێت کوردەکان ئەم ساتەوەختە زۆر هەستیارە لەبەرچاوبگرن و زۆر بە جیددی بیر لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی هاوپەیمانی کوردستانی بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ماف و دەستکەوتەکانیانت بپارێزێت.

***کەواتە ئایا بەشداری کوردستانیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵدا چ گرنگییەکی دەبێت؟**

- ئەنجوومەنی پارێزگا لە رووی ئیدارییەوە حوکمی ئەو قەزا و ناحیانە دەکات کە ئاماژەمان پێکردن و زۆرینەیان کوردن هەم لە رووی خزمەتگوزاری و هەم لە رووی ئیداری و هەم لە رووی دامەزراندنەوە، لەبەر ئەوە دەبێت رۆڵی هاوپەیمانی کوردستانی لەم ئەنجوومەنەدا رۆڵێکی گەورە بێت.

*** خاڵێکی دیکەی گرنگ پەیوەستە بە هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان و هاندانیان بۆ ئەوەی بەفراوانی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، ئایا چۆن بتوانین لەم هەڵمەتە سەرکەوتوو بین ؟**

- لە راستیدا پێویست بە روونکردنەوە و هاندانی دەنگدەرەکانی خۆمان دەکات و ئەرکەکەش دەکەوێتە ئەستۆی پارتە سیاسییەکانی ئێمە لەو شارەدا بە تایبەتی دوو پارتە سەرەکییەکە، هەروەها لە لایەن رێکخراو و دەزگاکانی راگەیاندنەوە لەبەر ئەوەی یەك لیستمان هەیە و یەك چارەنووسمان هەیە لەو پارێزگایەدا.

*** چۆن دەزگاکانی راگەیاندن و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنین؟**

- من پێموایە دەرفەتێکی زۆر هەیە لە بەردەم هەرێمی کوردستاندا بۆ هاوکاری کردنی لیستی برایەتی نەك بە پێشێلکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بەڵکو بە هاندانی دەنگدەران و کارئاسانی کردن بۆ دەنگدەران بۆ ئەوەی بگەنە بنکەکانی دەنگدان، ئەرکێکی نیشتمانی هەموو لایەکمانە کە هاوکاری بکەین بۆ ئەوەی باشترین دەرئەنجام لەم هەڵبژاردنانەوە بەدەست بهێنین.



●●●
**لیستی حەدبا دروشمی دژی کورد بەرزدەکاتەوە و ئێمە پێشتر روونمان کردۆتەوە کە ناکرێت نکۆڵی لە بوونی کورد و مەسیحییەکان بکرێت لە موسڵدا، دەبێت کوردەکان ئاگاداری ئەم لیستە بن کە هەموو لایەنەکانی دیکە لە موسڵدا بە غەریب دەزانێت**
●●●

●●●
**ئەنجوومەنی پارێزگا لە رووی ئیدارییەوە حوکمی ئەو قەزا و ناحیانە دەکات کە ئاماژەمان پێکردن و زۆرینەیان کوردن هەم لە رووی خزمەتگوزاری و هەم لە رووی ئیداری و هەم لە رووی دامەزراندنەوە**
●●●



# هەولێر و لێکتێگەیشتن و هـ

تورکیا و هەرێمی کوردستان ئەگەر هیچیان پێویستیان بەو دیکەشیان نەبێت، دەبێت لەسەر ئەو راستیە هەڵوەستەی جدی بکەن کە پێیان خۆش بێت یان پێیان ناخۆش بێت دراوسێی یەکترین و بتوانن هەمووشتێک بگۆڕن بەڵام ناتوانن جوگرافیا بگۆڕن، تورکیا دەتوانێت پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ببرێت، هەروەها هەرێمی کوردستانیش دەتوانێت بایکۆتی کۆمپانیاکانی تورکیا بکات و نەهێڵیت هیچ کامیان لە کوردستان کاربکەن یان سەرمایەکانییان وەگەڕ بخەن، تورکیا دەتوانێت دەستبەرداری نەوتی کوردستان بێت و لە وڵاتێکی دیکە نەوت بکڕێت، هەرێمی کوردستانیش دیسان دەتوانێت نەوتی خۆی لە رێگەی وڵاتێکی دیکە بنێرێتە دەرەوە، بەڵام دیسان هیچ لایەکیان ناتوانن جوگرافییای ناوچەکە بە جۆرێك بگۆڕن کە دراوسێکانییان بە دڵی خۆیان بێت. ئێمە ئەگەر بەخواستی خۆمان بوایە زۆر حەزمان دەکرد نەمسا و سویسرا و فەرەنسا دراوسێمان بونایە، لەوانەیە تورکیاش حەزی بکردایە چەند دەوڵەتێکی دیکە دراوسێی بوایە .

لەم روانگەیەوە کە هیچ لایەك ناتوانێت جوگرافیا بگۆڕێت ئەوا دەبێت هەوڵبدرێت پێکەوە گونجان و پێکەوە هاریکاریکردن وبەرژەوەندی هاوبەش و لێکتێگەیشتنی هاوبەش بۆ بونیادی پەیوەندییەکی هاوسەنگ دروستبکرێت، بەم ئاراستەیە لەوانەیە هیچ لایەك هێندەی هەرێمی کوردستان پێویستی بە تورکیا نەبێت، لەبەر ئەوەی تورکیا لەسەر ئاستی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق و هەرێمی کوردستان لە هەمووان پێشکەوتوتر و دیموکراتیترە، هەربۆیە ئەگەر تورکیا تێگەیشتنێکی پێویستی بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت ئەوا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموولایەك ئاسانترە کە پەیوەندی لەگەڵ تورکیا هەبێت .

بێگومان لەسەر ئاستی تورکیا و دەوڵەتانی دراوسێشی بە یۆنانیشەوە، تورکیا لە هەموو لایەك زیاتر پێویستی بە هاوسێیەکی وەك هەرێمی کوردستان هەیە، کە ئارادەیەکی زۆر هەنگاوەکانی بەرەو دیموکراسی و عەلمانییە و سەرقاڵی بونیادنانەوە و سڕینەوەی ئاسەواری شەڕی سەدان ساڵەیە بۆیە بۆ تورکیا زۆر گرنگە لەو راستییە تێبگات کە یەکێك لە دراوسێکانی لەبری ئەوەی چەك بکڕێت و خۆی تەیار بکات بۆ دروستکردنی هەڕەشە بۆ سەر دراوسێکانی، بەپێچەوانەوە سەرقاڵی پڕۆژەیەکە کە هەم وڵاتەکەی خۆی ئاوەداندەکاتەوە هەم بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگی ئابووریش بۆ دراوسێکانی و خەریکە لە رێگەی ئاڵوێری بازرگانی بەرژەوەندییەکی هاوبەشی گەورە لە نێوان هەردوولادا دروست دەبێت .

## تێگەیشتنەکانی تورکیا جێگەی خۆشحاڵیە

ماوەیەکە هەستدەکرێت بە ئاراستەی تێگەیشتن لە سیاسیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاو هەڵدەگرێت، تێگەیشتنەی تورکیا کە جێگەی خۆشحالیمانە ئێستا کە دەبینین، بەرەنجامی هەرەشەو گوڕەشەکانی تورکیا نیین، یان لەژێر هەڕەشەکانی تورکیادا هەڵوێستی خۆمان گۆڕیبێت، بەڵکو تورکیا هەرچی لە توانایدا هەبوو کردی بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بخاتە ژێرباریکەوە کە نەك هەرێمی کوردستان بە ڵکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش ناتوانێت خۆی بخاتە ژێر ئەوبارە و پاش ئەوەی چەندین جار خۆی تاقیکردەوە، بەڵام هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو هەڵوێستە نەگۆڕ بوو کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری لێدەکرد، بۆیە ئەویش گەیشتە قەناعەت ئەو داوایەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەکات داوایەکی تەعجیزیە و سوربوون لەسەر ئەم داوایە واتە نایەوێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دیالۆگ بکات، هەندێك لە رۆژنامەنووس و کەسایەتیە رۆشنبیرەکانی تورکیاش گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی ئەو داوایەی تورکیا داوایەکی رەوایە و حکومەتی کوردستان نایەوێت سەرچاوەی ئارامی و ئاسایش بێت لە ناوچەکەدا، بەڵام ئێستا دەرکەوت کە نابێت تورکیا داوای لەو جۆرە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- حکومەتی تورکیا نەیتوانیووە کێشەی کورد لە وڵاتەکەی خۆی چارەسەر بکات، هەتا رای ناوخۆی وڵاتەکەی پشتگیری لە



# ئەنقەرە
# ــەنگاوی لەسەرخۆ

سیاسەتەکانی بکات .

**-٢** حکومەتی تورکیا نەهاتووە دەستی ئاشتی درێژ بکات و لایەنەکەی دیکە دەستی رەتکردبێتەوە و ئامادەی ئاشتی نەبوبێت، بۆیە تاکلایەنە هەوڵدانی بۆ پەنابردنی بۆ چارەسەری سەربازی کە لەبنەرەتدا کێشەکە سیاسیە ناتوانێت رای گشتی جیهانی قەناعەت پێبکات .

**-٣** ئەو ناوچانەی کە چەکدارەکانی پەکەکەی لێن راستە دەکەونە ناو سنووری هەرێمی کوردستان، بەڵام نەك حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵکو تەواوی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و تەواوی سوپای تورکیاش ناتوانن ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکەن، لەوانەیە ژەنراڵەکانی تورکیا بەو وردییە یان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان ئەم راستیانەیان لە رای گشتی تورکیا شاردبێتەوە، بەڵام ئێستا کوردستان ئەو وڵاتە داخراوە نییە کە کەس نەیبێت، لەمەش زیاتر ئێستا ئەمریکا بە فیعلی و بەبڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش لەم وڵاتە بوونی هەیە، هەربۆیە سوربوون لەسەر مەسەلەیەك کە لە واقیعدا پێچەوانە دەبێتەوە کارێکی ئاسان نییە .

**-٤** لەبەرامبەر ئەمەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان تەفەهومی بارودۆخی ئێستای حکومەتی تورکیا دەکات کە ناتوانێت هەموو هەنگاوێك هەڵبگرێت هەربۆیە کە دەبینێت هەنگاوەکانی بە ئاراستە دروستن و دەیەوێت هەنگاو بە هەنگاو پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئاسایی بکاتەوە بە گەرمیەوە پێشوازی لێدەکات و هەوڵدەدات زەمینەی لە باری بۆبرەخسێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت هەنگاوی گەورەتر هەڵبگرێت .

## حکومەتی هەرێمی کوردستان شەرعییەتی لە دەستووری عێراقەوە وەرگرتووە

پێشتر هەندێك ناوەندی تورکیا خۆیان بەمەسەلەیەکەوە خەریك کردبوو، کە لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی نەك هەر جێگەی بایەخ نەبوو بەڵکو هەر نالۆژیکانەبوو، ئەویش ئەو قسانەبوون کە بەو ئاراستەیە دەکران

ئەگەر تورکیا راستەوخۆ دیالۆگ لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەست پێبکات ئەوە مانای ئەوەیە دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەنێت، ئەم قسانە کە کەمتر لە قسەی دبلۆمات و سیاسەتمەدار دەچێت بە داخەوە پێشتر گوێ بیستی دەبووین، ئەمە لە کاتێکدا تەنیا کردنەوەی کەناڵی دبلۆماتی لەگەڵ حکومەتی عێراق واتە ئیعتراف کردن بەو دەوڵەتەی کەلەسەربنەمای دەستورێك بونیادنراوەتەوە کە گەلی عێراق دەنگی بۆ داوە، هەربۆیە کاتێك تورکیا رازیە بەوەی دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدرالی و دیموکراتی بناسێت و پەیوەندی دبلۆماتی لەگەڵدا بکاتەوە واتە ئیعترافی بە دەستوری عێراق کردووە ئەو دەستورەی کە هەرێمی کوردستانی وەك هەرێمێکی فیدرالی لە عێراقدا ناساندووە و رێز لە دامەزراوەکانی دەگرێت بە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە و هەر ئەو دەستورەش دەسەلاتی ئەو هەرێمەی دیایکردووە بەوەی بتوانێت پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ وڵاتدا دەست پێبکات .

کەواتە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی نەك بە ئیعترافکردنی تورکیا بەڵکو پێویستی بە ئیعترافکردنی هیچ دەوڵەتێك نییە لەم قۆناخەدا کە شێوازی فیدرالی هەڵبژادووە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بۆیە کە ئێستا هەستدەکەین خەریکە ئاراستەی حکومەتی تورکیا دەگۆڕێت و ئامادەیە وەك هەرێمێکی فیدرالی بەناوی هەرێمی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ بکات و خەریکە ئاراستەی هەنگاوەکانیش بەرەو شێوازی هاوسەنگ وئاستی بەرزی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا هەنگاو هەڵدەگرێت جێگەی دڵخۆشییە، بەڵام دەبێت هەموو ئەو راستییەمان لەبەر چاو بێت ئەو هەنگاوانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت، نابێت چاوەڕێی هەمان هەنگاو لە تورکیا بکەین و دەبێت ئێمەش لای خۆمانەوە تەفەهومی باری سیاسیی ناوخۆی تورکیا بکەین ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە حکومەتی تورکیا لەم قۆناخەدا ناتوانێت هەنگاوی زۆر گەورە هەڵبگرێت و هەڵگرتنی هەنگاوی گەورەش پێویستی بە هاندان و پشتگیری زیاتری میانگیرێکی وەك ئەمریکایە . کە چاوەڕێی ئەوە ناکرێت لەم کاتەدا کەسەرووبەندی گۆڕینی ئیدارەی تازەن رۆڵی بەمشێوەیەی پێبگێڕێت.

## پرۆفیسۆر جوست هێلترمان ئەندامی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان :

# هەولێر و ئەنقەرە
# هەستیان بەو ڕاستیە کردووە پێویستیان بەیەکە



**پ ڕۆفیسۆر جوست هیلترمان کە ئەندامی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتییە سەرۆکی تیمی دیراساتی شیکاریشە لەسەر دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و حاڵی حازر گرنگییەکی زۆر بە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان و چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك لە عێراقدا دەدات و ئێستا لە ئەستەنبوڵ دادەنیشێت و جێگری بەریوەبەری پرۆگرامەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا لە گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی. هەروەها چەندین دیراسەتی گرنگی لەسەر هەرێمی کوردستان بڵاوکردۆتەوە لەوانە ( ئایندەی کورد لە عێراقدا کە لە ٩ی حوزەیرانی رابردوو لە ڕۆژنامەی لۆمۆند دپلۆماتیکی فەرەنسی بڵاوی کردۆتەوە و ئەم بابەتەش بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە کە ئەمە لینکەکەیەتی http://www.crisisgroup.org/home/index.cfm?id) هەروەها لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانیش کاری ئەکادیمی جدی دەکات هەربۆیە بەپێویستمان زانی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئێستای نێوان هەرێمی کوردستان تورکیا پەیوەندی پێوەبکەین بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

***پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئیدارەی کوردی لە باردۆخی عێراق خەریکە بەرەو ئاسایبونەوە دەچێت، ئەمەش جێگەی خۆشحاڵی ئێمەیە، ئایا بەڕای بەرێزت چۆن ئەم لێکتێگەیشتنە لە نێوان هەردوولا دروست بووە ؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان درکی بەو ڕاستیە کرد کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ هەتاهەتایە لە عێراقدا نامێنێتەوە، لەبەر ئەوە پێی وابوو هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی ئابووریەوە واباشترە مامەڵە لەگەڵ تورکیادا بکات کە لە ئەوروپاوە نزیکە نەك لەگەڵ حکومەتی بەغدا کە هەوڵی ئەوە دەدات عێراق ببێتە دەوڵەتێکی مەرکەزی بەهێز. هەروەها تورکیا درکی بەوەکرد کە پێویستی بە ناوچەیەك هەیە لەسەر سنورەکەی کە ببێتە بەربەستێك لەگەڵ عێراقی عەرەبدا، لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو ناوچەیە زۆر ناسەقامگیرە و لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئێران هەڕەشەیەکی گەورەیە. لەوەش زیاتر تورکیا زۆر پەرۆشە کە گاز لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکڕێت.

**• ئێستا باس لەوە دەکرێت کە پێویستە کێشەکانی نێوان تورکیا و ئیدارەی کورد لە باکووری عێراق بەشێوەی دیالۆگ و ئاشتییانە چارەسەر بکرێت، بێگومان هەردوولاش سەرکردایەتی کورد لە عێراق و حکومەتی تورکیاش تەئکید لەسەر گرنگی ئەم مەسەلەیە دەکەنەوە، ئایا بەڕای تۆ کەی دیالۆگی فەرمی لە نێوان سەرکردایەتی کورد و حکومەتی تورکیا دەست پێدەکات؟**

- ئەمە پرۆسەیەکی قۆناغ بە قۆناغە کە هەنگاوەکانی بنیاتنانی متمانە لە خۆدەگرێت. کاتی دەوێت بۆ ئەوەی متمانەیەکی دوولایەنە بنیات بنێیت. من گەشبینم.

**• بەرێز نیچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی ئیدارەی کوردی لەباکوری عێراق هەموو کات دوای ئەوە دەکات کە پێویستە زۆر بایەخ بە دۆستاییەتی تورکیا بدرێت، ئایا ئومێد هەیە بەفەرمی و لەلایەن سەرۆك وەزیرانی تورکیاوە وەڵامی نێچیرڤان بارزانی بدرێتەوە یان بەفەرمی بانگهێشتی تورکیا بکرێت؟**

- بە دڵنیاییەوە. نەك تەنیا سەرۆك وەزیران. بەڵام من هیچ ئاگاداری ئەوەنیم کە پلانێکی لەم شێوەیە لە ئارادابێت لەم ساتەوەختەدا.

**• ئێمە دەزانین کێشەی پەکەکە یەکێکە لە کێشە گرنگەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، لایەنی کوردی ئامادەباشی هەیە بەشێوەیەکی سیاسیی هاریکاری تورکیا بکات بۆئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، یان دیالۆگ دەست پێبکات و بگەینە ڕێگە چارەیەکی ئیجابی، بەڵام هەست دەکەین تورکیا لەم مەسەلەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە جدی نییە، ئایا بۆچی تورکیا نایەوێت بە ڕێگەی ئاشتییانە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت ؟**

- من پێم وایە سەرکردایەتی تورکیا ئامادەی یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیەیە، بەڵام پێویستی بە کاتە، لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووی بەرهەڵستی ناوخۆی بۆتەوە. تورکیا ئەو ڕاستییە دەزانێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت شەڕ لە پەکەکە بکات و ئەو شەڕە ناکات. هەروەها پێچەوانەکەشی گرنگە: حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزانێت تورکیا ناتوانێت لێبوردنێکی بێ قەید و شەرت بۆ پەکەکە دەربکات. ڕێگاچارە مام ناوەندییەکە بریتی دەبێت لە دەکردنی لێبوردنێکی جوزئی بۆ پەکەکە لە تورکیادا لەگەڵ ئاوێتەکردنی ئەو سەرکردانەی پەکەکە کە چەکدارنین لە لە باکووری عێراقدا.

**• بەدەرچوونی باراك ئۆباما بە سەرۆکی ئەمەریکا چاوەڕێ دەکرێت زۆر شت بگۆڕێت بەتایبەتی گەرمبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنکەرە و واشنتۆن، هەروەها خواستی ئیدارەی ئۆباما بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان هەولێر ئەنقەرە، ئایا هەتا ئۆباما دەچێتە کۆشکی سپی بەڕای تۆ گۆڕانکارییەکان لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرا بەکوێ دەگەن ؟**

- شتێکی زۆر کەم ڕوودەدات پێش ئەوەی ئۆباما بچێتە کۆشکی سپیەوە. ئیدارەی بۆش کۆتای هاتووە و هیچ دەستپێشخەرییەك ناکات. لەم ساتەوەختەدا مەحاڵە بتوانین ئەوە دیاری بکەین کە سیاسەتی ئۆباما چی دەبێت. لەبەر ئەوەی هێشتا تیمی سیاسەتی دەرەوەی بە تەواوەتی پێکنەهێناوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە پشتیوانی لە پەیوەندیگەلێکی گەرموگوڕ دەکات لە نێوان ئەنقەرە و هەولێردا.

**• حکومەتی عێراق بەوە ڕازی بوو کە لە هەرێمی کوردستان نەوت بنێرێتە دەرەوە، هەروەها بەوەش ڕازی بووە کە کۆمپانیاکانی نەوت بێنە هەرێمی کوردستان و بەدوای نەوتدا بگەڕێن، ئەمەش خزمەتێکی زۆری بەرژەوەندییەکانی تورکیا دەکات، ئایا تورکیا تاچەند هەوڵدەدات سوود لەم دەرفەرتە وەربگرێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردی عێراق ئاسایی بکاتەوە .؟**

- بە پێچەوانەی لێکدانەوەکەی ئێوە، هێشتا حکومەتی عێراقی ڕەزامەندی نەداوە. حکومەتی عێراق تەنیا ڕەزامەندی لەسەر بەستنەوەی بۆڕییەکان بەیەکەوە داوە ( مەسەلەیەکی تەکنیکیە)، بەڵام هێشتا مۆڵەتی ناردنەدەرەوەی نەداوە ( کە بڕیارێکی سیاسییە). هەروەها ڕەزامەندییەکە تەنیا چوار گرێبەستی گرتۆتەوە کە پیش ساڵی ٢٠٠٧ کراون. هیشتا ڕوون نییە ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمە قبوڵ دەکات یان نا: بە قبوڵکردنی ناردنەدەرەوە بە پێی ئەم چوار گرێبەستە، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی زمنی دان بەوەدا دەنێت کە گرێبەستەکانی ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ نایاسایین، کە من لەو باوەڕەدانیم بیەوێت (حکومەتی هەرێمی کوردستان) ئەم کارە بکات.

**• ئێمە چاوەڕێی هەنگاوێکی گرنگ و گەورە لە حکومەتی بەرێز ئەردۆگان دەکەین، بەهیواین ڕۆژێك سەردانی هەولێر بکەن، ئایا بەرای تۆ دەکرێت بەم چاوەڕوانییە ئومێدمان هەبێت ؟**

- بەڵێ کارێکی باشە کە گەشبین بیت.

ریچارد هێرمان بۆ گوڵان:

# تورکیا دەخوازێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە ببات، بەڵام چاوەڕێی هەنگاوی گەورەی لێناکرێت



پرۆفیسۆر ریچارد هێرمان ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ئۆهایۆ و پسپۆرو تایبەتمەندە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و پەیوەندییەکانی نێوان رووسیا و ئەمەریکا و هەروەها سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەراست. لەم چوارچێوەیەشدا بایەخ بە پیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق و تورکیا و هەرێمی کوردستان و تورکیاو ئەمەریکا دەدات،. ماوەیەکیش ئەندامی ستافی پلاندانان بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا و کاری لەسەر پلاندانان بۆ پەیوەندییەکانی نێوان رووسیا و ئەمەریکا کردووە، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئێستای تورکیا و عێراق و تورکیا و هەرێمی کوردستان، هێرمان لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن.

***چۆن پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا دەبینیت و چۆن بەرەوپ ێشچوونەکانی ئەم پەیوەندییانە هەڵدەسەنگێنێت؟**

- من هیچ گۆڕانێکی گەورە بەدی ناکەم، تورکیا بەردەوامە لە نیگەرانبوون بەرامبەر هێرشەکانی پەکەکە لە باکووری عێراقەوە بۆ سەر خاکی تورکیا و بە تیرِوانینی من پەیوەندیەکان زۆر ئاڵۆزن.
چەندین دژواری و سەختی هەن کە ناتوانرێت لە ماوەیەکی کورتدا چارەسەربکرێن، ئومێدەوارم کە ئەو چاوپێکەوتن و کۆبوونەوانەی رویانداوە ببنە هۆی هێنانەئارای بەرەوپێشچوونی ئیجابی و حکومەتی عێراق و کوردەکان بتوانن پەیوەندی گەلێکی باشتر لەگەڵ تورکیادا بنیات بنێن. من پێموایە دژواری راستەقینەی تورکیا بریتیە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردی وڵاتەکەیدا و ئەم پەیوەندییە پێویستی بە بەرەوپێشچوونە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقدا سەقامگیربێت.

*** ئایا پێشبینی دەکرێت ئیدارەکەی باراك ئۆباما هەڵبستێت بە خستنەگەڕی هەوڵ و کۆشش بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان؟**

- بە دڵنیاییەوە باراك ئۆباما تورکیا هان دەدات بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی پێشکەتووی هەبێت لە ئاست کوردەکانی وڵاتەکەیدا و هەوڵی ئەوە دەدات کە تورکیا پەیوەندیەکی باشتری هەبێت لەگەڵ دانیشتوانە کوردەکەیدا.
ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانی عێراقەوە هەبێت ئەوا بایەخ بە پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەدات، راستە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەکشێنێتەوە بەڵام بایەخ بە ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەدات هەروەك ئەوەی بۆ ماوەی ١٠ بۆ ١٥ ساڵە ئەمەریکا بایەخی پێدەدات.

*** ئایا پێشبینی دەکەیت کە گفتوگۆی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بگاتە ئاستێکی رەسمی؟**

حاڵی حازر ئەو کۆبوونەوە ئەمنیانە هەیە کە حکومەتی عێراقی پێی هەڵدەستێت، بەڵام بە حوکمی ئەوەی سەرۆکی عێراق کوردە، ئەوا رەنگە گفتوگۆ لە بارەی رەفتارەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت کە لە روانگەی تورکیاوە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی توندوتیژی لە ناو تورکیادا. ئەنجامدانی گفتوگۆی رەسمی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بە شتێکی نائاسایی دەردەکەوێت و زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە کە لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا ئەو گفتوگۆیانە بکرێت.

*** سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخ بە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیادا دەدات و پێداگیری لەسەر دەکات، ئایا پێشبینی دەکەیت لە بەرامبەردا هەنگاوی هاوشێوە هەڵبگرێت؟**

- پێموایە تورکیا خۆشحاڵ دەبێت بە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقدا، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کوردەکانی عێراق ئامادەی باشترکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیادا لە کاتێکدا تورکیا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کوردەکانی وڵاتەکەیدا نییە.

*** کێشەی سەرەکی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بریتییە لە کێشەی پەکەکە، بەڵام سەرکردایەتی کورد ئامادەی خۆی راگەیاندووە بۆ گفتوگۆکردن، بۆ هاندان و پشتیوانیکردن لە دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی ئاشتییانە بۆ ئەم کێشەیە، بەڵام تورکیا چارەسەرێکی ئاشتییانە رەت دەکاتەوە، لێکدانەوی ئێوە چییە، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

- من نازانم ئایا ئەوە راستە کە تورکیا دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە رەتدەکاتەوە یان نا، بەڵام ئەوەی جێی سەسوڕمانی منە ئەوەیە کە تورکیا هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی بدات لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا بێ ئەوەی هیچ هەوڵێك بخاتەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کوری وڵاتەکەی. دواتر من نازانم مەرجەکانی گفتوگۆ چی دەبن، یان ئایا بناغەی ئەو رێککەوتنە چی دەبێت کە لە نێوان هەردولادا دێتەدی، ئایا داوا لە کوردەکانی عێراق دەکرێت کە رێگە بە پەکەکە نەدەن سنووربەزێنێت و لە ناو خاکی تورکیادا هێرش ئەنجام بدات، یان دوای لێدەکرێت ئیدانەی کوردەکانی تورکیا بکات لەبەر ئەوەی بەرهەڵستی حکومەتی تورکیا دەکەن، کە من پێموایە زەحمەتە سەرکردە کوردەکانی عێراق ئەم کارە بکەن.

*** ئایا تورکیا بایەخ بە بنیاتنانی پەیوەندیگەلێکی سەقامگیر نادات لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەوەی دەستکەوتگەلێکی ئابووری بەدەست بهێنێت بە تایبەتی لە بواری کۆمپانیاکانی نەوتدا؟**

- من پێموایە تورکیا بایەخ بە باشترکردنی پەیوەندییەکانی دەدات لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، بەڵام نابێت چاوەڕوانی ئەوەب کەین تورکیا لە پێناوی بەدەستهێنانی نەوتدا سازش لەسەر هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆی بکات، لەبەر ئەوەی تورکیا لە تەنگژەیەکی ئابووری سەختدا نییە تا ناچاربێت و دەتوانێت نەوت لە وڵاتانی دیکە و لە بازاڕە جیهانیەکاندا بکڕێت. لەبەر ئەوە من پێموایە تورکیا بایەخ بە باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەدات ئەگەر کوردستان ئامادەی بەرەوپێشبردنی ئەو پەیوەندیانە بێت بێ ئەوەی داوای سازش لە تورکیا بکات لە سیاسەتیدا لە ئاست کوردەکانی وڵاتەکەیدا.

*** ئێمە پێشبینی هەنگاوی باش لە ئەردۆغان دەکەین، بەڵام ئایا دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە سەردانی هەولێر بکات لەبەر ئەوەی هەنگاوێکی لەم چەشنە پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا ئاسای دەکاتەوە؟**

- هەر سەردانێکی لەو چەشنە دەبێت سەرەتا لە بەغداوە دەستپێبکات و من پێموایە ئەوە زیاتر دەوەستێتەسەر حکومەتی عێراق، بۆ نموونە ئەگەر حکومەتی عێراق بانگهێشتی بەرپرسەکانی تورکیا بکات بۆ عێراق کە سەردانی ناوچە کوردییەکانیش لەخۆبگرێت، ئەوا من هیچ هۆکارێك بەدی ناکەم کە تورکیا رەتی بکاتەوە. بەڵام ئەگەر تورکیا یەکلایەنە سەردانی کوردستان بکات ئەوا بە دەستێوەردان لە سیاسەتی ناوخۆی عێراق و بە داننان بە سەربەخۆیی کوردستان لێکدەدرێتەوە.



# وابڕیارە لە کۆی ٩٩٩٣ قوتابی ت
# وەزارەتی خوێندنی باڵا ن
# چیتر کار بە خوێن

●●●
وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە لە بنەڕەتەوە مەبەستیان نەبووە چارەسەری کێشەی هەموو دەرچووانی ئەمساڵ بکەن
●●●

دوای ئـــەوەی گوڵان لە دوو ڕاپۆرتی جیادا بەدواداچوونێکی گرنـــگ و هەمەلایەنەی لەســـەر ڕەوشـــی خوێندنی باڵا و پەروەردە لەهەرێمی کوردســـتان بڵاوکردەوە و کێشەی مانەوەی ئەو ١٠ هەزار قوتابییەی خســـتەڕوو کە تائێستا لەهیچ زانکۆ و پەیمانگایەکـــدا وەرنەگیراون، کـــە بەهۆی نەبوونی ئامار و پلانسازییەوە بەم ئاکامە گەیشتووە، لەم ڕوانگەیەوە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی هەردوو وەزیری خوێندنی باڵا و پەروەردەی کرد بەمەبەســـتی هەرچی زووتری دۆزینەوەی چارەسەر و میکانیزمێکی گونجاو بۆ ئەم کێشەیە. سەرەنجام ســـەرۆکایەتی پەرلەمان پاش ئەنجامدانی دواییـــن کۆبوونـــەوەی خۆی لەبـــارەی کێشـــەی قوتابییە وەرنەگیراوەکان لەگەڵ وەزارەتە پێوەندیدارەکانی خوێندنی باڵا، پـــەروەردە، دارایی، پلاندانـــان و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سازکرد. لەو کۆبوونەوەیەشدا بڕیاردرا لە ڕێگەی پڕکردنەوەی فۆرمێکی تایبەت بەو مەبەستە لە پەیمانگا تەکنیکییەکان بە پێی تواناکانیان وەربگیردرێـــن. هەرچەندە وەزیری پەروەردەش بۆ چارەسەرکردنی بەشـــێکی ئەم کێشەیە، ڕەزامەندی لەسەر بەشـــداریکردنی کارا بـــۆ کێشـــەکە بە هێشـــتنەوەی چەند پەیمانگایەکی مامۆستایان دەربڕی، بەڵام ئێستا دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆتەوە، کە وەزارەتی پەروەردە ســـڵ دەکاتەوە لە هەڵگرتنی ئەو هەنگاوە و لەو پێشنیازە پاشگەزبۆتەوە.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا، بڕیـــاردراوە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دوو ســـەنتەری ڕاهێنانی پیشـــەیی بۆ (IT) و زمانی ئینگلیـــزی لە هەولێر و دهۆك بکاتـــەوە و، وەزارەتی داراییـــش پێداویســـتی و خەرجییەکانی بۆ دابیـــن بکات. لە بەشـــێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کـــە بە هـــاوکاری زانکۆکانـــی هەرێمی کوردســـتان، کاری جیددی بۆ کردنەوەی سەنتەری ڕاهێنانی نەوت و پێگەیاندنی کارمەند و پســـپۆڕانی ئەو بوارە بکرێت، بەو پێیەی لە کەرتی نەوتدا بەهـــۆی نەبوونی کادیری خۆماڵی تائێســـتا زۆربەی کارمەندەکانی ئەو بوارە خەڵکی بیانین. سەبارەت بە دەرچووانی بەشی ئامادەییەکانیش، وەزیری خوێندنی باڵا ڕایگەیاندبوو کە هەموویان وەردەگیردرێن.

بەڵام دوای بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر وەرگرتنی ئەو خوێندکارانـــە، وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕایگەیاند کە تەنها لە توانایـــدا هەیە لە کۆی ئەو **٩٩٩٣** قوتابییە تەنها **٣** هەزار قوتابـــی وەربگرێت، بەمەش هەمدیســـان زۆربـــەی قوتابییە وەرنەگیراوەکانی دیکەی تووشی شۆك و بێهودەیی کرد. پەیوەست بەم مژارە، گوڵان لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا پرسیاری لەبارەی چارەنووسی مانەوەی ٧ هەزار قوتابی دیکە لە محەمەد سابیر بەڕێوەبەری گشـــتی پلان و نەخشەدانان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا کرد، پێی ڕاگەیاندین کە وەزاراتەکەی تەنها دەتوانێ سێ هەزار قوتابـــی دیکە وەربگرێت و لە توانایدا نییە شـــوێن بۆ هەموو خوێندکارەکان بدۆزێتەوە. بۆ ئەم مەبەســـتە گوتیشی:

●●●
ئەو جیاوازییەی لە نزمترین کۆنمرەی گشتی و پارێزگا کە لە نێوان هەولێر و سلێمانی لەلایەک و دهۆک لەلایەکدا هەیە و پێویستی بە چارەسەرکردن و لێپرسینەوەیە، کەچی تائێستا لەزۆربەی بەدواداچوون و کێشەکان کەس خۆی لە قەرەی ئەم کێشانە نەداوە
●●●



# ...ـەنها ٣ هەزار قوتابی وەربگیرێت
# ...ـایەوێ ئاشكرای بكات كە
# ...ـدنی سۆسیال بكرێت

"وەزیـــری خوێندنی باڵای هەرێم لەگـــەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵای بەغدا دانیشتووە بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە". بەڵام كاتێك گوڵان پرســـیاری ئەوەی لە محەمەد ســـابیر كرد كە قوتابیانی هەرێم ئامادەگـــی دەروونیان نییە بچن لە زانكۆ و پەیمانگاكانی دەرەوەی هەرێم لە ناوەڕاســـت و باشووری عێراق بخوێنن بەهۆی ناسەقامگیری ئەو پارێزگایانە، ناوبراو گوتی: "ئێمە فۆرممان بەســـەر قوتابییە وەرنەگیراوەكان دابەشكردووە بۆئەوەی لە پەیمانگاكانی كوردستان وەربگیرێن، بەڵام وەزارەت ناتوانێت ئیســـتعابی ئـــەو ڕێژە زۆرە بـــكات بەهۆی كەمی مامۆستای پســـپۆر و هۆڵ و بینایەی خوێندن. بۆیە هەندێ لەو قوتابیانە دەتوانن لە كۆلیژە ئەهلییەكانیش بخوێنن".

مانـــەوە و ســـەرگەردانبوونی ٧ هـــەزار قوتابـــی لەهەرێمی كوردستان مایەی ســـەرنج و تێڕامانە، گومانی ئەوە دروست دەكات كـــە هـــەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و پـــەروەردە لە بنەڕەتەوە مەبەســـتیان نەبووە چارەســـەری كێشـــەی هەموو دەرچووانی ئەمســـاڵ بكەن، نەك هەر ئەوەندە كە وەرنەگیراون، چونكە چارەســـەریی كێشـــەكە هەر ئەمە نییـــە كە ٣ هەزار قوتابی دیكـــە وەربگیرێن، بەڵكو كێشـــەكە ئەوەیە دوای ئەو هەموو ماندووبوون و شەونخوونیەی قوتابیان بۆ بەدەستهێنانی نمرەی بەرز و لەو شوێنەی مەبەستیانە وەربگیرین، وەرنەگیراون یان ئەو جیاوازیەی لە نزمترین كۆنمرەی گشتی و پارێزگا كە لە نێوان هەولێر و ســـلێمانی لەلایەك و دهۆك لەلایەكدا هەیە و پێویستی بە چارەســـەركردن و لێپرسینەوەیە، كەچی تائێستا لەزۆربەی بەدواداچوون و كێشـــەكان كـــەس خۆی لە قەرەی ئەم كێشـــانە نەداوە، ســـەلماندیان كە لە دابینكردنی شوێنیش بـــۆ قوتابییە وەرنەگیراوەكان جیـــددی نەبوون، ئەگەر جیددی بـــوان، ئەوا دەتوانرا لەم ٣٦٩ بەشـــەی هەیە، هەرچەندە ئێمە ئاماری ژمـــارەی لقەكان كە لەو بەشـــانەدا هەیە بەتایبەتی زانســـتیەكان ڕەچاومان نەكردووە، گەر ئەوە بە تەواوی ڕەچاو بكەیـــن ڕەنگە هەر لقێك بـــە تەنها ٨ قوتابی زیاد بكات گەر بەشـــە مرۆڤایەتییەكانی لێدەركەین. بـــەڵام وەكو بەش، ئەگەر هەربەشـــەی (٢٧) قوتابی زیاد وەربگرێـــت و تەواوی كاری (RUN) كردنیش كە چارەســـەری كێشەی هەموو قوتابیانی دەرچووی دەكرد و كێشـــەی جیاوازی نزمترین كۆنمرەكانیشی چارەســـەر دەكـــرد، لەبەرئـــەوەی (RUN) لـــە كۆمپیوتەر بەكاتێكی خێرا ئەنجامدەدرێ، چونكە فۆرم و هەڵبژاردەی هەر ٣١٣٩٢ قوتابـــی داخڵی كۆمپیۆتەر كراوە، ئەگەر (RUN) دووبارە بكرابایەوە ئەوا كێشـــەی زۆربەی قوتابییەكان چارەسەر دەكرا، هەر قوتابییەكیش مافی خۆی وەردەگرت، ئینجا قوتابیان سەرپشك دەبوون، لەوەی ڕوو لە كۆلیژە ئەهلییەكان بكەن، نەك بەم پلانە هەڵە و پڕ لە كەموكوڕییەی ئێستا كە وەزارەت قوتابی كەمدەرامەتیـــش ناچار بكات ڕوو لە كۆلیژە ئەهلییەكان بكەن، بۆئەوەی ســـەركەوتنی كۆلیژە ئەهلییەكان لە هاوكێشـــەكەدا مسۆگەر بێت.

●●●

**فۆرم و هەڵبژاردەی هەر ٣١٣٩٢ قوتابی داخڵی كۆمپیۆتەر كراوە، ئەگەر (RUN) دووبارە بكرابایەوە ئەوا كێشەی زۆربەی قوتابییەكان چارەسەر دەكرا**

●●●

●●●

**ڕێژەی هەڵەی فۆرم ئێجگار زۆرە، بەڵام ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان سیستمی هەڵەی فۆرمی بۆ قوتابیانە پێڕەو نەكرد. ئەگەر پاساویشیان ئەوە بێت هەڵەی فۆرم، سیستم و پلانی وەرگرتنیان لێ تێكدەدات، بەڵام ئەی وەرگرتنی ئەو قوتابیان لە كۆلیژە ئەهلییەكان دوای ڕاگەیاندنی وەرگرتنی قەبول مەركەزی سیستمی پلانەكەی لێ تێك نەداون؟!**

●●●

**بەدەستهێنانی نمرە لە دەرەوەی هەرێم ئاسانترە، چونکە ئەوان ٦ وانەیان هەیە، بەڵام لەلای ئێمە ٧ وانەیە**

**زانکۆی زانکۆی جیهان (٧٠) قوتابی لە کۆلیژی دەرمانسازی وەرگرتووە و (١٢) قوتابیش یەدەگە، نزمترین کۆنمرەش ٨٨٪یە، واتە نزمترین کۆنمرە ٦١٦ نمرەیە، کەچی لە فەرمییەکان ئەم نمرەیە لە کۆلیژی زانست وەرگیراوە**

**جێی خۆیەتی بپرسین داخۆ کۆلێژی دەرمانسازی جیهان لە کوێ وانە پراکتیکییەکان دەڵێتەوە؟! ئەگەر لە کۆلیژی دەرمانسازی یان لە نەخۆشخانە حکوومییەکان وانە پراکتیکییەکان بگوترێتەوە، کەواتە شوێن هەبووە بۆ وەرگرتنی زیاتر. ئەی ئەمە غەدر نییە بەرامبەر بە قوتابیان کراوە؟**

لە سەرێکی دیکەوە، پرسیار ئەوەیە کە ئایا ژمارەی دەرچووانی زانکــۆ و پەیمانگاکان بە هەردوو خولی یەکەم و دووەم چەندە؟ چونکــە تەنها ژمارەی دەرچووانــی خولی یەکەم لە ڕێبەری دەرچووانــدا هەیە. ژمارەی ئەو قوتابیانەی دەرەوەی هەرێم کە بە گواستنەوە هاتوونەتە زانکۆکانی هەرێم لە ساڵانی ڕابردوو لەگــەڵ ژمارەی ئەو قوتابیانەی بە میوانداری لە ســاڵانی ڕابردوو هاتوونەتە زانکۆکانی هەرێم ئاشکرا نەکراوە. لەکاتێکدا ســەرنج دەدەین سیستمی مێوانداری هەڵوەشاوەتەوە و بڕیاروایە کــەس بە میوانداری وەرنەگیرێت.. ئایا کۆی هەمووان دەکاتە چەند و بە قەد ئەو ژمارەیە کە لە پلانی وەرگرتنیشــدا وا باوە ٢٠٪ زیــاد دەکرێت، ئایا ئەوەنــدە قوتابییە وەرگیراون کەچی لەگەڵ هەڵوەشانەوی سیستمی میوانداری وا دیارە سیستمەکە پێڕەو دەکرێت؟! بۆیە هەر لە ئێستاوە دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆتەوە کە دیسانەوە سیســتمی میوانداری پێڕەو کراوەتەوە، سەرەڕای زیــادەی ٢٠٪ هەمان ژمــارە قوتابی وەرگیــراون. هەروەك پێشتریش ڕوونمان کردووە کە بەدەســتهێنانی نمرە لە دەرەوەی هەرێم ئاســانترە، چونکە ئــەوان ٦ وانەیان هەیە، بەڵام لەلای ئێمە ٧ وانەیە، لەبەرئەوە زۆرجار ئەو وانە زیادە کار دەکاتە سەر ئەوەی قوتابیانی هەرێم کۆنمرەیان کەمتر بێت لە هی دەرەوەی هەرێــم ئەمە لەلایەك. لەلایەکی دیکــەوە، نزمترین کۆنمرە لە دەرەوەی هەرێم نزمترە، هەر بۆ نموونە کۆلیژی دەرمانســازی موسڵ ٩٠٪یە کە دەکاتە ٥٤٠ نمرە، ئەگەر جارانی ٧ی بکەین دەکاتە ٦٣٠ نمرە کەچی دەرمانســازی لە ســلێمانی و هەولێر ٦٧٥- ٦٧٣ نمرەیە. وەك بیســتوومانە هەر لە ئێستاوە دەرگای سیســتمی میوانداریان لە موسڵەوە بۆ ســلێمانی کردۆتەوە. ئەمەش گوناهێکە دەرهەقی قوتابیانی هەرێم دەکرێت.

هەر بۆیە، ئەگەر ئامانج هاندان و سەرکەوتنی کۆلیژە ئەهلییەکان نەبێت، بۆچــی وەزارەت داوای لە کۆلیژە ئەهلییەکان نەدەکرد کە دەبێت ئەوان پێش وەزارەت وەرگرتنی قوتابیانی کۆلیژەکانی خۆیــان رابگەنن و تا لە پرۆســەی وەرگرتنی ناوەندی ناوی ئەو قوتابیانە دەربهێنن، رابگەیەنن و (RUN) بکەن، ئەگەر وابووایە ئەو کاتە نزمترین کۆنمرەی پزیشــکی لە ٦٨٥ نمرە و کۆلیژی ئەندازیاریش لە ٦٤٨ نمرە و کۆلیژی زانست ٥٩٣ نمرە رانەدەوەستا بەڵکو ڕێژەکە نزم نەدەبووە و کەسیش پێی نەدەگوتن بۆ لە کۆلیژە پزیشــکییەکانی نێو حکومەتی هەرێم ٦٤٠ نمرە بێت و کەچی هی هەرێم ٦٨٥ نمرە بێت.

لەبەرئەوەی زۆربەی قوتابیان پشــتیان بــە نزمترین کۆنمرەی ســاڵانی ڕابردوو لە پڕکردنەوەی فۆرمەکان بەستووە، بۆیە وا باوە قوتابیش هەمیشــە بایەخ بەو کۆلیژ و بەشــانە دەدات کە نزیکن لە کۆی نمرەکەی، پڕ کردنەوەی هەموو خانەکانی دیکە هەر بۆ ئەوەیە ٥٠ هەڵبژاردەکەی پێ تەواو بکات، لەبەرئەوەی ڕێژەکــە وا دەرنەچوو، چونکە ڕێــژەی هەڵەی فۆرم ئێجگار زۆرە، بــەڵام ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان سیســتمی هەڵەی فۆرمی بــۆ قوتابیانە پێڕەو نەکرد. ئەگەر پاساویشــیان ئەوە بێت هەڵەی فۆرم، سیستم و پلانی وەرگرتنیان لێ تێکدەدات، بەڵام ئەی وەرگرتنی ئەو قوتابیان لە کۆلیژە ئەهلییەکان دوای ڕاگەیاندنی وەرگرتنی قەبول مەرکەزی سیستمی پلانەکەی لێ تێك نــەداون؟! هەر بۆ نموونە، زانکۆی زانکۆی جیهان (٧٠) قوتابی لە کۆلیژی دەرمانســازی وەرگرتووە و (١٢) قوتابیش یەدەگە، نزمترین کۆنمرەش ٨٨٪یە، واتە نزمترین کۆنمرە ٦١٦ نمرەیە، کەچی لە فەرمییەکان ئەم نمرەیە لە کۆلیژی زانســت وەرگیــراوە. واتە ئەوانەی بۆ ئەو کۆلیــژە ئەهلییە قوتابیانی کۆلیژی ئەندازیاری و یاســا و زانســتن، بۆیە جێی خۆیەتی بپرســین ئەی سیستمی وەرگرتن لەو کۆلیژانەی بەسەرەوە تێك نەچــووە. ئەگەر تێکچوبێت، بۆچــی دووبارە (RUN)یان نەکردەوە، بە شێوەیەك چۆڵ بوونی ئەم شوێنانە بەو قوتابیانە پڕ بکرێتەوە کە کۆی نمرەکانیان نزیکە بۆئەوەی قوتابیان زەرەرمەند نەبن. بۆ نموونە، لە کۆلێژی دەرمانسازی هەولێر بە وانەکانی ســاڵی پار و ئەمســاڵ لە قۆناخی یەکەم (٥٤) قوتابییە، کە کۆلیژێکــە ســاڵانێکە دامەزراوە و تاقیگــەی هەیە، کەچی زانکۆی جیهان ئامادەگی خۆی بــۆ ٨٢ قوتابی وەرگرتووە، هەمووشــمان دەزانین کۆلیژە زانستییەکان دوو جۆر وانەی تێدا دەخوێنرێت (تیۆری و پراکتیکــی)، هەموو لایەکیش دەزانێت ژمــارەی کاتژمێرەکان لەم جــۆرە کۆلیژانە ٢١- ٢٢ کاتژمێرە لەوانە ٧ کاتژمێر تیۆری و ١٤ کاتژمێر پراکتیکی، بۆیە جێی خۆیەتی بپرسین داخۆ کۆلێژی دەرمانسازی جیهان لە کوێ وانە پراکتیکییەکان دەڵێتەوە؟! ئەگەر لە کۆلیژی دەرمانســازی یان لە نەخۆشــخانە حکوومییەکان وانە پراکتیکییەکان بگوترێتەوە، کەواتە شوێن هەبووە بۆ وەرگرتنی زیاتر. ئەی ئەمە غەدر نییە بەرامبەر بە قوتابیان کراوە؟

با ئەندامانــی پەرلەمان و هەمــوو لایەنــە پێوەندیدارەکانی حکومەت و خەڵکیش بزانن ئەگەر وەزارەت (فئە)ی نمرەکان و کورســییەکانی خوێندن لەبەر دەستی ئێوە دابنابووایە دەتانزانی کە تەنیا یەك (نمرە) چەند قوتابی لەگەڵ خۆی رادەکێشــێت، ئینجا دەتانزانی قوتابییە زیرەکەکانی هەرێم لە چاو حکومەتی فیدراڵدا چەند زوڵمیان لێکراوە.

بــا بە نموونە، بۆ هەر نمرەیەك (٢٧) قوتابی دابنێین، ئینجا با بێین جیاوازیەکی نزمترین کۆ نمرەی پزیشکی هەولێر و نزمترین کۆ نمرەی پزیشکی ڕومادی وەرگرین، دەبینین جیاوازییەکە:

٦٨٥- ٦٤٤= ٤١ نمرەیە

ئەگەر نا دەکــرا هەموو قوتابییــەکان وەرگیرابان، بەتایبەتی کۆلیژەکانی ئەندازیاری و زانســت و یاســا، ئەوکات ئەگەر قوتابــی هەبووایە بەم شــوێنانە رازی بووبــان، ڕوویان دەکردە کۆلیژی پزیشــکی و ئەندازیاری کۆلیژە ئەهلییەکان و گوشار لەسەر کۆلیژی ئەندازیاری و زانست کەم دەبۆوە. بەڵام وادیارە لە ڕێگەی وەرنەگرتنی ئەم قوتابیانە مەبەست ئەوەبووە قوتابییە نمرە بەرزەکان کە ئەوانەی لە شــوێنی مەبەســت وەرنەگیراون بەناچــاری ڕوو لە کۆلیژە ئەهلییەکان بکەن، بێگومان ئەمەش لە ڕووی بازرگانییەوە داهاتێکــی زۆر بۆ ئەم کۆلیژانە پەیدا دەکات، بۆیە لەکۆتایدا دەرکەوت کە ئەمەش سیاسەتێکە بۆئەوەی خوێندنی سۆسیال لە کوردستان لاواز بێت، کە دەبووایە پێشتر بە شەفافیەتەوە ڕای گشتیان لێ ئاگادار بکردبووایەوە.

**نازناز محەمەد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی لیژنەی پەروەردە:**

# لە ئەنجامی ئەو فەوزایەی لە سیستمی خوێندنی باڵا دروستبووە، بۆ ساڵی داهاتوو بیر لە دانانی بۆردێکی نیشتمانی دەکەینەوە

**نازناز محەمەد عەبدولقادر، کە سەرۆکی لیژنەی پەروەردەیە لە پەرلەمانی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا ڕووناکی دەخاتە سەر لێپرسینەوەی پەرلەمان لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە و لایەنە پەیوەندارەکانی دیکە. هەروەك ڕوونیکردەوە کە هێشتا زووە قوتابیان دووچاری بێهودەیی ببن و لەهەوڵی بەردەوامدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قوتابییە وەرنەگیراوەکان لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا. هەرچەندە ناوبراو ئەوەشی ڕوونکردەوە کە دیاردەی مانەوەی قوتابیان کێشەیەك نییە تەنها کوردستان پێوەی گیرۆدە بوویێت، بۆ ئەمەش نموونەی وڵاتی تورکیای هێنایەوە کە ساڵانە ٢ ملیۆن کەس بەشداری لە تاقیکردنەوەکان دەکەن و تەنها ١٢٠ هەزار کەس وەردەگیرێت. هەروەك باسی لە مۆدێلی ئێرانیش کرد و هێمای بۆ ئەوەکرد کە لەئێران دوای پێشبڕکێیەکی زۆر لە تاقیکردنەوەی کۆنکور، تەنها ١٠٪ وەردەگیرێت، بەڵام گوتیشی حکوومەت لەبەرامبەر ئەوەدا ئاڵتەرناتیڤی گونجاوی داناوە. ئەمەش لەڕێی دانانی ئەنستیتۆ و کردنەوەی پەیمانگا و مەڵبەندی پێگەیاندنی پیشەیی و زانستی.**

**نازناز محەمەد لە دیدارێکدا لەگەڵ گوڵان لەبارەی ئاسۆی سیستمی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە کوردستان و کێشەی قوتابییە وەرنەگیراوەکان بەمشێوەیە دید و تێڕوانینی خۆی خستەڕوو.**



*** ئێوە وەکو ئەندامانی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا وەزیری خوێندنی باڵا و پەروەردەتان بانگهێشت کرد، کە بیانوویان نەبوونی شوێن و پسپۆڕ و کەمی بودجە بوو. بێگومان پەسندکردنی بودجە ئەرکی پەرلەمانە و زیاتر پێوەندی بە ئێوە هەیە. ئایا دەتوانن بڕگەکانی بودجەمان بۆ دیاری بکەن کە چەندی بۆ کڕینی کتێب و کردنەوەی پیشانگا تەرخانکراوە، هەروەك خودی وەزیر چوو بۆ میسر بە مەبەستی کڕینی کتێب. ئایا نەدەکرا زێتر لە ئینتەرنێت سوود لەسەرچاوەکان وەربگرن، ئایا ئەم کتێبانە چەندی لێدەخوێنرێتەوە یان مۆستا و قوتابی زیاتر ئینتەرنێت بەکاردەهێنن؟**

- بەداخەوە، لە بودجەی ٢٠٠٨ بەشی خوێندنی باڵا تەرخان کرابوو، ئەمەش بەشێکی بۆ مووچە و پاداشت و موحازەرات و .. تد ڕۆیشت، بەشێکی کەمیش بۆ نۆژەنکردنەوەی بیناکان تەرخانکرابوو نەك دروستکردنیان، هەروەها بودجەی دوو دیزاینیشی تێدابوو، ئەوانیش دیزاینی کەمپی زانکۆی سەلاحەددین تێچووی تەنیا دیزاینەکەی نزیکەی ٤ ملیۆن دۆلارە، بەشێکی لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ دابین کرابوو، ئەویتریان بودجەی دیزاینی زانکۆی سۆرانە، کەواتە لە بودجەی ٢٠٠٨ هیچ بابەتێك بۆ ئاوەدانکردنەوە و سەر لە نوێ دامەزراندنی هۆڵ و تاقیگە و نەخۆشخانەی فێرکاری دانەبڕابوو، بۆیە ئێمە بەڕەسمی نارەزاییمان دەربڕی لە راپۆرتی لیژنەی وەزارەتی پەروەردە بۆ هەردوو وەزارەت، بودجەی وەزارەتی پەروەردە تا رادەیەك زیاتربوو کە گەیشتە ١٦٪ چونکە ژمارەی قوتابخانە و کارمەندانی وەزارەتەکە زۆر زیاترە لە خەرجییەکانی زانکۆ. بۆ نموونە، نزیکەی ١٢٠٠٠٠٠ یەك ملیۆن و دوو سەد هەزار قوتابی هەیە لە هەموو قۆناخەکانی خوێندن، بەڵام ژمارەی قوتابییەکانی زانکۆ سنووردارە بۆیە ناتوانین بەراوردیان بکەین و بێجگە لە فەرمانبەرەکان ژمارەی مامۆستاکانیش نزیکەی ١٠٠,٠٠٠ سەد هەزار مامۆستا دەبێت کەواتە بودجەی وەزارەتی پەروەردەش کەمە هەرچەندە چوار ئەوەندەی بودجەی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەبێت. وەزارەتی دارایی لە وەڵامدا پێیان ڕاگەیاندین کە لەبەر ئەوەی بوودجەی سنووردارە، پێویستە هەموو وەزارەتەکان و پێداویستییەکانیان لەبەرچاو بگیرێ و ناتوانن بودجەی ئەم دوو وەزارەتە زیاد بکەن.

*** باشە نەدەکرا دیزاینی کەمپی زانکۆ بخرێتە سەر بودجەی حکومەتی فیدڕاڵ، چونکە کەمپەکە پرۆژەیەکی ساڵانی هەشتاکانە و حکوومەتی ناوەندی جێبەجێی نەکردووە؟**

- وا بزانم لەم ساڵانەی دواییدا ئەم پرۆژەیە خراوەتە روو و زانکۆی سەلاحەدین بە پەرۆشەوە بووە بۆ جێبەجێکردنی، بەڵام بەڕاستی ئێمەش نازانین هۆکاری دواکەوتنی بۆ مەسەلەی ماددی دەگەڕێتەوە، رەنگە بۆ ئەو ڕێژە زۆرەی بودجەکەیە کە لە بودجەی هەرێم جێگای نابێتەوە. ئەوانەی باسی گەندەڵی لە دیزاینی کەمپی زانکۆ دەکەن با بەڵگە و دەستهاوێژی پێویستمان بدەنێ.

*** بەبۆچوونی ئێوە بودجەی گشتی خوێندنی باڵا چەند دەبێت؟**

- وەزارەتی پەروەردە زۆرترین بودجەی هەبوو، بەڵام بودجەی خوێندنی باڵا یەکێك بوو لە کەمترین بودجەکان، بۆیە دەتوانم بڵێم خوێندنی باڵا پشتگوێخراوە، بێجگە لەوەی لە پلانی گشتیماندا پلانێکی تۆکمەمان نییە بۆ داڕشتنی بودجە و پەرەپێدان، دیارە لە ناو خودی وەزارەتیش پلانێکی ئەوتۆ نییە بۆ سەرمایەگوزاری و خۆ بەڕێوەبردن و پشت بەخۆبەستن، بەڵام هۆکاری سەرەکی بۆ کەمی بودجە دەگەڕێتەوە.

*** ئەی کڕینی ئامێر و کەلوپەل و ئامرازی تاقیگەکان، کە لەلایەن کۆمپانیایەکەوە سەرپەرشتی دەکرا، چەند بودجەی بۆ تەرخان کرابوو؟**

- ئێستا ژمارە و داتام لەبەردەستدا نییە، هەموو وەزارەتێك لە مانگی نوێ بودجەی خۆی پێشکەش دەکات بۆ ساڵی ئایندە بە گوێرەی پێداویستی، وەك چاککردنەوە و کڕینی کەلوپەل. وەزارەتی خوێندنی باڵا پێداویستییەکانی خۆی سەبارەت بە تاقیگەکان خستۆتە روو

چونکه بەردەوام پێویستیان پێی هەیە، بەڵام ئەو پارەیەی کە تەرخان دەکرێ چۆن دەگاتـــە وەزارەت و لەوێش چۆن خەرج دەکرێ ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێگای هەڵوەستەکردنە.

*** ئایا ئێمـــە تا چەند وردبینی هەیە لە دۆزینەوەی ئەو کەناڵانەی کەلوپەلەکانیـــان لێدەکڕن و چۆن دەکردرێ و لە دواییدا چۆن دابەش دەکرێ و تاچەندیش ســـوودی لێوەردەگیـــرێ و لەرووی کوالیتی و نرخەوە چەندە باش و گونجاوە؟**

- ئەمانـــە هەموویـــان پێداچوونەوەی زۆر وردیـــان دەوێ، ئەمەش نابـــێ کاری وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بێت، بەتەنیا ئەگەر هاووڵاتی و مامۆســـتا و قوتابی گومانیان لە کڕین و بەکارهێنانی کەلوپەلەکان هەیە بەشـــێوەیەکی نا دروســـت، پێویســـتە بە بەڵگەوە لایەنی پەیوەندیداری لـــێ ئاگاداربکەنەوە نەك بۆ لێدانی وەزیر یان وەزارەت، بەڵکو وەك هاووڵاتییەکی چاودێر کە پێویســـتە بە ئەرکی خۆی هەســـتێت، بۆ ئەوەی لیژنەی پەروەردە لە کەناڵە تایبەتەکانی خۆیـــەوە چاودێری بـــکات، بەڵام ئێمە ناتوانین راســـتەوخۆ بچینە نـــاو وردەکاریەکانی زانکۆ و کۆلیـــژەکان بزانین بۆندیان لەگەڵ کێ بەستووە؟ بۆ کارەکانیان بە باشـــی بەڕێوەناچێت، زۆر زەحمەتە وەك پەرلەمـــان بتوانین ئەم میکانیزمە پەیڕەو بکەین، بێجگە لەوەی ئێمە پەرلەمان هێشـــتا نوێین بۆ ئەوەی ئەم کارە بکەین، من خۆم بەردەوام چاودێری پەرلەمانەکانی جیهـــان دەکەم بۆ ئەوەی بزانم لیژنەکانیان چۆن کارەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن و چاودێری جێبەجێکردنی کارەکان دەکەن، بۆیە پێویستە هاووڵاتیانیش زۆر هاوکاریمان بکەن.

**• چ زانیارییەکـــت دەربـــارەی پرۆژەی "هاوای" پـــێ بڵێیت و ئایا بودجەکەی چەندە؟ ئەی هیچ بەدواداچوونێکتان بە دروســـتکردنی ٢٠٠ هـــۆڵ کردووە کە بئایا بەڕێزتان تـــا چ ڕادەیەك ئاگادارن لەو گرێبەســـتانەی کە لەگـــەڵ کۆمپانیای (Dell) بـــۆ کۆمپیوتەر کراوە؟**

- منش لە رۆژنامەکاندا هەندێك شتم دەربارەی کۆمپانیای (Dell) و چەند گرێبەستێك بەرگوێ کەوت، بەداخەوە رۆژنامەکانمان زۆرجار هەندێك شـــت دەماودەم لەســـەر زاری خەڵك دەنووسن و دەیکەن بە راپۆرتێك بێ هەبوونی بەڵگە، بۆیە ناتوانم هیچ لێدوانێك لەسەر ئەو بابەتە بدەم تاکو دیکۆمێنت و بەڵگەمان لەبەردەستدا نەبێت.

**• بەڵام وەك دەرکەوت وەزارەتی خوێندنی باڵا نە ئاماری هەیە و نە پلان و چارەسەری راستەقینەشـــی هەبوو بۆ کێشەی قوتابیان، ئایا بەڕای ئێوە ئەدائی ئەنجومەنی فێرکردنی باڵا باشتر نەبوو، کە تێیدا ســـەرۆك زانکۆکان دەسەڵاتێکی باشیان هەبوو، بە کەمترین خەرجی کار بەڕێوە دەچوو یان بوونی هەیکەلی ئێســـتای وەزارەت بەم هەموو خەرجییەوە؟**

- ئێمە ناتوانین بەراوردیان بکەین، چونکە لە ساڵانی نەوەدەکان کەئەو ئەنجوومەنە دامەزرا، کوردســـتان زۆر دواکەوتووتر بوو لە ئێستا، زۆر وێران بوو، شـــەڕی براکوژی و گرژییەکـــی زۆر هەبوو، دوو ئیدارە هەبـــوو، بۆیە من دەڵێم لەبەر ئەو هۆکارانە ئەویش زۆر ســـەرکەوتوو نەبووە، کە وەزارەت هات ئەوەش هاتە سەر هەموو ئەو وێرانکارییانەی کە کۆببوونەوە لەســـەر یەکدی لەهەمووشـــی وێرانتر مەسەلەی دوو ئیدارەیی بوو، لەبەر ئەوە بەشێکی زۆری تواناکانی کابینەی پێنجەم لە پێکەوە نووسان و لێکحاڵی بوون و موجامەلە و یەکگرتنەوە لەسەر میراتێکی وێران ســـەرف کرا، بەڵام نـــە ئەنجوومەنەکەی ڕابردوو نە ئەوەی ئێستاش، بەڵکو ڕێگای سێیەم هەیە ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کرد لە ئێستاوە دەســـت بەکار دەبین بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ چارەسەرکردنی کێشـــەکان لەساڵی داهاتوو، چونکە بۆمان دەرکەوت لەســـەر ئەو سیســـتەمە کۆنە نە وەزیر و نـــە ئەنجوومەنی وەزارەت دەرەقەتی ئەو کێشـــانە نایەن، بێ ئەوەی وەزارەت ئاگادار بێت بەشی ئێوارانی زانکۆی ســـۆران دەکرێتەوە و قوتابی لە هەموو ئاســـتێك وەردەگرێت و پارەیان لێ وەردەگرێت، دوای دوو ساڵ وەزارەت بە ئاگا دێت کە ئەم بەشـــانە یاســـایی نین دایان دەخات و زیانێکی ماددی زۆریش بـــە قوتابییەکان دەگات. بۆیە ئەم هەموو کێشـــانە ئێمەی گەیاندە قەناعەتێك کە ئێمە پێویستمان بە دانانی (بۆردی نیشتمانی) هەیە بۆ خوێندن یان پەروەردە و خوێندنی باڵا، کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ بە شـــارەزاییەکی زۆر لەم لیژنەیەدا دەبن، یەکەم مەرجیش کە ئێمە وەك لیژنەی پەروەردە دایدەنێین ئەوەیە کە پێویستە رابردووی پاك بێت، چونکە ئەگەر کەســـێك لەکاتی رژێم بە قەد زەڕەیەك خیانەتی کردبێت، جارێکی دیکە لەو بۆردەش خیانەت دەکات، بۆیە نابێ تەنیا یەك خاڵی نیگەتیڤی هەبێت، پێویستە ئەم بۆردە هەیئەتێکی زۆری هەبێت و ببێتە مەرجەعێکی زانســـتی و نیشـــتمانی، ئەو کەسانەی لەوێش کار دەکـــەن داهێنەر و نەزیە و بەتوانابـــن، ئێمە پێدادەگرین لەو مەرجانە، چونکە ئەو گرفت و بێ ســـەروبەریانەی ئێســـتا لە سیســـتەمی خوێندنی زانکۆدا هەن تەنیـــا وەزیر لێی بەرپرس نییە، بەڵام چارەسەرکردنی هۆکارەکانی ئەم گرفتانە سوودی بۆ وەزارەت و سەرۆکی زانکۆش دەبێت و بەشێکی زۆری کێشەکانی کەم دەبێتەوە، بۆ نموونە، ئێمە چەندین کێشـــەمان هەبوو لـــە کۆتاییدا وەزارەتەکان نەیانتوانی چارەســـەریان بکەن، بەڵام لە پەرلەمان چارەســـەرکران، کەواتە ئەگەر ئێمە ناچاربین هەمیشـــە بـــۆ پەرلەمان بگەڕێینەوە، بۆچی لە ئەنجوومەنێکی دیکەی تایبەتمەند دانەمەزرێنین کە وەزیر و ســـەرۆك و زانکۆکانیش تێدا بەشداربن لەگەڵ نوێنەرێکی لیژنەی پـــەروەدە و خوێندنی باڵا، ئەمانە بەیەکەوە و بە ئینســـافەوە دوور لە دەمارگرژی حزبی و نەتەوەیی و ئایینی سیاسەت بۆ خوێندنی باڵا و پـــەروەردە دابنێن و لە یەکە یەکەی کێشـــە و گرفتەکان بکۆڵنەوە. ئەگەر ئەو بۆردە دوور لە هەســـت و ســـۆز و بەشێوەیەکی ئەقڵانی کاربکات و لەلایەن ســـەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەســـەڵاتی پێبدرێت و سەرپەرســـتی کارەکانیان بـــکات، ئەوکاتە من دڵنیام لە ٨٠٪ی کێشەکانمان کەم دەبێتەوە.

**• ئایا بە غەدری نازانیت کە نزمترین کۆنمرەی وەرگرتن لە کۆلیژە پزیشکییەکانی دەرەوەی هەرێم ٩٢٪ بوو، واتە ئەگەر وانەکان جارانی ٧٪ بکەین دەکاتە ٦٤٤ هەرچەندە ئەوان ٦ وانەیان هەیە. لەبەرئەمەش بەدەستهێنانی دەرەجە بۆ ئەوان کۆششی کەمتری دەوێت لە قوتابیانی هەرێم. بە واژەیەکی دیکە دەکرێت ٩٢٥ی ئێرە بە بەرامبەری ٩٠٪ی ئەوان لێکبدرێتەوە؟**

- مـــن بە غـــەدری نازانـــم، بەڵکو ئـــەوە بە غـــەدر دەزانم کە لە کەشوهەوایەکی نا ئارام و پڕ لە تیرۆر دەژین، بەڵام ماوەی چەند ساڵە قوتابیانی ئێمە لە کەشـــوهەوایەکی ئارامدا دەژین لەهەرێم، وەزارەتی پەروەردە سیاسەتی خوێندن بۆ هەموان پەیڕەودەکات و خەڵك روویان لە خوێندن کـــردووە و ژمارەی خوێنـــدەوار و دەرچووانی ئامادەیی

●●●

**دیزاینی کەمپی زانکۆی سەڵاحەددین تێچووی تەنیا دیزاینەکەی نزیکەی ٤ ملیۆن دۆلارە**

●●●

●●●

**ئەوانەی باسی گەندەڵی لە دیزاینی کەمپی زانکۆ دەکەن با بەڵگە و دەستهاوێژی پێویستمان بدەنێ**

●●●

●●●

**وەزارەتی خوێندنی باڵا پێداویستییەکانی خۆی سەبارەت بە تاقیگەکان خستۆتە روو چونکە بەردەوام پێویستیان پێی هەیە، بەڵام ئەو پارەیەی کە تەرخان دەکرێ چۆن دەگاتە وەزارەت و لەوێش چۆن خەرج دەکرێ ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێگای هەڵوەستەکردنە**

●●●

زۆر بووە، و لە هەوڵی ئەوەدان پلەی بەرز بەدەست بهێنێت و بگاتە بەشە باشەکان، بێجگە لەوەی هەندێك هۆکاری نیگەتیڤیش هەیە کە پێویستە ئەوانیش بخەینە بەرچاو، لەوانەیە جۆری پرسیارەکانی پۆلی شەش ئاسانتربووبێت بۆیە قوتابیان نمرەی بەرزیان بەدەستهێناوە، هەروەها وانەی تایبەتیش بووەتە دیاردەیەکی زۆر بەربڵاو و ئەوەی بارودۆخی دارایی باش بێت بووتە نەریتێك مامۆستای تایبەت دەگرێت، ئێستاش بەشێکی زۆری خەڵك بارودۆخیان باشە، لەوانەیە لە بەغدا و ئەنبار ئەو دیاردەیە بەو شێوەیە نەبێت، واتە نە غەدرە نە کەموکوڕی. لەلایەك ئاماژەیەکی باشە کە خەڵك رووی لە خوێندن کردووە، ساڵانە ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی لە زانستی دەخوێنن دوو ئەوەندە زیادبێت، بێگومان چانسی ئەوانەی دەیانەوێ بچنە پزیشکی نیوە دەبێت و لەوانەش ژمارەیەکی زیاتر تێکڕای نمرەکانی لەسەرووی ٩٥ دەبێت.

**● لەو بڕوایەدانیت کە وەزارەتی خوێندنی باڵا هیچ پلانێکی ورد و ئامارێکی زانستی لەبەردەستدا نەبووە، کە بووە هۆی وەرنەگیرانی دە هەزار قوتابی، ئەمە لە کاتێکدا دەتوانرا بە تەمدیدی وەقت و زیادکردنی نیساب ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت؟**

- پێموایە هۆکاری سەرەکی مانەوەی ئەو ڕێژە زۆرەی قوتابیان ئەوەیە، کە خەڵکێکی زۆر لە هەموو تەمەنەکان روویان لە خوێندن کردووە، ئەوانەی دابڕان جارێکی دیکە خەریکی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەن، ئەمە یەکێك بوو لە هۆکارەکانی زیادبوونی قوتابی پۆلی شەش، بەڵام لەبەر نەبوونی پلانی گشتی لە حکومەت ئەم کێشەیە سەریهەڵدا، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە تێکهەڵکێشە و هەموو وەزارەتەکانیش پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە بەتایبەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە و تەندروستی و کشتوکاڵ و پیشەسازی و ئەوانی دیکەش. بۆ نموونە، کە پیشەسازی دەکرێتەوە بۆ کێیە؟ کێ سیاسەتی پیشەسازی دادەنێت بێگومان وەزارەتی پیشەسازییە، بەڵام وەزارەتی پیشەسازی کادر لە کوێ پەیدا دەکات یان لە خوێندنی باڵایە یان لە پەروەردە، ئەو کێشانەی لە وەزارەتی تەندروستی روویاندا لەگەڵ قوتبایان گوناهەکەی ناکەوێتە سەر ئەستۆی وەزیری تەندروستی بەتەنیا، قوتابییەکان ماوەی ١٢ ساڵ لە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردەدا بوون، بۆیە کاتێك دەگەنە ئەو قۆناخە لە رووی پەروەردەییەوە لەبەر دواکەوتوویی سیستەم لەو ئاستەدا نییە کاتێك کە قوتابی دەچێتە کۆلیژ و دەڵێن ئیلتیزامی نییە ئەم جارە دەڵێن خوێندنی باڵا زانیاری تەواوی پێنەداوە و فێری ئەوەشی نەکردووە هەست بە بەپرسیارێتی بکات لە بەرامبەر زانستەکەی، لەبەرئەوە کە دکتۆر زریان دەڵێ: پزیشکەکانم هەست بە بەرپرسیاریەتی ناکەن و ئیلتیزامیان نییە و ناچنە شوێنە دوورەکان بۆیە جارێ بە گرێبەست دایاندەمەزرێنم و لە دواییدا کە تەئهیل بوون ئینجا دادەمەزرێن.. ئایا ئیلتیزام نەکردنی پزیشکەکان تەنیا گوناهی وەزارەتی تەندروستییە یان گوناهی ئەو باکگراوەندەیە کە قوتابییەکە لەو ڕێگایەوە هاتووە بۆتە پزیشك، کەواتە ئەمانە هەموویان تێکەڵکێشن و پێویستە ئێمە سیاسەت دابنێین، بەلایەنی کەمەوە ساڵانە بێت، ئێمە ئەو پلانە گشتییەمان نییە، بەڵام ئەگەر بۆردە نیشتمانیەکەمان پەیڕەو کرد ٨٠٪ ی کێشەکانمان بە کێشەی وەزارەتی تەندروستیشەوە، تەنانەت دەبێ لە قۆناخی سەرەتاییەوە دروست بکرێت بە هۆشیاری زانستی و بایۆلۆژی و جێندەری و پاکوخاوینی و...تد. ئەوکات وەزارەتی پەروەردە ئەگەر ویستی ئەمانە پەیڕەو بکات ناچارە بگەڕێننەوە بۆ وەزارەتی تەندروستی بە هەمان شێوە لەگەڵ وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی بێگومان بەهەماهەنگی نێوانیان وەزارەتەکان دەتوانن سوود لە تواناکانی یەکتری وەربگرن، هەروەها دەکرێ کەرتی تایبەت و وەزارەتی پەروەردە هەماهەنگی بکەن، هەر وەزارەتێك بۆ خۆی پلان و کار دادەڕێژی، وەزارەتی پلاندانان نەیتوانییوە پلانێکی گشتی بۆ هەموو کەرتەکان دابڕێژی.

**●بەڵام وەك دەزانرێ پەیمانگاکانی مامۆستایان ساڵانە هەشت هەزار قوتابی لێدەردەچوو و دەرەنجامی باشی هەبوو، بەڵام سەرنج دەدەین ئێستا بۆتە فەوزا و کێشەکە هەر ماوەتەوە و حەوت هەزار قوتابی وەرنەگیراوە، بێئەوەی هیچ چارەسەرێکی کۆنکرێتیش لە ئارادابێت؟**

- ئێمە نابێ تەسلیمی فەوزا بین و کێشە بە کێشە چارەسەر بکەین، ئەگەر ئەو حەوت هەزارە ئارام بگرن و ئەو بەڵێنانەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و پێنج وەزیرەکە داویانە جێبەجێ بکرێن دڵنیابن هەموو کێشە چارەسەر دەکرێ، بەڵام تا چەند داویانە جێبەجێ بکرێن، دڵنیابن هەموو کێشە چارەسەر دەکرێن بەڵام تا چەند پابەندی پلاندانان دەبن و بەخێرایی کاردەکەن، چونکە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بەڵێنیداوە سەنتەری ئای تی و ئینگلیزی بکاتەوە لە دهۆك و هەولێر کە بریتییە لە خولی پیشەیی و ژمارەیەك لەو قوتابیانە وەردەگرێت، وەزیری دارایش کۆمەڵێك گرفتی زانکۆ و پەیمانگاکان چارەسەر دەکات. دکتۆر مەدحەت بە سوپاسەوە ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ وەرگرتنی ٢٥٠٠ قوتابی لە پەیمانگای تەکنیکی و شیفتی ئێواران بکەنەوە، ئێستا وەزیری پەروەردە ناتوانێت هیچ شتێك بۆ ئەو دە هەزارە بکات، چونکە فشارێکی زیاتری لەسەرە، نزیکەی ٥٠٠٠ هەزار دەرچووی پەیمانگای هەیە لە چەمچەماڵ و قەڵادزێ و زاخۆ بەڵێننامەشیان لێوەرگیراوە، پێوسیتە سیاسەتێك دابنێین بە گوێرەی ئەوەی ئێمە پێویستمان پێی هەیە نەك تەسلیمی خۆپیشاندانەکانی خەڵك بین، لێرەدا پێویستە پێتان بڵێم ئەو دە هەزارە کێن:

١- غەدر کراوە لەونەی تێکڕایی نمرەیان ٦٠-٦٥ وێژەییە، چونکە لە رێنماییەکانی وەرگرتن نووسراوە ئەوانەی نمرەکانیان لە ٦٠ بەسەرەوەیە دەگەنە زانکۆ ئەمەش بووتە هۆکاری ئەو قوتابیانە بەتەواوی تێنەگەینرێن، بۆیە هەرچۆنێك بێت دەبووایە تا ٦٠ وەرگیرابا جێگاشیان هەبوو، بەڵام حکومەت و وەزارەتی خوێندنی باڵا بەرپرس نییە لەوانەی نمرەکانیان لە خواری ٦٠ بووە.

٢- دەبووایە بیریان لەو خۆپیشاندانانە نەکردبوایەوە، چونکە خەڵك تووشی شوك دەبێت، کە بۆ یەکەمجارە ئەم هەموو قوتابییەی پۆلی شەش رێگایان پێنادرێت بچنە زانکۆ و ئەگەر وەری ناگرن، ئەی بۆچی فۆرمت پێداون، بەداخەوە نە خەڵك هۆشیار بوو و نە هەماهەنگش لە نێوان وەزارەتەکان هەبوو، میکانیزمێکی وا دانانرێ کە خەڵك دژی نەوەستێتەوە، بۆنموونە بۆ ساڵی داهاتوو نزیکەی ٢٠ هەزار کەس تەقدیمیان کردووە ئەگەر وا بڕوات ساڵی داهاتوو ژمارەکە زیاتر دەبێت لە ٢٠ هەزار کەس و بەمەش قەیرانەکە گەورەتر دەبێت، پێویستە لە ئێستاوە وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا قوتابیان هۆشیار بکەنەوە لە رێژەی وەرگرتن و پێویستە ئەو ڕێژەیەش دیاری بکرێت.

**●●●**
**بۆمان دەرکەوت لەسەر ئەو سیستەمە کۆنە نە وەزیر و نە ئەنجوومەنی وەزارەت دەرەقەتی ئەو کێشانە نایەن**
**●●●**

**●●●**
**ئێستا وەزیری پەروەردە ناتوانێت هیچ شتێک بۆ ئەو دە هەزارە بکات، چونکە فشارێکی زیاتری لەسەرە، نزیکەی ٥٠٠٠ هەزار دەرچووی پەیمانگای هەیە لە چەمچەماڵ و قەڵادزێ و زاخۆ بەڵێننامەشیان لێوەرگیراوە**
**●●●**

**●●●**
**چەندین کێشەمان هەبوو لە کۆتاییدا وەزارەتەکان نەیانتوانی چارەسەریان بکەن، بەڵام لە پەرلەمان چارەسەرکران**
**●●●**